منداڵ فێرمەکە، هەلی بۆ بڕەخسێنە.
"ژان بیاژێ"

هەل ڕەخساندن بەشێکە لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن، لەوێوە هەنگاوەکانی فێرکردنی منداڵ دەست پێدەکات، وەک پرۆسەیەکی پەروەردەیی درێژخایەنی بەردەوام، بۆیە تا هەل بۆ منداڵ نەڕەخسێنرێت ناتوانرێت دەست بە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنیش بکرێت.

سەرپەرشتی زانستی : سالار جەلال ئەحمەد
سەرپەرشتی هونەری : عوسمان پیرداود کواز
خالد سلیم محمود
تایپکردن : شڤان سابیر عولا
نەخشەسازی بەرگ : عوسمان پیرداود کواز
نەخشەسازی ناوەرۆک: شڤان سابیر عولا

چاپی یەکەم، ژمارەی سپاردن (٤٠٩)، ٢٠١٩، تیراژ: ٥٠٠٠دانە، نرخ: ١٧٥٠دینار
لە چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە لە هەولێر چاپکراوە

# پەروەردەی هونەر
# بۆ پۆلی یەکەمی بنەڕەت

ڕێبەری مامۆستا

# پەروەردەی هونەر
# بۆ پۆلی یەکەمی بنەڕەت

## ڕێبەری مامۆستا

ئامادەکردنی
م. خەلیل عەلی عەبدوڵا

پێداچوونەوەی زمانەوانی

پ.ی.د. عەباس مستەفا عەباس
پ.ی.د. عەتا ڕەشید حسێن
د. شێروان حسێن خۆشناو

پێداچونەوەی زانستی

د. قادر حسێن ساڵح

# ناوەرۆک


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ٨ |
| پێشکار | ٩ |
| پەروەردەی هونەر | ١٠ |
| متمانەو دڵنیایی مامۆستا بۆ قوتابی پێویستە | ١٢ |
| مەبەست لە ڕەفتار چییە؟ | ١٣ |
| تەواوکاری لە پرۆسەی پەروەردەدا چییە؟ | ٢٠ |
| ڕۆشنبیری بینگەیی (بینین) و کاریگەرییە پەروەردەییەکانی | ٣٠ |
| مندالٚ و داهێنان | ٣٣ |
| پێکهاتەکانی داهێنان و بیرکردنەوەی داهێنەرانە | ٣٥ |
| مامۆستا و داهێنان | ٣٨ |
| ئاستەنگەکانی داهێنان و بیرکردنەوەی داهێنەرانە | ٤٤ |
| وانەی هونەر بۆ پۆلی یەکەم | ٤٩ |
| قۆناخەکانی دابەشبوونی هونەری مندالٚ لای (ڤیکتۆر لۆنفیلٚد) | ٤٩ |
| کاریگەری پەروەردەی هونەر، لە گەشەپێدانی کەسێتی مندالٚ | ٥٨ |
| گرنگی پەروردەی هونەر بۆ مندالٚ | ٦١ |
| تاقیکردنەوە | ٦٣ |
| خشتەی پێشنیارکراوی پلاندانان بۆ مامۆستا | ٦٧ |
| بیرهێنانەوە | ٧١ |
| تەوەری یەکەم | |
| هونەری دەربڕینخوازی | ٧٦ |
| وانەی یەکەم | |
| وەرزی پاییز | ٨١ |
| وانەی دووەم | |
| نیگارکێشانی ئازاد | ٨٦ |
| تەوەری دووەم | |
| ڕەنگکردن | |
| وانەی یەکەم | |

| | |
|---|---|
| مۆنۆتایپ | ٩٢ |
| وانەی دووەم | |
| نەخشەسازی و پڕکردنەوە | ٩٥ |
| وانەی سێیەم | |
| چەند گەمەیەک لەگەڵ شێوەو ڕەنگدا | ١٠١ |
| تەوەری سێیەم | |
| کاردەستی | |
| وانەی یەکەم | |
| کارکردن بە بەرهەمە ڕووەکییەکان | ١٠٥ |
| وانەی دووەم | |
| لکاندن (کۆلاج) | ١٠٨ |
| وانەی سێیەم | |
| بەکارهێنانەوە | ١١٣ |
| وانەی چوارەم | |
| داوکاری (تەون) | ١٢٠ |
| وانەی پێنجەم | |
| هەویرکاری | ١٢٧ |
| فەرهەنگۆک | ١٣٢ |
| سەرچاوەکان | ١٥١ |

## پێشەکی

مامۆستای بەڕێز، ئەم پرۆگرامە جیاواز لە پرۆگرامە هونەرییەکانی تر دەردەکەوێت، هۆکارەکەشی ئەوەیە، کە قوتابی یەکەمجارییەتی بەرکەوتەی لەگەڵ قوتابخانەو مامۆستادا دەبێت و دێتە ژینگەیەکی تەواو جیاواز، کە لەمەوپێش نەدیتویەتی و نەپێشیدا ڕەتبووە، چونکە ڕووبەڕووی کۆمەڵێک لێپرسینەوەو داواکاری و هەندێک زانیاری نوێ دەبێتەوە، کە لەمەوپێش نەبیستونی، نە پێشی سپێردراوە.

کەواتە، لێرەدا ئەرکی مامۆستا قورسترەو پێویستە ئەم پرۆگرامە، وەک کەرەستەیەکی فێرکاری مامەڵەی لەگەڵدا نەکات، بەڵکو تەنها وەک گەمەیەک لێی بڕوانێت و دواتر هێدی هێدی قوتابییەکە بە وانەکە ئاشنا دەبێت و لە کۆتاییشدا تێدەگات، کە مامۆستا دەیهەوێت جگە لە بەرهەمهێنانی کارێکی هونەری، مەبەستییەتی کاتێکی خۆش و پڕ لە ئارامیش لەنێو پۆلدا لەگەڵ قوتابییەکان بەسەر بەرێت، جا لەم پرۆگرامەدا هەوڵدراوە کار لەسەر چالاکییەکان بکرێت و دواتریش بۆ سەرخستنی کارەکەش زانیاری ڕوونتر خراوەتە بەردەست.

هەروەها نابێت ئەوە فەرامۆش بکرێت، کە لەم پرۆگرامەدا ڕەچاوی ئەو منداڵانەش کراوە، کە بە قۆناخی باخچەی منداڵاندا ڕەتبوون و پەڕیوونەتەوە بۆ پۆلی یەکەمی بنەڕەت. لەهەمانکاتیشدا ڕەچاوی ئەو منداڵانەش کراوە، کە بە قۆناخی باخچەی منداڵاندا ڕەت نەبوون و ڕاستەوخۆ لەپۆلی یەکەم دانراون، جا ئەوەی لێرەدا جێگەی بایەخبێت بۆ مامۆستا ئەوەیە، کە چۆن هاوسەنگی لەنێوان ئەو دوو جۆرە منداڵانەدا ڕادەگرێت و مامەڵەیەکی ڕاست و دروستیان لەگەڵدا ئەنجام دەدات.

هەروەها چالاکییەکان سادەو ساکارن و دەبێت هەربەو شێوەش بمێننەوەو نابێت لە قوتابییەکان ئاڵۆز بکرێن، هەروەها پێویستە مامۆستا هەوڵبدات زانیاری خۆیشی بخاتە سەر زانیارییەکان بەو مەرجەی زانیارییەکان لەئاست تواناو ژیری قوتابییەکاندابێت و پێی وانەبێت، کە پێویستە منداڵەکان دەبێت هەمووشت بزانن، چونکە ئەوە بزانە ئەم پرۆگرامە تەنها بەشێکە لە پرۆسەکەو لە پۆلەکانی تردا بەشە تەواوکارییەکەی تر دەخوێنن و پێویست بە پەلە پەل ناکات، چونکە ئەگەر وابکرێت ئەوا بێگومان سەر لە قوتابییەکان دەشێوێت و پرۆسە هونەرییەکە لە ڕێچکەی خۆی لادەدات و لەکۆتاییشدا ناگاتە ئەو ئامانجەی بۆی دیاریکراوە.

کەواتە پشوودرێژی و ڕەچاوکردنی تەوەرەکانی نێو پرۆگرامەکە پرۆسەکە بەرەو پێشەوە دەبات و لە کۆتاییشدا بەرئەنجامێکی پوخت و باش چنگ دەخات.

م. خەلیل عەلی

## پێشکار:

ئەم پڕۆگرامە گرنگی بە قۆناخێکی دیاریکراوی تەمەنی منداڵ دەدات و هەوڵـــدەدات کێشـــەو حەزەکـــانی منـــداڵ بەردیـــدە بگرێـــت و گرنگـــی بە ئارەزووەکـانی منـداڵ بـدات. ئەوەی لێرەدا بـۆ مامۆسـتا زۆر بەسـوودە ئەو منداڵانەن، کە لە باخچەی منداڵانەوە هاتوون و لە مەبەستی کارەکە تێدەگەن و دەزانن مامۆستا داوای چییان لێدەکات؟ ئەگەر نا، ئەوا پێویستە مامۆستا «پڕۆگرامـی پەروەردەی هـونەر بـۆ بـاخچەی منداڵان – ڕێبەری مامۆسـتا» بخوێنێتەوەو بزانێت ئەو منداڵانەی بە باخچەدا ڕەت نەبوون، پێویسـتیان بە چییەو دەبێت چیـان بـۆ بکرێـت؟ ئەمەش وەک تێکەڵاوکـردن و پێکگـرتن و لێکبەستنی هەردوو پڕۆگرامەکە (باخچە و قۆنـاخی یەکەمـی فێرگە) یە، بۆیە پێویسـتە مامۆسـتا هەوڵبـدات هەردووک پڕۆگـرامەکە بخـوێنێتەوەو بەرچـاو ڕوونییەکی لا دروستبێت، پاشان لەسەر ئەو پلانە بەرنامەی تەواو بـۆ خـۆی دابنێـت. لە ســەرەتادا ئەم پڕۆگــرامە لە جێبەجێکردنــی هەنگــاوی یەکەمــی مامۆستادا کەمێک سەختی پێوە دیار دەبێت، بەڵام دوای ڕاهاتن و تێگەیشتن لە مەبەسـتی داواکـراو، ئەوا هێدی هێدی مامۆسـتا دەسـت لەگەڵ بابەتەکـان نەرم دەکات و زۆر ئاسان دەتوانێت بیگەیەنێتە منداڵەکان و چێژ بەخشـبێت. بێگومان، منداڵیش بەدوای کـاری تـازەو نـاوازەدا دەگەڕێـت، ئەم پڕۆگـرامەش پڕیەتی لەکاری تازەو لەگەڵ توانستی منداڵدا دیتەوە، چونکە هەڵسـەنگاندن بۆ هەرسێ لایەنی گەشـە کـراوە (لەشـەکی، ئەقڵـی، کۆمەڵایەتی) چالاکییەکان لە ئاســت توانــای گەشـــەی لەشـــەکی و ئەقڵـی منـداڵەکەدایەو بـواری گەشـەی کۆمەڵایەتی منداڵەکانیش فەرامۆش نەکراوە.

مامۆستا سـەرەتا پڕۆگرامەکە دەخـوێنێتەوە، تـا لە ئاسـتی تواناکـانی ئەم تەمەنەی منداڵ تێبگـات و ڕێنیشـاندەری دەکرێـت بـۆ گەیشـتن بەو ئامـانجەی بــۆی دیـــاریکراوە. هەنگـــاو بە هەنگـــاو پێهەڵـــدەگرێ لەگەڵ منداڵەکانـــداو ئاڕاستەیان دەکات و گوێبیستی بیرو بۆچوونەکانی منداڵەکان دەبێت، پاشـان لەگەڵ تێگەیشتن لە ئاست و ویستی منداڵەکان، مامۆستا تێدەگات و دەزانێت چـی دەکـات؟ چـۆن دەکـات؟ بە چـی دەیـان کـات؟ کـات و شـوێنی گونجـاو هەڵدەبژێرێت بـۆ سـازکردنی چالاکییەکانی و گەیاندنی پەیامە هونەرییەکەی بە شێوەیەکی ڕاست و دروست.

## پەروەردەی هونەر Art Education

پێویستە، لێرەدا لەسەر دەستەواژەی پەروەردەی هونەر هەڵوەستەبکرێت و ئەرک و فرمانەکانی ڕوونبکرێنەوە، تا لەکاتی وانە کردارەیەکاندا مامۆستا بە هەڵەدا نەچێت و تێبگات چۆن دەکات؟ بۆچی دەیکات؟ جا لەبەر ئەوە دەستنیشانکردنی ئامانج لە کارەکەدا، ئەرکێکی گرنگی تەواوی پرۆسەکەیەو نابێت فەرامۆش بکرێت. کەواتە پەروەردەی هونەر چەندین واتاو ئەرک و ڕاڤە لەخۆدەگرێت و لێرەشدا هەندێک لەو وردەکاریانە ڕووندەکرێتەوەو دەخرێنە بەردەستی مامۆستای خۆشەویست.

کەواتە پەروەردەی هونەر، گەشەپێدانی ڕەفتاری تاک و گۆڕینییەتی بەرەو ئاڕاستەی بەسوودی جۆراوجۆر، ئەمەش بەگونجاندن لەگەڵ توانا خۆیی و ئامادەباشییەکانی تاک دەبێت لەگەڵ ئەم پرۆسەیە، ئیدی ئەم پرۆسەیەش کاریگەری بەسەر تەواوی لەش و ئەقڵ و مەزاج و تاوگیری و لایەنە هونەرییەکەوە بەجێدەهێڵێت.

هەربۆیە گۆڕین، یان گۆڕانکاری لە ڕەفتاری منداڵدا، دەرئەنجامی ئەو کارامەییە بەدەستهاتووەیە، کە لەڕێگەی فێربوونەوە بەدەستیهێناوە، جا جۆری فێربوونەکەش کاریگەری بەسەر منداڵەکەوە بەجێدەهێڵێت، ئەگەر فێربوونەکە باش بوو، ئەوا بێگومان ئەنجامی باشی دەبێت، بەڵام ئەگەر فێربوونەکە خراپ بوو، ئەوا بەدڵنیاییەوە کاریگەری خراپ لەسەر ڕەفتارەکانی منداڵەکە بەجێدەهێڵێت. لەم ڕووەشەوە ‹فینکس›پێی وایە پەروەردە شتێک نییە بەچاو ببینرێت، بەڵکو پرۆسەیەکە لەڕێگەی کارو کرداری چالاکییەوە هەستی پێدەکرێت. کەواتە دەتوانرێت بگوترێت پرۆسەی پەروەردە بەستراوەتەوە بە چالاکییەوە، لەبەرئەوە پێویستە منداڵ بە پرۆسەی چالاکیدا تێپەڕێت.

بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم بۆچوونەش، فەیلەسوفی فەڕەنسی (ئۆگێست کۆمت) پێی وایە، کە ‹ئەزموون فێرمان دەکات›. کەواتە بە پێی بیروبۆچوونی ئەم فەیلەسوفە بێت مرۆڤ لەڕێگەی تاقیکردنەوەو جێبەجێکردندا دەتوانێت ئەزموون وەربگرێت و سوودی لێوەربگرێتەوە لە ژیانی ڕۆژانەیدا.

بۆیە ئەوەی بۆ مامۆستای پەروەردەی هونەر لەم پرۆسەیەدا زۆر گرنگ و شایەنی لالێکردنەوەیە ئەوەیە، کە بزانێت پرۆسەی «کردارەکی» (عملی) پرۆسەیەکی گرنگ و پڕ بەهایەو نابێت فەرامۆشبکرێت، بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم بۆچوونەش تێزەکەی «ولیام گلاسەر» بە نموونە دەهێنینەوە، کە پێی وایە: مرۆڤ فێردەبێت و هەستی پێدەکات لەڕێگەی ١٠% ئەوەی دەیخوێنێتەوە، ٢٠%ی لەوەی دەبیستێت، ٣٠% لەوەی دەیبینێت، ٥٠% لەوەی دەیبیستێت و دەیبینێت، ٧٠% لەوەی گفتوگۆی دەکات لەگەڵ کەسانی تردا، ٨٠% لەوەی تاقیدەکاتەوە، ٩٥% لەوەی لەکەسانی ترەوە فێردەبێت. کەواتە، ئەگەر ئەم پێوەرە بەهەند وەربگیرێت ئەوا بێگومان دوو بەشی کۆتایی پێوەرەکە گرنگترین و بەرزترین ڕێژەی خاڵەکانە، کە لە ٨٠% منداڵ فێردەبێت لەڕێگەی تاقیکردنەوەوە(ئەزموونکردن). هەروەها ڕێژەکەی تریش کە ٩٥% لەکەسانی ترەوە فێردەبێت، بۆ ئەم کارەش تەنها مامۆستاو هاوڕێکانی منداڵەکەن، کە دەبنە سەرچاوەی زانیارییەکان.



منداڵ زیاتر لەڕێگەی وانە کردارەکیانەوە فێردەبێت

کەواتە ئەرکی مامۆستا لەم پرۆسەیەدا دەردەکەوێت، کە چۆن پێویستە زانیارییەکان بگەیەنێتە منداڵەکان؟ یان گروپکاری پێکبهێنێت و منداڵەکان بخاتە گروپەوەو دواتر کاریان پێ بسپێرێت و خۆیشی چاودێریان بکات و ڕێنماییان پێ بدات و سەرپەرشتی تەواوی پرۆسەی کارکردنەکە بکات. ئیدی لێرەوە منداڵ هەست بە دڵنیایی زۆرتر دەکات.

## متمانەو دڵنیایی مامۆستا بۆ قوتابی پێویستە

منداڵ لە تەمەنی (٥ بۆ ٦) ساڵی زۆرترین کات پێویستی بە دڵنیایی هەیە، چونکە کەشێکی وای بۆ ڕەخساوە، کە لەمەوپێش نەکردوویەتی و نە پێشیدا ڕەتبووە، جگە لەو منداڵانەی، کە بە قۆناخی باخچەی منداڵاندا ڕەت بوون و هاتوونەتە پۆلی یەکەمی بنەڕەت. ئیدی لێرەدا پێویستە مامۆستای پەروەردەی هونەر متمانەی زۆر لای منداڵەکان دروست بکات لە ڕێگەی:

١. سازدانی گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵ منداڵەکان.
٢. بەپیرەوەهاتنی منداڵەکان لەکاتی کارکردن و پرسیارکردندا.
٣. وەڵامدانەوەی هەرپرسیارێک، کە منداڵەکان ئاڕاستەی مامۆستای دەکەن.
٤. ڕەخساندنی بواری یەکسان بۆ هەمووان.
٥. ڕەچاوکردنی هەست و سۆزی منداڵ.
٦. ڕێزگرتن لە بیرو بۆچوونی منداڵ.
٧. تێکەڵبوون و هاوڕێگرتن لەگەڵ منداڵ، بەومەرجەی لە سنووری ڕێزگرتن تێنەپەڕێت.
٨. پێکەنین بەدەم منداڵەکان و مامۆستا نابێت مۆن و ڕوو گرژبێت.
٩. بەکارهێنانی زمانێکی گفتوگۆی پڕ لەڕێز، وەک ‹شنۆ›خان ویستت پرسیارێک بکەیت؟ کاکە ‹ڕۆژگار› پێویستت بە هیچ نییە؟
١٠. گەڕان و ڕەتبوون بەنێو پۆلەکەدا و جار جارەش لە وێستگەیەک بوەستەو گرووپێک بەسەر بکەوە.


قوتابی لەپۆلی یەکەمی بنەڕەتیدا پێویستی زیاتری بە دڵنیایی مامۆستا هەیە

لەڕاستیدا، ئەم شێوازی ڕەفتارکردنە لە لایەن مامۆستاوە وا دەکات دڵنیایی زۆرتر لەلای منداڵەکان دروست بکات و هێزی متمانە بەخۆبوونیشیان لەلا گەشە پێبدات. دواتریش وا لە منداڵەکان دەکات فێر ببن، کە یاسای ‹ڕێز بەرانبەر ڕێز› پەیڕەو بکەن، بەمەش پرۆسەی وانەگوتنەوەکە گوژمێکی باش بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێت و پرۆسەی بەکۆمەڵایەتی بوونیش قۆناخێکی باش دەبڕێت، جا ئەوەی

بۆ مامۆستا گرنگ و شایەنی هەڵوەستە لەسەر کردن بێت، وتەکەی «ژان بیاژێ»ی بیرمەندە، کە دەڵێت: ‹منداڵ فێرمەکە، هەلی بۆ بڕەخسێنە›.

بۆیە مامۆستای پەروەردەی هونەر هێندەی مەبەستییەتی ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکانی منداڵ لەڕێگەی پەروەردەی هونەرەوە بگۆڕێت، هێندە مەبەستی فێرکردنی کارێکی هونەری نییە، چونکە ئەوە ئامانجە سەرەکییەکە نییە، بەڵکو ئامانجی سەرەکی چاک کردن و ڕێک کردن و باشتر کردنی ڕەفتارو کارامەیی منداڵە لەکاتی مامەڵەکردن و چالاکی نواندندا، جا لەگەڵ هەر چالاکییەکیشدا هەڵسەنگاندن ئەنجام دەدات، تا بزانێت ئەو ئامانجەی مەبەستی بووە پێکراوە، یان نا؟



منداڵ زیاتر لەڕێگەی دەستلێدانەوە فێردەبێت

## مەبەست لە ڕەفتار چییە؟

ڕەفتار، بریتییە لە هەموو کارێک، یان کردارێک، کە تاک ئەنجامی دەدات، جا ئەم کردارە زانیاری، یان کارامەیی، یان دەروونی بێت، پاشان دەتوانرێت چاودێری ئەم ڕەفتارە بکرێت لە ڕێگەی سەرنجدان، یان

هەستپێکردنەوەو دواتریش پێوانەو هەڵسەنگاندن و نرخاندنی بۆ بکرێت.

بەڵام ‹گۆڕانکاری›، بریتییە لەو گۆڕان و هەوڵانەی، کە فێرخواز هەوڵی بۆ دەدات و لە ڕێگەی بەدەستهێنانی زانیارییەوە پلەکانی فێربوونی زیاد دەکات، ئەمەش لەژێر کاریگەرییە جیاوازو جۆراوجۆرەکانەوە وا دەکات کەسێکی جیاواز دەربکەوێت، لەگەڵ هەموو ئەو پێکهاتە گۆڕاوانەی، کە لە ڕێگەی پەیوەندییە دەرەکی و ناوخۆییەکانییەوە بەدەستی هێناون. ئیدی دواتر پڕۆسەی ‹گەشە› دەستپێدەکات. **گەشەش**، بریتییە لە گۆڕینی شتێک بۆ شتێکی تر، یان گۆڕینەوەی پێکهاتەیەک بۆ پێکهاتەیەکی تر، یان گواستنەوەو لێزیادکردنی دۆخێک بۆ دۆخێکی تر، زۆربەی کاتیش ئەم گۆڕانکاریانە لەڕێگەی ڕێکخستنە ناوخۆییەکانەوە ئەنجام دەدرێن.

کەواتە مامۆستا منداڵ فێر دەکات چۆن هەوڵ بدات و کۆشش بکات؟ تا ڕەفتارو ئاکاری بەرەو باشتر بگۆڕێت و دواتر هاوکاری و پشتیوانی منداڵ دەکات، تا هەست و هۆش و دەروونی بچەسپێنێت و بڕواو متمانە بەخۆبوونی زیاد بکات، تا ئەوەی هەستی پێدەکات و گوێبستی دەبێت لە باشەو دواتر لە دڵ و دەروونیدا جێگیری بکات و پاشان لە کردارەکانیدا ڕەنگی پێبداتەوە، چونکە ئەوەی کاریگەری لە ڕەفتار دەکات هەستەکانن، هەر ئەوانەشن لێیانەوە فێردەبێت و پاشان کاریان پێدەکات.



مامۆستا قوتابی ئاڕاستە دەکات لە باشترەوە بۆ باشترین

لێرەدا ئامانجی پەروەردەی هونەر باشتر ڕووندەبێتەوەو مامۆستاش تێدەگات، کە ئامانجی پەروەردەی هونەر، بریتییە لە گۆڕینی ڕەفتاری منداڵ بە شێوەیەکی دڵخوازانەو ئەوەش لەڕێگەی پڕۆسەی وانەگوتنەوەدا ڕوودەدات مەرجیش نییە هەموو وانە گوتنەوەیەک سەرکەوتن

بەدەستبهێنێت، ئەگەر ڕۆژانە هەڵسەنگاندن بۆ وانەکە نەکرێت و کەم و کورتییەکانی دەستنیشان نەکرێن. لە کۆتاییشدا پێویستە چارەسەری گونجاو بۆ تەواوی پرۆسەکە بدۆزرێتەوە، چونکە پێویستە لە پێش هەموو شتێکدا مامۆستا بە پلانەکەی، ئنجا بەخۆیدا بچێتەوەو بزانێت ئایا توانیویەتی ئەو ئەرکەی بۆی دیاریکراوە جێبەجێی بکات، یان تا چەند توانیەتی سەرکەوتووبێت لە جێبەجێکردنیدا؟ جا ئەگەر ئەم هەڵسەنگاندنە بۆ وانەکە، ئنجا بۆ مامۆستاکە ئەنجامدرا؟ ئەوا ڕووندەبێتەوە کەم و کورتییەکان لەکوێوە سەریان هەڵداوەو لەکوێوە چارەسەردەکرێن.



پلانی باشی مامۆستا هەمیشە بیرۆکەی نوێ لەلای قوتابی دروست دەکات

شایانی باسە، کاتێک خاڵی لاوازی وانەکە زۆردەبن، یان ئاستی جێبەجێکردن وەک پێویست نییە، پێویستە مامۆستا هەست بە شەرمەزاری نەکات، بەڵکو ئەوەی لێرەدا جێگەی شانازییە بۆ مامۆستا ئەوەیە، کە خاڵە لاوازەکان دەستنیشان بکات و دواتریش بە بیرکردنەوەو تێڕامانی خۆی چارەسەری کێشەکان بکات و پلانی جێبەجێکردن بە بێ دوودڵی بگۆڕێت و پلانێکی باشترو گونجاوتر بۆ وانەکەی دابنێت، کە شیاوبێت بۆ ژینگەی منداڵەکان.

گومانی تێدانییە، پرۆسەی پەروەردەی هونەر پرۆسەیەکی پەروەردەیی کۆمەڵایەتییەو هاوکاری منداڵ دەکات، تا توانا کارامەییەکانی لە لایەک و حەزو ئارەزووەکانی لەلایەکی ترەوە پەرە پێبدات، کە بگونجێت لەگەڵ دەربڕینخوازییە هونەرییەکەیدا، تا لەکۆتاییدا بتوانێت خزمەتی کۆمەڵگەکەی پێبکات و پاشان ببیەستێتەوە بە ژینگەکەیەوە، دواتر ئاوێتەیان بکات لەگەڵ خواست و ویست و ئارەزووەکانیدا. هەر لەبەر ئەوەشە نابێت مامۆستا

منداڵەکان فەرامۆش بکات، چونکە لێرەدا منداڵ چەقی فێربوونەکەیە، جا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ ئەنجامەکانی پەروەردەو فێرکردن لەسەر منداڵەکە دەردەکەون و بێگومان ئەوەش پەیوەندی بە فێربوون و فێرکردنەوە هەیە.



پلانی سەرکەوتوو هەمیشە دەوروبەر دڵخۆش دەکات

هەروەها پێویستە ئەوە بزانرێت، کە مەبەستی پەروەردەی هونەر گەشەپێدانی تواناکانی تاکە لە ناو کۆمەڵگەکەیدا، وەک گەشەپێدانی لایەنی ‹جەستەیی و ئەقڵی و ویژدانی›، جا ئەم گەشەپێدانەش پێویستی بە هاوسەنگی و لێکبەستن و هاوڕاکردنی ئەم سێ لایەنەی گەشەکردنەوە هەیە، چونکە یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی پەروەردەی هونەرە، تا پرۆگرامێکی هاوسەنگ و پڕ بایەخ لەنێو تەواوی پرۆسەی پەروەردەییدا جێگیر بکات و منداڵیش هەست بە ئاسوودەیی و ئارامی و متمانە بەخۆبوون بکات و لە کۆتاییشدا کۆمەڵێک کارامەیی و توانای کاری هونەریش لە هەموو ڕوویەکەوە بەدەست بهێنێت. لە کۆتاییشدا ئەم پرۆسەیە دەبێتە تەواوکەری

تەواوی ئامانجە گشتییەکانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، کە هاوکاری قوتابی دەکات بە شێوەیەکی ئاسایی گەشە بکات و بتوانێت بەشێوەیەکی دروست بیربکاتەوەو هەستەکانی بەگەڕ بخات و چالاکبێت و لە دواییشدا ئەنجامیان بدات و جێبەجێیان بکات. جا لێرەدا هەندێک ئاڕاستەمان هەیە، کە قوتابی دەتوانێت زانیاری و فێربوونیان لێوە بەدەست بهێنێت، لەوانەش:

### ١. ئاڕاستەی خۆیی

پەیڕەوانی ئەم جۆرە ئاڕاستەیە گرنگی بەو شێوەو ڕەنگانە دەدەن، کە لەدەوروبەریاندا هەن و پێی تاوگیر[1] دەبن و دەکەونە ژێر کاریگەرییەکانییەوە، دواتر بە شێوازێکی هونەری جوان ئەو تایبەتمەندی و شێوانەی دیتویانە جارێکی دی دایدەڕێژنەوەو لە شێوە ڕاستەقینە دیتراوەکە ناچێت، جا بۆیە ئەو کەسانە تەنها لە ڕێگەی لایەنە تاوگیرییەکانیانەوە گوزارشت لە هەست و نەستیان دەکەن و ڕەنگ و شێوەش دەبێتە ئەو کەرەستەیەی دەربڕینخوازییەکەی پێدەکات. لەگەڵ ئەوەشدا کەسەکان پشت بە ئەزموون و توانا خۆییەکانیان دەبەستن و ئەم جۆرە گوزارشتکردنەش پەیوەندی بە کەسایەتی کەسەکانەوە هەیەو دەربڕی هەستە تایبەتەکانییانە و بە دەوروبەکەشیان کاریگەردەبن، هەروەکچۆن گوزارشت لە تاوگیری و هەست و سۆزەکانیان دەکەن.



منداڵان لە کارەکانیاندا ئەو ڕەنگانە بەکاردەهێنن، کە لە هەست و دەرونیانەوە نزیکە

[1] تاوگیر، لەبری وشەی ‹هەڵچوون› بەکارهاتووە. مامۆستا ‹مەسعود محەمەد›، تاوگیری پێ پەسەندترە لە وشەی هەڵچوون، چونکە مرۆڤ هەڵناچێت، ئەوە شیرە، کەفە، ئاوە، زەریایە هەڵدەچێت، بەڵام مرۆڤ تاوێک گیردەبێت و دواتر ئاسایی دەبێتەوە. لێرەدا تاوگیر لە بری وشەی عەرەبی (انفعال) بەکارهاتووە. بڕوانە کتێبی: زاراوە سازی پێوانە، مەسعود محەمەد، چ٢، ٢٠١١، لاپەڕە ٢١٠

## ٢. ئاڕاستەی بینین

لەم ئاڕاستەیەدا، منداڵ گرنگی بەو شێوەو وردەکاری و ڕووناکی و سێبەرو هەموو ئەوشتانەی لە سروشتدا هەن دەدات. هەروەها هەوڵدەدات هەموو ئەوشتانەی دەیبینێت لەڕێگەی پشتبەستن بە ئەزموونی بینینەکانی گوزارشتیان لێبکات، چونکە هەمیشە چاوەکان ئەو شتە ڕاستەقینانە دەبینن، کە لە سروشت و دەوروبەریدا هەن و هیچ هەڵخەڵەتاندنێکی تێدانییەو شتەکان ڕاستەقینەن و مرۆڤ دەتوانێت هەستیان پێبکات و دەستیشیان لێبدات. جا لێرەدا پێویستە مامۆستا هانی هەموو ئاڕاستەکان بدات، تا دواتر منداڵەکە خۆی لە یەکێکیاندا دەدۆزێتەوەو دواتر خۆی بڕیار لەسەر چۆنییەتی کارکردنەکەی دەدات، کە لەگەڵ هەست و ویست و داخوازییەکانیدا بگونجێت، ئیدی ئەوەش هاوکاردەبێت، تا پەیوەندی نێوان شێوەو ڕەنگەکان بدۆزێتەوە.



ڕەنگەکان گوزارشت لە ناخی منداڵەکان دەکەن

## ٣. ئاڕاستەی بیستن

لێرەدا جەختکردنەوە لەسەر بیستنی منداڵە، چونکە هەندێک بواری زانستی فێرکردن تەنها پشت بە خوێندنەوە نابەستن، بەڵکو هەستی بیستن ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە گەشەپێدان و پێشخستندا هەروەکچۆن لە گۆرانیگوتن و مۆسیقادا هەیە و لەهەمانکاتیشدا وانە زمانەوانییەکانیش پشت بە هەستی بیستن دەبەستن.

شایانی باسە، پەروەدەی هونەرو کاری جوانناسی بە دڵنیاییەوە لەگەڵ وانەکانی تری خوێندندا پێکەوە هاوبەشی دەکەن لە گەشەپێدانی کەسایەتی منداڵ و ڕێگەو بواری بۆ دەکەنەوە، تا شارەزایی لە هەموو هونەرەکان وەربگرێت، هەروەک چۆن زاڵیش دەبێت بەسەر هەموو ئەو کەرەستەو

شـــمەکە جۆراوجـــۆرانەی لەبەردەســـتیدا هەن و هەوڵـــدەدات جـــارێکی دی دایانبڕێژێتەوەو لێکیانبداتەوەو پوختەیان بکاتەوە، تا شێوەیەکی نوێ و جوان بەرهەمبهێنێت، ئەوەش دەبێتە ڕێگەخۆشکەر بۆ منداڵەکان، تا ئارەزووەکانیان بهێنـــنەدی و ویســـت و تواناکانیـــــــــان دەربخەن و لەڕووی تاوگیریشـــــــــەوە ئارامتر دەربکەون.



گفتوگۆکردن هۆکارێکە بۆ فێربوون و لێکتێگەیشتن

ئیـــدی بـــۆ ئەو مەبەستە، مامۆستای ئامـــــــــادەکراو قوتابییەکــــــــانی ڕادەهێنێـــت لەســـەر هونەرەجوانەکان، تا وزە هونەرییەکانیان زیاد بکەن و توانای گوزارشتکردنیان لەڕێگەی کاری هونەری و جوانناسییەوە پێشبخەن و ڕاشیان دەهێنێت لەڕێگەی نیگارکێشان و هەویرکاری و کاردەستی و مۆسیقاو شانۆو گفتوگۆکردنەوە، ئیدی لێرەدا کاری مامۆستا کورت دەبێتەوە لەسەر ئەوەی چۆن ئەو منداڵانە لەڕێگەی کاری هونەرییەوە بار بهێنێت؟ ڕاستە، وانەی پەروەردەی هونەر ئەرکی فێرکردنی ڕاستەوخۆی ئەو کارانە نییە، کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێدراوە، بەڵکو ئەوانە هۆکارێکن لە هۆکارەکان، تا منداڵی لێوە فێربکرێت چۆن هەستێکی هونەرییانەی هەبێت بۆ شتەکانی دەوروبەری؟ ئنجا فێرببێت چۆن مامەڵەی دروست لەگەڵ ئەو ژینگەیەدا بکات، کە تێیدا دەژیت و خۆی بەدووربگرێت لەهەر ڕەفتارێکی نەشیاو، ئەوانە هەموو ئەرکی مامۆستایە بە دڵسۆزی و نەرمونیانی ئەو پەیامانە لەڕێگەی گفتوگۆوە بگەیەنێتە منداڵەکە، ئنجا وانە کردارییەکەوە، بەڵام مەرجیش نییە منداڵەکان لەپڕ باش بن و چاوەڕێی ئەوەش مەکە، بەڵگو ئەم پرۆسەیە هێواش هێواش دەچێتەپێش و دڵتەنگیش مەبە لەوەی، کە هەموو شتەکان وەک ئەوەی پلانت بۆدانـاوە ناچنەپێش.

ئەوەی لێرەدا بۆ مامۆستای وانەی هونەر جێگەی بایەخپێدانە ئەوەیە، کە پرۆسەکە بەلارێدا نەبات و فشاریش نەخاتە سەر منداڵەکان، چونکە هەتا مامۆستا فشار بخاتە سەر منداڵەکان، ئەوا منداڵەکان زیاتر لە پرۆسەکە دوور دەکەونەوەو دواتر تەواوی پرۆسەکە دەکەوێتە بەر مەترسییەوە. کەواتە پێویستە لەسەر مامۆستا دڵی منداڵەکان بەدەستبهێنێت و متمانە لای منداڵەکان دروست بکات، کە ئەوکرا ئیدی کارەکان بۆخۆیان دەچنەپێش و یاخیبوون ڕوونادات و ئارامی و هێمنی باڵ بەسەر پۆلەکەدا دەکێشێت.

## تەواوکاری لە پرۆسەی پەروەردەدا چییە؟

مامۆستای بەڕێز، شتێک لە پرۆسەی پەروەردەدا هەیە، کە پێی دەڵێن ‹پرۆسەی تەواوکاریی›. واتە تەواوی پرۆسەی خوێندن لە هەرقۆناخ و تەمەنێکدا بێت بە قۆناخێکدا تێدەپەڕێت و تەواوی پرۆگرام و زانیارییە خوێندراوەکان، وەک پرۆسەیەکی تەواوکاریی تەماشادەکرێن و هەمووشیان، وەک تەونی جاڵجاڵۆکە پێکەوە گرێدراون و لێکجیاکردنەوەیان ئەستەمە، چونکە هەموو زانیارییەکان تەواوکەری یەکترین و ناتوانرێت هەروا بەئاسانی دەستیان لێبەربدرێت.



هەموو وانەکان لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا تەواوکەری یەکترین

کەواتە بەشێوەیەکی گشتی پرۆسەی تەواوکاریی، بریتییە لە ڕێکخستنی وانە جۆراوجۆرەکان و هەوڵدان بۆ پێکەوەگرێدانیان و لێکبەستنیان بەشێوەیەکی ستوونی لە ڕێگەی شارەزاییەکی تەواوەوە بەمەبەستی لابردنی تەواوی ئەو بەربەستانەی دێنە ڕێگەی و دواتر دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ ئەو کێشەو گرفتانەی هاتوونەتە سەر ڕێگەی پرۆسەکە، هەروەها دۆزینەوەی پردی پەیوەندی لەنێوان وانەکانداو گرنگیدان بە زانیاری تەواو، تا ئاراستەو بەهاکان لە یەک وێنەی تەواوکاریدا پیشان بدرێن.

هەروەها ‹تەواوکاریی› سەرجەم زانیاری و بابەتە دیاریکراوەکان لە یەک سەبەتەدا کۆدەکاتەوەو دواتر بەیەک گۆژمە چارەسەریان بۆ دەدۆزێتەوە، تا زانیارییە زانستییەکان پێکدا هەڵنەپژێن و گومان لە مێشک و بیری منداڵدا دروست نەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم جۆرە پەیوەندییە دەبێتە هەوڵدانێک بۆ پێکەوەبەستنەوەی بابەتەکانی خوێندن، لەهەمانکاتیشدا زانیاری زۆرتریش بە قوتابی دەدات، تا قوتابی زانیارییەکان لەڕێگەی وانەی پەروەردەی هونەرەوە باشتر لە هزرو هۆشیدا بچەسپێنێت و لە یادەوەرییەکانیدا بە پوختی بیانهێڵێتەوە.

## ئەم تەواوکارییەش لە پرۆسەی پەروەردەدا ڕوودەدات بەم شێوەیە:

پرۆگرامی تەواوکاریی لەسەر دوو شێوە ئەنجام دەدرێت:

**یەکەم: شێوەیەکی گشتی بۆ تەواوکاریی:** لەم جۆرە تەواوکارییەدا شێوەیەکی گشتی بۆ زانیارییەکان لە نێوان تەواوی لقەکانی مادەکانی خوێندنی پۆلێکدا وەردەگیرێت، ئەوەش لەڕێگەی پێکەوەگرێدانی ستوونییەوە ئەنجام دەدرێت.(بابەتەکان یەک لەدوای یەک بەرەو سەرەوە بن).

**دووەم: شێوەیەکی نیوە تەواوکاریی:** ئەم جۆرە تەواوکارییە پشت دەبەستێت بە بەشێک لە هەریەکێک لە پرۆگرامەکانی خوێندن لە یەک پۆلی خوێندندا، بۆیە لێرەدا ناتوانرێت تەواوی پێکهاتەی ناو پرۆگرامەکان پێکەوە گرێبدرێن، بەڵکو دەتوانرێت ئەم پرۆسەیە بەم شێوەیەی لای خوارەوە لێک ببەسترێن و دواتر کاریان پێبکرێت:

١. تەواوکاریی لەنێوان بەشەکانی یەک مادەی خوێندندا.
٢. تەواوکاریی لەنێوان چەند مادەیەکی خوێندندا.
٣. تەواوکاریی لەنێوان دوو مادەی جیاوازی خوێندندا.
٤. تەواوکاریی لە نێوان وانەیەک و بەشەکانی وانەیەکی تردا.
٥. تەواوکاریی لەنێوان دوو بەش، یان زیاتری دوو مادە، یان زیاتر.
٦. تەواوکاریی لە نێوان چالاکییەکی دیاریکراوی قوتابخانە لەگەڵ وانەیەک، یان بەشێکی وانەیەکدا.

بێگومان، جگە لەو چەند خاڵە تەواوکارییە، ئەوا چەندین دەروازەی تریش هەن، کە دەتوانرێت سوودیان لێوەربگیرێت، تا وانەی پەروەردەی

هـونەر بکـاتە دەروازەیەکـی فراوانـی زانیـاری بەخشـین بە منـداڵ، وەک دەروازەی چالاکی ئەقڵی، دەروازەی ژینگەیی، دەروازەی یەکەی وانەکـان و چەندانی تر... ئەوەی بۆ مامۆستا جێگەی بایەخبێت ئەو مادە بژاردانەن، کە خۆی هەڵیـان دەبژێرێت و لەگەڵ مـادەی وانەکانی تـردا پێکیـان دەگرێت و بەشێوەیەکی سادەو ساکار لێکیان دەبەستێت، ئنجا پێشکەشی قوتابییەکانی دەکات.

شایانی باسە، منداڵ لە پۆلی یەکەمدا سەرەتای مامەڵەکردنییەتی لەگەڵ زانیـارییە زانستییەکاندا، بـۆیە لەسـەر مامۆسـتایە بە هێمنـی و بە زمـانێکی سـادەو سـاکار زانیارییەکـان بگەیەنێـتە قوتابییەکـان و نابێـت پەلەپەل بە بەخشـینی زانیارییەکـانەوە دیاربێـت. کەواتە مامۆسـتای سـەرکەوتوو ئەو مامۆسـتایەیە، کە لە نـاخی منـداڵەکان تێـدەگات و بە هەسـتێکی بەرزی پەروەردەییەوە مـامەڵە دەکـات و ڕەفتـار دەنوێنێت، بـۆیە لێرەدا دوو جۆر مامۆستا دەخەینە ڕوو:

**یەکەم: مامۆستای سەرکەوتوو**

**دووەم: مامۆستای شکستخواردوو**

**یەکەم: مامۆستای سەرکەوتوو، ئەو مامۆستایەیە، کە:**

١. زانیاری زۆری پێیەو زانیارییەکانیش لە کات و ساتی خۆیدا بەشێوەیەکی گونجاو بەکاردەهێنێت.



مامۆستای باش هەمیشە قوتابی ئاسوودە دەکات

٢. لە گفتوگـۆدا نەرمونیـانەو وشەی گونجاو بۆ گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن هەڵدەبژێرێت.

٣. هەمیشـە ئاسـتی بیسـتنی بەرزەو گـــــــــوێڕایەڵی بەرانـــبەرەکەی دەبێـــت و دەیهەوێت لە داخوازییەکانیان تێبگات و لە وەڵامدانەوەشدا پەلە ناکات، تا لەمەبەستی سەرەکی تێنەگات.

٤. ڕێـز لە بیروبۆچـوونی بەرانـبەرەکەی دەگرێـت و دواتـر بەڕێـزەوە وەڵام دەداتەوە.

٥. ڕەفتاری دیموکراسیانە دەنوێنێت و خۆسەپێن نییە.
٦. ڕەچاوی یاسا و ڕێسا دانراوەکان دەکات و ڕێز لەکات دەگرێت.

**دووەم: مامۆستای شکستخواردوو، ئەو مامۆستایەیە، کە:**

١. زانیارییەکانی لاوازن و لە کات و ساتی خۆیدا توانای بەکارهێنانی زانیارییەکانی نییە.



مامۆستای شکستخواردو لە ڕەفتارکردنیشدا سەرکەوتوو نییە

٢. لە گفتوگۆکردن و ئاوخاتندا دەمارگیرو توندەو وشەی زبرو نەشیاو بەکاردەهێنێت.
٣. ئاستی بیستنی لاوازەو (بیسەر نییە) نەسەلمێنەرەو (دۆگماتیزم) هەوڵدەدات داخوازییەکانی خۆی بسەپێنێت و بیچەپێنێت بەسەر بەرانبەرەکەیدا.
٤. ڕێز لە بیروبۆچوونی بەرانبەرەکەی ناگرێت و توانای ڕووبەڕووبوونەوەی نییە.
٥. ڕەفتاری دیموکراسیانە نانوێنێت و خۆسەپێنە.
٦. ڕەچاوی یاساو ڕێساکان ناکات و ڕێز لە کات ناگرێت.

مامۆستای وانەی پەروەردەی هونەر دەبێت خۆی یەکلا بکاتەوە، ئایا لەکام جۆری مامۆستایەیە؟ چونکە مامۆستا لەپێش هەموو شتێکدا پێویستە کەسێکی پەروەردەیی بێت و هەموو خاڵە باشەکان لەخۆیدا کۆبکاتەوە، تا ببێتە نموونەیەکی جوانی بەرچاو بۆ قوتابییەکان.

هەروەها هەڵبژاردنی ڕەفتارەکانی مامۆستای یەکەم بوار بۆ منداڵەکان دەڕەخسێنێت، تا ببنە ئەندامێکی باش و چالاک و پڕ جووڵەو بەهەست و دڵخۆش لە پۆلدا، ئەگەر نا هەڵبژاردنی جۆری دووەم چرای دڵی منداڵەکان

دەکــوژێنێتەوە، ســـەرەتا لە پرۆســـەی پەروەردە، ئنجــا لە کــاری هــونەر دەیانتەکێنێتەوە. کەواتە پێویستە مامۆستا هەمیشە خاڵە باشەکان لەخۆیدا کۆبکـاتەوە، ئەگەر نەشــی تـوانی ئەوا بێگومـان، پێویســتە کـۆنترۆڵی خـۆی



مامۆستای سەرنەکەوتو هەمیشە سەرچاوەی پشێوییە لەناو پۆلدا

لەدەســت نەدات و هەمــوو شــتێک نەشــێوێنێت، چــونکە پــۆلی یەکەم، یەکەم ســاتی بەرکەوتنــی منداڵە لەگەڵ قوتابخـانەدا، جـا ئەگەر لەیەکەم بەرکەوتنـدا مامۆســتا لەگەڵ منداڵەکانـدا شکســت بهێنێـت، ئەوا بێگومـان منـداڵەکانیش لە خوێنــدن دەتۆرێنێــت، ئەگەر نەشــیانتۆرێنێت ئەوا لە خوێنــدن دڵیــان ســارد دەکـاتەوە، ئەوەش خـاڵێکی بـاش نییە بـۆ پرۆســەی پەروەردەو فێرکـردن. هەروەها لە پۆلەکانی تریش ناهاوسەنگی دروست دەکات و پشێوی دەخاتە ناو پرۆسەی خوێندن لە تەواوی قۆناخەکانی تری خوێندندا.

## ئەو هەنگاوانەی پشتیان پێدەبەسترێت بۆ بنیاتنانی پرۆگرامێکی تەواو زانستیانە

«ماسیسۆن و فریمان» چوار هەنگاوی سەرەکیان داناوە بۆ بنیاتنانی پرۆگرامێکی تەواو، کە ئەوانیش بریتین لە:

**هەنگاوی یەکەم:** دیاریکردنی ئەو مامۆستایانەی بەشداریدەکەن لە جێبەجێکردنی پرۆگرامەکەدا، پێویستە ئەو مامۆستا دەستنیشانکراوانە وانەکە، ئنجا قوتابییەکانیان خۆشبوێت، ئارەزووی وانەگوتنەوەیان هەبێت، توانای سەرکێشی و داهێنانیان هەبێت.

**هەنگاوی دووەم:** دەستنیشانکردنی ئەو دەرئەنجامانەی، کە پێویستە وەلامدەرەوەی ئەم پرسیارانەبێت: ئەو زانیارییە هونەریانە چین، کە پێویستن لەم پرۆگرامەدا هەبن؟ ئەو دیمەنە فێرکارییە داواکراوە چییە، کە پێویستە جێبەجێ بکرێت؟ قوتابییەکان چۆن فێردەبن؟ ئەو بەهایانە چین، کە پێویستە قوتابی فێریان ببێت؟

**هەنگاوی سێیەم:** بریتییە لە قۆناخی نەخشەسازی، ئەندامانی گروپی دیاریکراو هەڵدەستن بە دەستنیشانکردنی گرنگترین بنەماکانی نەخشەسازی، کە ئامانجەکان بەشێوەیەکی کاریگەر بهێنێتە دی.

**هەنگاوی چوارەم:** ئەندامان هەڵدەستن بە بەهێزکردنی یەکەی پرۆگرامەکە، بەپێی دەستنیشانکردنی خاڵە لاوازو بەهێزەکان، دواتر ئەم خاڵانە دەگونجێنن لەگەڵ ژینگەی منداڵەکاندا.

شایانی باسە، زۆرێک لە پەروەردەکاران جەخت لەوە دەکەنەوە، کە دەتوانرێت وانەی پەروەردەی هونەر بەکاربهێنرێت بۆ ناسینی زۆرێک لەو یەکە پەروەردەییانەو لەگەڵ ئەوەشدا ناساندنی کۆمەڵێک کەرەستەو شمەکی جۆراوجۆری پەروەردەیی لە ڕێگەی ئەم وانەیەوە. کەواتە وانەی هونەر دەتوانێت ڕۆڵی خۆی بگێڕێت لە ئاراستەکردنی بیرو خەیاڵی قوتابی و دواتر گیرساندنەوەی لە ویستگەیەکی دیاریکراوی پەروەردەیی و فێرکاریدا، چونکە پێویستە ئەوەش فەرامۆش نەکرێت، کە وانەی هونەر زیاتر بۆ چێژوەرگرتن

و داهێنـــان و دۆزیـــنەوەی شـــتی تـــازەیە، نەک ڕاهێنانیـــان لەســـەر بە هونەرمەندبوون.

کەواتە خـۆ ئەگەر ببێـتە هونەرمەنـدێکی هەسـت و بیرجـوانی ئەوتـۆ، کەبتوانێت ژیان و دەوروبەر بە پاکی و جوانی ببینێت و هەست بەشتەکانی دەوروبەری بکات کارێکی خراپ نییە، بەڵام هەرگیز لە سەرەتادا نابێت فێری کاری هونەری بکرێن، بەڵکو کاری هونەری دەبێتە هۆکارێک بۆ ناساندنی بە ژینگەی دەوروبەرەکەیـان، ئیدی لێرەوە هەنگاوە دروستەکە دەهاوێژرێت و



هاندانی قوتابی لەلایەن مامۆستاوە، پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن پێشدەخات

قوتابییەکـانیش وردە وردە بەرپێـی خۆیـان دەبیـنن و چـواردەوری خۆیـان دەناسن و لە کۆتاییشدا خۆیان دەناسن، ئەوەش مەبەستە سەرەکییەکەیە.

هەروەهـــا ڕۆڵ و کـــاریگەری ئەم وانەیەش نابێـــت تەنهـــا لەچەنـــد داخـوازییەکی ســەرپێییدا کـۆبکرێنەوە، چـونکە هـونەر جـوڵێنەری هەسـتی قوتابییەکـانەو کاردەکـات بـۆ هاوســەنگکردنی ئەقـڵ لەگەڵ هەردوو پەلـی سەرەوە (دەستەکان)، ئنجا چاوەکان، بەڵام هەڵەیە ئەم کارە تەنها لە چالاکی ئەقڵیدا قەتیس بکەین، چونکە لە یەک کاتدا گەشـە بە ئەقڵی قوتـابی دەدات و لەلایەکی تریشەوە توانا کارامەییەکانی پێش دەخات و توانـای سـەرنجدان و تێبینی کردنیشـی گەشـەپێدات و وایلێدەکات کـاری خـۆی لەگەڵ ئەوانی تـردا

لێکجیا بکاتەوە، هەرچەندە منداڵ لە قۆناخی باخچەی منداڵاندا فێری ئەو کارامەییە دەکرێت، بەڵام بێگومان دەبێت ئەو بوارە لەم قۆناخەدا زیاتر گەشەی پێبدرێت، تا منداڵ بزانێت و هەست بکات، کە تواناکانی گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە.

هەروەها مامۆستا دەتوانێت کۆمەڵێک دەستەواژەی هونەری بەکاربهێنێت و پاڵپشتی هەست و نەستی منداڵەکان بکات و هەندێک جاریش پێیان بڵێت ‹وێنەکەت جوانە›، لەگەڵ ئەوەشدا مامۆستا دەتوانێت هەندێک دەستەواژەی هونەریی ئاڕاستەی منداڵەکان بکات بەپێی جۆری وێنەکان، بۆ نموونە ئەو هێڵە لارە لە جێگەی خۆیدایە، ئەو هێڵە ڕێکە، ئەو هێڵە چەماوەیە...

## تایبەتمەندییەکانی بەکارهێنانی پەروەردەی هونەر، وەک هۆکارێکی وانەگوتنەوە

بەکارهێنانی پەروەردەی هونەر، وەک وانەیەکی تەواوکاریی لەگەڵ وانەکانی تردا دەبێتە هۆی:

١. نەهاتنی قوتابیان کەمدەکاتەوەو پاڵنەری فێربوون زیاد دەکات.

٢. متمانە بەخۆبوون و ئاستی جێبەجێکردن لە کارامەییدا بەرز دەکاتەوەو ئەو شێوازی بەکارهێنانەش دەتوانێت گەشە بە سەرجەم بوارە فێرکارییە هەستییەکان و زمانەوانییەکان و بینگەییەکان بدات.

٣. هەوڵی پەیوەندیگرتن لەنێوان قوتابییەکاندا زۆرتر دەبێت لە پێناو بەیەکەوە بەستنەوەی وانەی پەروەردەی هونەرو وانەکانی تردا.

٤. ڕێکخستنی بابەتە زانستییەکان بە شێوەیەک، کە ڕەچاوی پێداویستی و تایبەتمەندییەکانی قوتابی بکات.

لێرەدا ئەو پەیوەندییە تەواوکارییەی نێوان وانەی پەروەردەی هونەر لەگەڵ وانەکانی تردا ڕوونتر دەکرێتەوە، تا مامۆستا لەوە تێبگات، کە هەموو وانەکانی خوێندن بۆ پەروەردەکردنی قوتابی پێویستیان بە یەکتر دەبێت و ئەو پەیوەندییەش پێویستە هەر بەرەو پێشەوە ببرێت، نەک وانەیەک بسەپێنرێت بەسەر وانەیەکی ترداو ئەوانی تریش فەرامۆش بکرێن. بۆ نموونە:




١. له بواری بیرکاریدا وانەی هونەر ڕاستەوخۆ پەیوەندی دەگرێت بە وانەکەوە لە ڕێگەی پێوانەو ژمارەو بەرزی و پانی و درێژییەوە، هەروەها لە ڕێگەی شێوەی سێگۆشەو چوارگۆشەو لاکێشەو بازنەشەوە ڕووی نەخشەسازی ئەنجام دەدات و هەریەکێک لەو پێوەرانەش پێویستی بەجۆرێک لە کارکردن هەیە لەناو نەخشەسازییەکەدا، تا ڕووە بیرکاری و ئەندازەییەکە ببێتە بنەمایەکی توندوتۆڵ بۆ کارە هونەرییەکە.



٢. لە بواری جوگرافیاو مێژووشدا، ڕووداوە مێژوویی و پاڵەوانبازییەکان دەبنە بابەتی وروژاندنی قوتابییەکان لە ڕێگەی باسکردن و گێڕانەوەو نموونە هێنانەوە لەسەر بابەتەکە. هەروەها لە بواری جوگرافیاشدا نەخشەکێشان و شێوەی ڕوونکاری و کڵێشەی بەرجەستە بۆ ڕوونکردنەوەی هێڵکاری تەلان و دۆڵ و ناوچە دێرین و شارەکان، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە وانەی جوگرافیاوە هەیە.




٣. لە بواری زانستیشدا، پێویستیان بە وێنەی ڕوونکاری جەستەی مرۆڤ و کۆئەندامی هەرس و ئێسکە پەیکەرو وێنەی چاو، یان گوێ دەبێت، کە ئەوانەش ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە هونەری نیگارکێشانەوە هەیە.

٤. له بواری زمانی کوردیشدا، قوتابی له پۆلی یەک، یان پۆلەکانی تردا دەتوانێت پیتەکان، یان وشەکانی زمانی کوردی، یان ئینگلیزی بەگەورەیی بکێشێت و دواتر به بۆیه ڕەنگاوڕەنگیان بکات و هونەری جوانکاریان تێدا بەکاربهێنێت و به نەخشونیگاری جۆراوجۆر پیتەکان، یان وشەکان بڕازێنێتەوە.




لێرەدا زۆر بوار هەیە، تا مامۆستای پەروەردەی هونەر ئەقڵی قوتابییەکانی پێ بوروژێنێت، له پەروەردەی هاوچەرخدا پێویستە هەمیشه مامۆستا وانەکان پێکەوە گرێبدات و دواتر لێکیان ببەستێت، تا قوتابی هەست به نامۆیی نەکات لەنێو وانەکانی تردا، بەڵکو هەروانەیەک دەبێته دەروازەی فێرکاری بۆ وانەکانی ترو هەروانەیەکیش لەجێگەی خۆیدا بەهای خۆی دەپارێزێت له ناو پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا.

هەروەها زۆرێک له شارەزایانی پەروەردە دانیان بەوەدا ناوە، که پەیوەندییەکی بەهێز هەیە له نێوان پەروەردەی هونەرو مادەکانی تردا، بەتایبەتیش پەیوەندی نیگارکێشان به زانستی ئەندازیارییەوە، چونکه له بنەڕەتدا زانستی ئەندازیاری پشت به هونەری نیگارکێشان دەبەستێت هەر له هێڵکاری و گۆشەو چوارگۆشەو سێگۆشەو لاکێشەو بازنەو بڕین و پارچه

پـــارچەکردنەوە... هەروەکچـــۆن لە کێشـــانی نەخشـــەدا چەنـــدین خـــانەی ڕازاندنەوەی بچوک بەکاردەهێنرێت، کە زۆرێک لەو خانانە دەبنە پێکهاتەی ســـەرەکی نەخشـــەکەو لەهەمانکاتیشـــدا دەیـــڕازێننەوەو دەشـــبنە هێمـــای ڕوونکاری، کە ئەوانەش ڕاستەوخۆ دەچنە خزمەتی بواری ئەندازیارییەکەوە، جا لەبەر ئەوە پێویستە لە داهاتوودا (لە سەرو پۆلی شەش) قوتابی فێری بنەما تیۆرەکانی نیگارکێشان بکرێت، تا لە سیستەمی نیگارکێشان تێبگات و دواتر بۆخۆی لە ژیانی کردارەکیدا دووبارەیان بکاتەوەو شتێکیان لەبارەوە بزانێت.

## ڕۆشنبیری بینگەیی (بینین) و کاریگەرییە پەروەردەییەکانی

جیهـان پێکهـاتیەکە لە وێـنە، هەروەهـا ژیـانیش بە هەمـوو پێکهـاتەو کەلوپەلە بەنرخ و بەهادارەکانییەوە لەڕێگەی وێنەوە گوزارشتی لێدەکرێت، تەنانەت زۆربەی زانستەکانیش لە ڕێگەی وێنەی ئاوێتەییەوە دەردەبڕدرێن، ئیدی لە کۆتاییدا ئەم وێنەیە دەبێتە بەشێک لە ڕۆشنبیری و شارستانییەتی ئەم تـاکە، ئەوەش لەڕێـگەی بینینـەوە هەسـت بە سـەرجەم پێکهـاتەی نـاو وێنەکان دەکرێت و تاکەکانیش بەپێی ئاستی ڕۆشنبیری خۆیان خوێندنەوەی جیاواز بۆ وێنەکان دەکەن.

کەواتە لێـرەدا بینـین زۆر گـرنگەو کەسـی بینـەریش بەپێـی ئاسـتی ڕۆشـنبیری و پاشـخانی هـونەری و زانیـاری خـۆیەوە بڕیـار لەسـەر شـتە بینراوەکان دەدات. لە کۆتایشیدا بەم جۆرە لە شێوازی خوێندنەوە دەگوترێت ڕۆشنبیری وێنە، یان ڕۆشنبیری بینگەیی (بینین)، لەم سەردەمە هاوچەرخەدا وێـنەی هـونەری دیـاردەیەکی هـزری ڕۆشـنبیرییەو پێشـی دەگوترێـت ڕۆشنبیری وێنە، یان ڕۆشنبیری دیتەنی، دواتر لەڕێگەی بینینەوە هەست بە دیـاردە پەروەردەیـیە کـۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکـانی دەوروبەر دەکـرێن، هەرچەنـدە تەکنەلۆژیـای زانیـاری وای لە کـۆمەڵگەی مرۆڤـایەتی کـردووە وێڕای جیاوازی زمان و کەلتورەکانیان باشتر لێک نزیکبکەونەوەو لێکتێبگەن. کەواتە ڕۆشـنبیری وێـنەو بینینییەکـان هەمـوو ئەو بەربەسـت و ئاسـتەنگە جـوگرافی و جیاوازیانەیـان بڕیـوەو نمـوونە بەرجەسـتەکانیش هەمـوو ئەو

گریمانانە دەسەلمێنن، کە هونەر چەترێکە هەمووان لەژێریدا بێ جیاوازی کۆدەبنەوە.

تابلۆی هونەری لە نێو گەلان و میللەتە جیاوازەکاندا زمانێکی هاوبەشی هەیەو ناتوانرێک هەروا بەئاسانی لێکجیا بکرێنەوە، چونکە ڕەنگ و شێوەو شێوازی کارکردن لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی تر، لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازن و هەمووشیان گوزارشت یان لەخۆی، یان لەدەوروبەری، یان لە هەمووان دەکات، ئیدی ئەوە بابەتە ڕاستەقینەکەیەو پێویستە مامۆستا ئەوە بۆ قوتابییەکانی ڕوونبکاتەوە، کە هونەر زمانێکی هاوبەشی گوزارشتکاری هەیە، نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو هەمووان دەیانەوێت تابلۆ، وەک هۆکارێکی دەربڕین بەکاربهێنن و هەست و نەست و ویستەکانیانی پێ دەرببڕن.

هەروەها منداڵانیش لەنێو خۆیاندا زمانێکی هاوبەشی گوزارشتخوازیان هەیە، جا هەر تەمەنەو بەپێی توانای خۆی هێزی دەربڕینی تاقیدەکاتەوەو هەندێکیان باش و هەندێکی تریشیان لاواز، بەڵام مەرج نییە ئەوەی لاوازە باش نییە، بەڵکو پاشینەی ئەزموونکردنی نییەو دواتر بەپێی کات ئەو منداڵەش دەتوانێت لەڕێگەی ئەزموونکردنەوە باشترو باشترین بێت. ڕاستە لەوانەشە سەرەتا منداڵ لە یەکەم هەنگاودا وێنەکانی سادەو ساکار بن و ببنە جێگەی تێڕامان و هەندێکجاریش گاڵتەجاڕیانە دەربکەون، بەڵام پێویستە مامۆستا ئەوە بزانێت ئەوە توانای ئەو تەمەنەی منداڵەیەو ناتوانرێت بخرێتە ژێر فشارەوە، تا باشترو جوانتر وێنەکان بکێشێت، پێویستە ئەوەش ڕوونبێت، تابلۆکان زیاتر دەربڕینخوازین و جۆرێکن لە هەستی تاکە کەسی، هەرلەبەر ئەوەشە دەبێت ڕێزیان لێبگیرێت و بێ بەهایانە تەماشا نەکرێن.

لێرەدا تابلۆ، وەک کەرەستەیەکی ڕاستەقینە ئاستی ڕۆشنبیریی بینگەیی کەسەکە، یان کۆمەڵگاکە لە ناخیدا هەڵدەگرێت و هەڵسەنگێنەری ڕاستەقینەی خەیاڵبازی و هەست و نەستە ڕاستەقینەکانی کەسی بکێشەر دیاری دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕۆشنبیرییە لە گوزارشتکردن بە شێکی دانەبڕاوە لە ئاستی ڕۆشنبیری و شارستانی هەر میللەتێک، ئەوەش پەیوەستە بەو تایبەتمەندیانەی ئەو میللەتە، کە لە هەناویدا هەڵیگرتووەو دواتر لەڕێگەی

نەوەکانییەوە دەریان دەخات و دەریاندەبڕێتەوەو لە ڕێگەی کاری هونەریشەوە گوزارشتیان لێ دەکات.

کەواتە ڕۆشنبیریی وێنەی هونەری، یان ڕۆشنبیری بینگەیی بەشێکی دانەبڕاوە لە ڕۆشنبیرییە گشتییەکە، کە گرێدراوی ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگاکەیەو شوێنپەنجەی بەسەر تایبەتمەندی و جۆرو سروشتی ڕۆشنبیرییە بینگەییەکەدا بەجێدەهێڵێت و لەگەڵ ڕۆچوون و گەشەکردنیشدا لەگەڵیدا دەمێنێتەوە، لەگەڵ ئەوەی لە ئێستەدا جیهانگیری دەستی بەسەر هەموو ئاستەکانی ڕۆشنبیریدا گرتووە، بەڵام گومەڵگاکان تایبەتمەندی خۆیان لەدەست نەداوەو توانیویانە لە ڕێگەی پارێزگاریکردن لە داب ونەریت و ئاڕاستە ئایینی و دنیاییەکانیانەوە، زانست و پەروەردەو ڕۆشنبیری و بەشێکیش لە کەلتوورو فەرهەنگی خۆیان بپارێزن.


وانەی پەروەردەی هونەر ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ڕوانگەی منداڵ بەجێ دەهێڵێت

کەواتە لە کۆتاییدا دەتوانرێت بگوترێت وێنەکان، یان نیگارەکان ڕووی ڕاستەقینەی ناخی مرۆڤەکانن و بینەر، یان مامۆستای هونەر دەتوانێت لەڕێگەی نیگارەکانەوە ناخی قوتابییەکان بخوێنێتەوەو ئەو هێماو کۆدانەش بشکێنێت، کە منداڵەکە لە نیگارەکەدا دایناون و هەرخۆی لێی تێدەگات، بەڵام کاتێک مامۆستای بەئاگاو زیرەک و خاوەن ئەزموون لەو بوارەدا تەماشای ناوەڕۆکی تابلۆکان دەکات، ئەوا بێگومان دەتوانێت پەی بە نهێنی کۆدەکان بەرێت و لەڕێگەی تابلۆکەوە ڕاستەخۆ بێئەوەی منداڵەکە هەست بکات بچێتە ناخ و هەستی منداڵەکەوە، ئەوەش کاری مامۆستای هونەرە لە ئێستەداو دواتریش پرۆسەی چاودێری و ئاڕاستەکردن دەستپێدەکات، کە لە پرۆگرامی پەروەردەی هونەر بۆ باخچەی منداڵان زۆرتری لەسەر باسکراوە.

## منداڵ و داهێنان

ئەم بـابەتە تەواوكەری پرۆگرامــی پەروەردەی هــونەر بـۆ بـاخچەی منداڵان – ڕێبەری مامۆستایەو لێرەدا زانیاری زۆرتر لەو بارەیەوە خراوەتە ڕوو، هەروەهــا بەپێویســت زانــرا جــارێكی دی لەســەری ڕابوەســترێت و هەنـدێك زانیـاری تـازەتر بخـرێتەڕوو، تـا مامۆسـتای پەروەردەی هـونەر بە هەستیارییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆخەدا بكات، چونكە زۆرێك لەو منداڵانەی لە باخچەی منداڵانەوە دەپەڕنەوە بۆ قۆناخی بنەڕەتی و لە نێویشیاندا پۆلی یەكەم تووشـی كۆمەڵێـك بەربەسـتی نەخـوازراو دەبنەوە، جـا هەنـدێك لەو بەربەسـتانە پەیوەنـدی بە پرۆگرامـی خوێنـدن، یـان پرۆسـەی خوێنـدن، یـان مامۆسـتا، یـان ژینـگەی قوتابخـانەوە هەیە، لەبەر ئەوە هەنـدێك جـاریش ئەم كێشەو بەربەستانە پەیوەندیان بە خـودی قوتـابییەكەوە هەیەو ئاسـت و توانا زیرەكییەكەی دەبێتە كێشـەو مامۆستاو دەورووبەر لێـی تێنـاگەن و منداڵەكەش ڕووبەڕووی كۆمەڵێك گرفت و كێشە دەكەنەوەو دواتر منداڵەكە لەو ئاستەدا ڕادەوەســتێت و لەبەرانــبەر ئاستەنگەكانیشــدا توانــای هەنگاونــانی زیــاتری نامێنێ.

جێگەی ئاماژەپێدانە، داهێنـان و بیركـردنەوەی داهێنەرانە بە یەكێك لە ئامــانجە گرنگەكــانی پرۆســەی پەروەردە دادەنرێــت و هەمیشــە قوتــابییە داهێنەرەكان لە وڵاتە پێشكەوتووەكاندا جێگەی چاوتێبڕین و بە بایەخەوە لە تواناو ئاستی بیركردنەوەیان دەڕوانرێت، چونكە لەم سەردەمە هـاوچەرخەدا، كە پێشــكەوتنی زانســت و ئــابووری بــوونەتە هۆكــاری ســەرەكی ئەم پێشكەوتنانە، هەر لەبەر ئەوەشە ئەم وڵاتـانە بایەخ بە داهێنەرەكانیان دەدەن و لە كۆمەڵگە پیشەسازییەكانیشدا جێگەو پێگەی تایبەت بەخۆیان هەیە، بەڵام لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەكاندا وردە وردە گرنگی بەم جۆرە كەسانە دەدرێت و دەروازەی زانست و زانیارییان بەڕوودا دەكرێتەوە، بۆیە لێرەدا دەتوانرێت هەندێك گریمانە لەبارەی داهێنانەوە بخرێتە بەرچاو، لەوانەش:

١. ئایا داهێنان تایەبەتمەندییەكی لەشەكی بۆماوەییە لە قوتابیدا؟

– ئەگەر وەڵامەكە بەڵــێ بــوو، ئەوا ئەســتەمە بیــوروژێنین و لە ڕێــگەی فێركردنەوە باشتر بكرێت.

- جەخت لەوە دەکرێتەوە، کە دیاردەی داهێنان شێوەیەکە لە شێوەکانی چالاکی ئەقڵی و قوتابی ئەنجامی دەدات، هەموو قوتابییەکان هەریەکەو بەپێی توانای دیاریکراوی خۆی بە پلەیەکی دیاریکراو خاوەن داهێنانە، هەرچەندە جیاوازن لە چەندایەتیدا، بەڵام لەڕووی جۆری و تایبەتمەندیدا هەریەکێک لە قوتابییەکان خاوەن تایبەتمەندی خۆیانن، جا لەبەر ئەوە دەتوانرێت داهێنان فێربکرێت و پەرەیانپێبدرێت و لە بواری ڕاهێنانیش لەسەر ئەنجامدانی بکرێت.


هەموو تاقیکردنەوەیەکی نوێ لەلای مندالّ داهێنانە

٢. ئایا ژینگە گشتییە فێرکارییەکە توانای داهێنان گەشە پێدەدات؟

- گومانی تێدانییە، گەشەپێدانی توانای داهێنان و بیرکردنەوەی داهێنەرانە پەیوەستە بە بیروباوەڕی بەرپرسانی سیستەمی پەروەردەو باوەڕی مامۆستایان، کە تا چەند بڕوایان بە داهێنان، یان گرنگی داهێنان و داهێنەران هەیەو پێویستە گەشە بە توانای داهێنەرانەیان بدرێت.

- دڵسۆزی مامۆستاو پەرۆشی بۆ هاندانی قوتابییەکان و چاودێریکردنی داهێنەرەکان، لە هەمانکاتیشدا بیرۆکەی قوتابییە داهێنەرەکانی پێ لە پرۆگرامە تیۆرییەکان باشترە.

٣. ئایا داهێنەر دەتوانێت بێ ئەوەی ئامادەکارییەکانی بۆ ڕەخسابێت توانا داهێنەرەکانی بەدەستبخات؟

- داهێنەر (قوتابی) بەپێی ئەو توانا ئەقڵی و ئاراستە باشە داهێنەرانەی هەیەتی، دەتوانێت لەکاتی چالاکییە فێرکارییە زانستییەکاندا بەشداری لە پرۆسەی داهێنەرانەدا بکات، ئەگەر بەربەستێک، یان پێشهاتێکی نەخوازراویش هاتە بەردەم قوتابییەکە، ئەوا بێگومان دەتوانێت ڕووبەڕووی توانا ئەقڵییەکانی ببێتەوە، بۆیە ئەگەر قوتابی ئەو توانا ئەقڵی و ئیرادە بەهێزەی نەبێت، ئەوا بێگومان ڕووبەڕووبونەوەی کێشەکان و بەم جۆرە ئەنجامدانی پرۆسەی داهێنان ئەستەمەو لە کۆتاییشدا تەواوی پرۆسەکە دەخاتە بەر گومانەوە.

(بۆ زانینی زانیاری زۆرتر لەبارەی داهێنان و منداڵ، بگەڕێوە بۆ ڕێبەری مامۆستا- پەروەردەی هونەر بۆ باخچەی منداڵان)

## پێکهاتەکانی داهێنان و بیرکردنەوەی داهێنەرانە

بەپێی زۆربەی توێژینەوەو لێکۆڵینەوە پەروەردەیی و دەروونییەکان، داهێنان و بیرکردنەوەی داهێنەرانە پەیوەستن بە توانا ئەقڵییەکان، وەک:

### یەکەم: پێکەر Fluency

پێکەر، بەشێکی چەندایەتییە لە داهێنان، مەبەستیش لێی پێکانی چەندین بیرۆکەیە لەلایەن قوتابی داهێنەرەوە لە یەک کاتدا، جا ئەم بیرۆکە داهێنەرانەش پەیوەستن بە پێکهاتەی ژینگەیەکی ڕاستەقینەی دیاریکراوەوە، دواتر پێویستە ئەو بیرۆکە هەرەمەکی و خەیاڵیانە لاببردرێن، کە هیچ زانیاری و بەهایەکیان نییە، وەک نموونە ئەفسانەییەکان.

هەروەها، چەند قوتابی توانای هەبێت، تا ژمارەیەکی زۆر بیرۆکەو وەڵامدەرەوەی بابەتەکان بێت، ئەوا هەلی پێکانی زیاتری بۆ دەرەخسێت.

پێکەریش بە چەند شێوازێکی جیاواز دەپێورێت، بۆ نموونە:

١. بیرکردنەوە خێرا، بەمەبەستی پێدانی زۆرترین وشەی گونجاو، کە بە وشە، یان بە پیت، یان بە کۆپلەیەکی هاوسەنگ و دیاریکراو دەستپێدەکات و کۆتاییشی پێدێت، یان چەند وشەیەکی دیاریکراوو پەیوەست بەیەکەوە دەردەبڕێت، وەک (بەهار، باران، گوڵ...)، یان (تۆپ، یاریگە، ناوبژیوان...).

٢. پۆلێنکردنی بیرۆکەکان بەپێی زۆرترین داواکاری، کە توانای زۆرترین ژمارەی ڕەنگی بۆیەی ڕۆنی و ئاوی بژمێرێت، یان بلێت، یان زۆرترین کەرەستەو شمەک لە کاری هونەریدا بەکاربهێنێت، وەک (ڕۆژنامە، بەرد، قوتوی بەتاڵ، کارتۆن...).

٣. توانای گوتنی زۆرترین وشەی پەیوەست بە وشەیەکی دیاریکراوەوە، وەک گوتنی زۆرترین وشەی لێکەوتەی پەیوەست بە: ئاگر، ماسی، قوتابخانە... بۆ نموونە ئەو شتانەی پەیوەندیان بە ئاگرەوە هەیە، وەک: شقارتە، چەرخ، نەوت، غاز، بەنزین، سۆپا، تەباخ، ئاگرکوژێنەوە، دوکەڵ...

یان ئەوشتانەی پەیوەندیان بە ماسییەوە هەیە، وەک: ماسی، ئاو، دەریا، ڕووبار، خۆراک، ئۆکسجینی تواوە، پوولەکە...

٤. توانای دانانی زۆرترین وشەی گونجاو لە ڕستەو دەربڕینەکانیدا، کە واتایەکی دیاریکراو ببەخشێت.

## دووەم: نەرمکێشی Flexibility

– نەرمکێشی لایەنێکی جۆرییە لە داهێناندا، مەبەست لێی فرە بیرۆکەو بیرکردنەوەیە، کە لەلایەن قوتابی داهێنەرەوە پەیڕەو دەکرێت لە ڕێگەی مامەڵەکردن لەگەڵ بیرۆکەو بابەتە پێشنیارکراوەکاندا. هەروەها بە نەرمونیانی مامەڵە لەگەڵ بیرۆکەو هەڵوێستەکاندا دەکات بێ ئەوەی بشڵەژێ و پێشنیارە نەگونجاوەکان دووردەخاتەوەو باشەکانیش گرنگی پێدەدات. بۆ نموونە قوتابییەکی چەقبەستوو لەسەر بیرۆکەیەک (دۆگماتیزم) و نواندنی کەللەڕەقی و خۆسەپێنی کەمتر دەتوانێ داهێنان بکات لەو قوتابییەی نەرمونیانەو بەلایەوە ئاساییە، کە بۆچوونەکەی پێویستی بە پێداچوونەوەهەبێت.

## سێیەم: ڕەسەنایەتی Originality

واتە ڕەسەنە لە نوێکردنەوەو بیرۆکەی تاکلایەنانە، هەروەک ئەوەی قوتابییەک پێشنیاری بیرۆکەیەکی نوێ دەکات، کە جیاوازە لە نێو بیرۆکەی پێشنیارکراوی هاوڕێکانیدا، جا لێرەدا بیرۆکە نوێیەکەی قوتابییەکە خۆی دەسەپێنێت بەسەر ئەوانی کەدا، چونکە بیرۆکەیەکی نوێیەو نەگوتراوەو هەر بیریشی لێنەکراوەتەوەو بەبیری کەسیشدا نەهاتووە، جا ئەگەر ئەم بیرۆکە دەگمەنانە لە نێو گرووپەکەیدا، یان لە پۆلەکەیدا دەربکەون، ئەوا بەدڵنیاییەوە ئەم بیرۆکە پێشنیارکراوە ڕەسەنایەتی خۆی دەردەخات و دواتر خۆی دەسەپێنێت، چونکە لە بیرۆکە باوەکان ناچێت.

**لێرەدا ڕەسەنایەتی جیاواز دەبێت لە هەردوو هۆکاری پێکەر و نەرمکێشی، بەم شێوەیە:**

١. ڕەسەنایەتی ئاماژە بە چەندایەتی بیرۆکەی داهێنەرانەی تاک ناکات، بەڵکو پشت دەبەستێت بە بەهاو جۆرو ڕاستیەتی ئەو بیرۆکانە، بە تایبەتمەندیەش ڕەسەنایەتی لە پێکەری جیادەکاتەوە.

٢. ڕەسەنایەتی ئاماژە بە قوتابیە ترسنۆک و ڕاکردوەکان نادات، کە بیرۆکەو بۆچوونەکانیان زۆر دووبارە دەکەنەوەو جەختیش لەسەر بیرو بۆچوونی ئەوانی تر دەکەنەوە.

**لێرەدا دەتوانرێت ڕەسەنایەتی پێوانە بکرێت لەڕێگەی:**

١. چەند وەڵامی نائاسایی داوەتەوە؟ کە وەک بیرۆکەی پەسەند بۆ چارەسەرکردنی هەندێک کێشە دیاریکراون.

٢. دەستنیشانکردنی هەندێک ناونیشانی کورتەچیرۆکی خەمبارو دڵخۆشکەر، تا قوتابی بتوانێت لە کاتێکی دیاریکراودا یەکێک لەو ناونیشانانە هەڵبژێرێت بۆ ڕووداوەکە، یان بابەتە دیاریکراوەکە، دواتر چیرۆکەکە، یان ناونیشانەکە بگۆڕێت بۆ تابلۆیەک و لەڕێگەی ڕەنگ و هێڵەوە گوزارشتی لێ بکات.



مامۆستا کۆڵەکەی پشتی منداڵی داهێنەرە

لێرەدا ئەوە ڕوونبۆوە، کە بیرۆکەی داهێنەرانەی منداڵ چەند کاریگەری لەسەر کەسایەتی منداڵ بەجێدەهێڵێت و ئەو کاریگەریانەش ڕاستەوخۆ شوێنپەنجە لەسەر ئاییندەی منداڵەکە بەجێدەهێڵن، چونکە منداڵی پشتگیری کراو باشتر دەتوانێت لە ئاییندەدا بیربکاتەوەو ڕاقەو خوێندنەوەی بۆ داهاتوو هەبێت. کەواتە ئەرکی سەرپەرشتیارو مامۆستای تایبەتمەندە ئەو جۆرە منداڵانە فەرامۆش نەکەن و لەهەمانکاتیشدا کەشێکی ئارام و پڕ لە متمانە بۆ تەواوی منداڵەکان بڕەخسێنن، تا تەواوی منداڵەکانیش بە ئاسوودەیی بیربکەنەوەو پێشنیارەکانیان ئاراستەی مامۆستای تایبەتمەند بکەن، جا ئەگەر مامۆستا پێچەوانەکەی هەڵبژارد، ئەوا بێگومان سەرگەردانی بۆ منداڵەکان دەهێنێت و پرۆسەکەش بەرەو دواوە هەنگاو دەنێت و تەواوی کارەکەش دەخاتە ژێر گومانەوەو سەرەتا ئەرکی مامۆستا، ئنجا ئەرکی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنیش قورستر دەکات.




منداڵان خاوەن بیرۆکەی داهێنەرانەن

## مامۆستا و داهێنان

زۆرێک لە پەروەردەکاران ئەوەیان یەکلاکردۆتەوە، کە پرۆسەی داهێنان، یان فێرکاری داهێنەرانە لە پۆلێکی ئاڵۆز، یان لە ژینگەیەکی فێرکاری ئامادەنەکراودا ئەنجام نادرێت، جا لەبەر ئەوە هەندێک پرسیاری شەرمهێن دێنە پێشێ، وەک: چۆن مامۆستا دەبێتە مامۆستایەکی داهێنەر؟ یان چۆن دەتوانرێت پرۆسەی وانەگوتنەوەی داهێنەرانە بخرێتە ناو قوتابخانەکانەوە؟

لەو چوارچێوەیەدا، « ڕۆمی» Romey بەمەبەستی فێرکاری داهێنەرانەو بیرکردنەوەی داهێنەرانە بە چەند وشەیەکی سادە گوزارشت لە داهێنان دەکات و پێی وایە داهێنان: توانای کۆکردنەوەی بیرۆکەو شت و شێوازەکانە بە شێوازێکی هونەرکاری نوێ. جا ئەگەر مامۆستا توانی ئەو شێوازو هونەرکارییە نوێیە بەکاربهێنێت بۆ گەشەپێدان و تەقاندنەوەی توانا داهێنەرییەکانی قوتابییەکان، ئەوا بێگومان ئەو مامۆستایە مامۆستایەکی داهێنەرە، چونکە توانیویەتی بەهێزو بیرۆکەی نوێوە هەست و سۆزو بیری قوتابییەکان بوروژێنێت، لەهەمانکاتیشدا بیرۆکەیەکی بەکارهێناوە، کە هیچ مامۆستایەک لە پێش ئەودا بەکاری نەهێناوە، هەر لەبەر ئەوەشە ئەم جۆرە وانەگوتنەوانە دەبنە کلیلی بنەڕەتی بۆ فێربوونی داهێنەرانە و پەروەردەکردن.

هەروەها هەندێک لە پسپۆڕان پێیان وایە، ئەگەر مامۆستا هیچ هۆکارێکی داهێنەرانەی پێنەبوو Quotient Creativity ئەوا بەپێی بۆچوونی «ڕۆمی»: بێگومان خراپ بەسەر تەواوی قوتابییەکان، ئنجا قوتابییە داهێنەرەکاندا دەشکێتەوە.

هەربۆیە، بۆ ئەوەی مامۆستای وانەی پەروەردەی هونەر ڕەفتارە داهێنەرەکانی دیاری بکات، پێویستە سەرەتا توانا داهێنەرەکانی خۆی لە چالاکییە هونەرییەکاندا دەستنیشان بکات، ئەویش بە یەکێک لەم شێوانەی خوارەوە:

**یەکەم: داهێنان بکات لە ڕێکخستن و پوختەکردنی بابەتەکانی خوێندن، لەو ڕووەشەوە:**

– ئاسانترین ڕێگەی وانەگوتنەوە بۆ مامۆستا، بریتییە لە وابەستەبوونی بەو بابەتانەی لەنێو پڕۆگرامە دیاریکراوەکەدا دەستنیشان کراوە، یان پابەند بێت بەو پلانەی لەنێو پڕۆگرامەکەدا بۆی دانراوە.

– ڕێکخستنی بابەت و چالاکییە هونەرییەکان بەشێوەیەکی گونجاو، کە ڕۆڵی هەبێت لە دەرخستنی توانای داهێنەرانەی مامۆستا، بۆ نموونە: ڕوودانی دیاردەیەکی هونەری لە ناوچەکەدا، یان هەندێک قوتابی دەیانەوێت دیمەنی شارەکەیان جوان بکەن، یان دانانی کۆتەڵێکی هونەری لە گونجاوترین شوێنی شاردا، یان گەشتکردن، بە مەبەستی سەردانیکردنی پێشانگەیەکی هونەری شێوەکاری... جا لێرەدا مامۆستای وانەی پەروەردەی هونەر دەتوانێت سوود لەو دۆخ و ڕووداوانە وەربگرێت و پلان دابنێت بۆ ڕێکخستنەوەی کارەکان و بیرو بۆچوونی خۆشی، وەک بابەتی پێشنیارکراو بخاتە ڕوو. ئیدی لێرەدا مامۆستا دەتوانێت لە ڕۆتینی وانە باوەکان دەربچێت و قوتابییەکانیش لە خوێندنی نێو کتێبان ڕزگار بکات، بێگومان، ئەوەش دەبێتە هەلێکی باش بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکەی نێوان مامۆستاو قوتابیان لەلایەک و مامۆستاو ژینگەی ناوچەکە لەلایەکی ترەوە.



گەشتی قوتابخانە بۆ شوێنە گشتییەکان

**دووەم: داهێنان لە وروژاندنی کێشەدا:**

پێویستە مامۆستا هەندێک بابەت لەڕێگە کێشـەوە پێشکەش بکات، یان لەڕێگەی ئاڕاستەکردنی هەندێک پرسیار، کە پێویستی بە وەڵامدانەوە هەیە. ئیدی لێرەدا زۆربەی قوتابییەکان، یان بەشێک لە قوتابییەکان بە شێوەیەکی جیاواز لە کێشـەکە تێدەگەن و لێی دەڕوانن، کە جیاوازە لەوانی دی، جا لەسەر مامۆستایە بەشێوەیەکی داهێنەرانە کێشـەکان بخاتە ڕوو، کە بە پلەی جیاواز قوتابییەکان بشڵەژێنێت، تا توانای قوتابییەکان و وزە شاراوەکانیان دەربخات.

هەنـدێک لەو کێشـانەی پێویسـتە مامۆسـتا لە شـێوەی پرسـیارکردنی داهێنەرانەدا بیان وروژێنێت:

١. چـۆن دەتوانرێـت سـوود لە شوشـەی بەتـاڵ بـۆ کـارێکی هـونەری وەربگیرێت؟

٢. کورتە چیرۆکێک بنووسە لە پێنج وشە زۆرتر نەبێت.

٣. لە ڕێگەی وێنەکێشانەوە گوزارشت لە شێوەکان و پێکهاتەکان بکە.

٤. چـۆن دەتوانیـت پێـوانەی ڕووبەری بـازنەیەک بکەیـت لە کـاتی کێشـانی نەخشونیگاری ڕازاوەدا بێ ئەوەی هیچ یاساسەکی ئەندازەیی بەکاربهێنیت؟

٥. ڕیزە دارێک بکێشە، دواتر بزانە کام دارە لەهەموویان گەورەترە؟ بۆچی؟

**سێیەم: داهێنان لە پلاندانانی وانەکاندا:**

پلانـی خوێنـدن، بـریتییە لە پلانێکـی ڕێنیشـاندەر و ئاڕاسـتەکراو، تـا مامۆستا بەپێی ئەو پلانە بڕوات، نەک کۆمەڵێک یاساو ڕێسای چەقبەستووبن و نەتوانرێت گۆڕانکاری تێدابکرێت و وشە بە وشـەش جێبجێ بکرێن، بەڵکو پلان هۆکارە، نەک مەبەست. هەروەها دەتوانرێت پەنجەی لەگەڵدا نەرمبکرێت و ئامادەیە بۆ گۆڕانکاری و پێشخستن و چاککردنی بەپێی ئەو هەلومەرجەی دێتە گۆڕی، یـان هەیە. ئەوەش واتـای ئەوەیە، ئەگەر مامۆسـتا بە پلانێکـی وشک و بێهەسـت وانەی پەروەردەی هونەری گوتەوە، ئەوا بێگومـان واتـای ئەوە دەگەیەنێـت، کە مامۆسـتا لە هەمـوو ئاڕاسـتەیەکی داهێـنەرانەی وانەگـوتنەوە دوورکەوتـۆتەوە. کەواتە ئەوەش واتـای ئەوە دەگەیەنێـت، کە وانەگوتنەوەی داهێنەرانە بۆ یەک وانە پێویستی بە چەندین جۆر پلان هەیە،

که بگونجێت و شیاوبێت و پێداویستییەکانی قوتابیە ئاساییی و داهێنەرەکان پڕبکاتەوە.

**چوارەم: داهێنان لە ڕەفتاری وانەگوتنەوەدا:**

مامۆستای داهێنەر دەتوانێت قەرەبووی ئەو کەموکورتی و کەمتەرخەمییانەی لەوانەیە لەکاتی چالاکییە هونەرییەکاندا ڕوو بدەن بکاتەوەو توانای خۆیشی بخاتە گەڕ بۆ گەیشتن بەو مەرامە. جا لێرەدا ڕەفتاری وانەگوتنەوەی مامۆستا پێویستی بە داهێنانە لە بەڕێوەبردنی پۆلەکەدا، هەروەها نواندنی نەرمونیانی و هەستەوەری لە شێوازی فێرکردنی قوتابییەکان بە تاک و بە کۆ. لێرەدا مەبەست لە نەرمونیانی ئەوەیە، کە ڕۆڵی مامۆستا لە گەیەنەری زانیارییەوە بگۆڕدرێت بۆ بیسەری گفتوگۆکەر، تا چالاکییەکە ڕێڕەوی فێرکاری خۆی لەلای قوتابی وەربگرێت و کەمتەرخەمی نەنوێنێت و بگەڕێت بەدوای زانیاری نوێدا، ئیدی مامۆستاش پێویستە پرسیاری هاندەرانە لە قوتابییەکان بکات و چالاکییەکان فرەچەشن بکات و وەڵامە جۆراوجۆرەکانیش لە قوتابییەکان وەربگرێتەوە.

**پێنجەم: داهێنان لە چالاکیە کردارییەکاندا:**

گەشانەوەی کاری هونەری لە چالاکییە کردارییەکاندایە، ئەگەر چالاکییە کردارییەکان ببوژێنەوەو فرەجۆربن و بە خۆشی و گەرمییەوە جێبەجێبکرێن، ئەوا بێگومان قوتابییەکانیش ئاسوودە دەبن و لەدڵخۆشی و پەرۆشییەوە کارەکان ئەنجام دەدەن. لێرەدا وا دەخوازێت وانەگوتنەوەی داهێنەرانە لە وانەی پەروەردەی هونەر ببەسترێتەوە بە چالاکییە کردارەکییەکانەوەو بتوانێت کێشەو گرفتە هونەرییەکانی ناو پۆل، ئنجا وانەکە چارەسەر بکات. بێگومان، هەموو ئەوانەش پێویستیان بە سەپاندنی ئەرک و پرسیارکردن و دەرخستن و تاقیکردنەوە هەیە، تا ئەو چالاکیانە بە بیرۆکەو شێوازی داهێنەرانە پێشبکەون.

هەروەها ئەو بەهرە داهێنراوانە لەلای قوتابی گەشە دەکەن، ئەگەر ئەرک بدرێتە قوتابی، تا بۆخۆی بگەڕێت و بەدوای زانیاری و ئەنجامەکانی بکەوێت و تێبینی و سەرنجەکان بنووسێتەوەو پێوانەی بکات و ڕوونیبکاتەوەو دەرئەنجام بەدەستبهێنێت و پێشبینی بکات و پێشهاتەکان

لەبەرچاوبگرێت و نەخشەسازی بۆ تاقیکردنەوەکان بکێشێت و دواتر جێبەجێیان بکات، ئیدی بەم شێوەیە بیری داهێنەرانە لەلای قوتابی گەشە دەکات و ڕۆڵی دۆزەرەوە دەبینێت.

### شەشەم: داهێنان و ئامانجی ئاڕاستەکردنی پرسیار:

بۆ ئەوەی مامۆستا پرسیارێکی داهێنەرانە لە قوتابییەکان بکات، ئەوا ئەو پرسیارە پێویستی بە داڕشتنەوەو دووبارە بیرکردنەوەو دۆزینەوەو ئەنجامدانەوە هەیە. کەواتە پێویستە مامۆستا پرسیاری فرەجۆرو فرەئاست و فرەزانیاری لە قوتابییە فرە ئاستەکان بکات، چونکە قوتابییەکان هەموویان وەکو یەک بیرناکەنەوەو هەمووشیان لە یەک ئاستی گەشەی ئەقڵی و ژیریدا نین، جا ئەگەر مامۆستا لە پرسیارکردندا ڕەچاوی ئەو خاڵانەی کرد، ئەوا بێگومان قوتابییەکانیش بەپێی توانای خۆیان توانا داهێنەرەکانیان دەخەنە گەڕو هەریەکەشیان بە ئاست و توانای خۆیان وەڵامی پرسیارەکە دەدەنەوە. بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە مامۆستا تۆماری زانیارییەکانی لابێت، تا ئاست و توانای هەر قوتابییەک تۆماربکات و دواتر گەشەی بیرکردنەوەو وەڵامدانەوەی هەر قوتابییەک بەراورد بکات و بیزانێت.

### حەوتەم: داهێنان لە هەڵسەنگاندا:

ئامانج لە هەڵسەنگاندنی داهێنەرانە بریتییە لەوەی، کە جیاوازی بکرێت لە ئاستی جێبەجێکردنی قوتابییەکانداو مامۆستا هەوڵدەدات توانا داهێنەرەکانیان لەبەرچاوبگرێت و هەڵسەنگاندنی جیاواز بۆ هەریەکێکیان بکات. هەروەها پێویستە هەڵسەنگاندنەکان فرەلایەن بن، تا قوتابییەکان لە هەموو ڕوویەکەوە هەڵبسەنگێنێت و ئاستی زانیارییە وەرگیراوەکانیش پۆلێن بکات و توانای زانستی و کارامەیی و بیرکردنەوەی داهێنەرانەی هەر قوتابییەکیش دەستنیشان بکات، بۆ ئەو مەبەستەش شێوازی زانستی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بگیرێتەبەر، تا بزانرێت



هەڵسەنگاندن یەکێکە لە پرۆسە گرنگەکان، کە پێویستە مامۆستا ئەنجامی بدات

هەست و ئارەزوو و ئاڕاستەی داهێنانە باشەکانیان بەرەو کوێ دەچێت و تا کوێ سەرچاوە دەگرێت؟

### هەشتەم: نرخاندنی داهێنانەکانی مامۆستا:

پێویستە بەپێی ئەو حەوت پێوەرەی ئاماژەی پێدرا نرخاندن بۆ داهێنانەکانی مامۆستا بکرێت لە ڕێگەی قوتابییە داهێنەرەکانییەوە، چونکە توانای قوتابییە داهێنەرەکان بە شێوەیەک لە شێوەکان ڕەنگدانەوەی داهێنەرانەی مامۆستاکەیانن.

لە کۆتاییدا مامۆستای داهێنەر ئاوا ناودەبرێت، کە: خۆی بە تاکە سەرچاوەی داهێنانی قوتابییەکان نازانێت و ڕێز لە قوتابییە داهێنەرەکان دەگرێت و چێژ لە ئاڕاستە باشەکانی داهێنان وەردەگرێت و قوتابییەکان بەرەو داهێنانی زیاتر هاندەدات. هەروەها بواریش بۆ قوتابییەکان دەڕەخسێنێت، تا بە ئازادی کاربکەن و بیربکەنەوەو چالاکییە فێرکارییەکان هەڵبژێرن، ئەوەش بە ڕەخساندنی ژینگەیەکی فێرکاری داهێنەرانەو هاندانی قوتابییەکان دەبێت بۆ داهێنانی بیرۆکەی سەیرو سەمەرەو نوێ، کە توانا خۆییەکانیانی پێ دەربخەن.




نرخاندنی کارە باشەکانی مامۆستای باش ئەرکێکی لەپێشینەیە

هەروەها بۆ ئەوەی کەشێکی داهێنەرانە لە نێو قوتابخانەدا بڕەخسێنرێت و گەشە بە توانای داهێنەرانە بدرێت و وزەو هێزە داهێنەرەکان دەربخرێن، پێویستە بەڕێوەبەری قوتابخانەو یاریدەدەر و مامۆستاکانی کەشێکی لەبارو گونجاو لە قوتابخانە، ئنجا لە پۆلدا بۆ قوتابی بڕەخسێنن، تا شارەزایی داهێنەرانەی خۆیان لە نێو وانەکاندا دەربخەن، ئیدی لێرەدا ڕۆڵی مامۆستای داهێنەر دەردەکەوێت و بەیەکسانی بوار بۆ سەرجەم قوتابییەکان دەڕەخسێنێت و بیرۆکەی پێشنیارکراوی قوتابییەکان وەردەگرێت و گوێبیستی ڕاوو سەرنج و پێشنیارەکانیان دەبێت. لە هەمانکاتیشدا کەشێکی لەبارو ئارامیش بۆ قوتابییە داهێنەرەکان دەڕەخسێنێت، کە لەگەڵ هەست و سۆزو ویژدانیاندا بێتەوە، دواتر هانی کارە باشەکان دەدات و وەک کارێکی داهێنەرانە لە بەرهەمەکانیان دەڕوانێت و دەیانچوێنێت بە کاری ناوازەو نوێ، لەهەمانکاتیشدا شانازی بە قوتابی و کارەکانیانەوە دەکات.

بە پێی هەندێک لە توێژینەوە پەروەردەییەکان ئاستەنگەکانی داهێنان بەم شێوەیە خراوەتە ڕوو:

**یەکەم: کەمی توێژینەوە لە بوارەکانی داهێنانی زانستیدا:**

کەمی ئەو توێژینەوانەی، کە لە کێشە جۆراوجۆرەکانی داهێنانیان دەکۆڵییەوە، بە تایبەت لە ڕابردوودا، ئەوانە ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕاوە، تا مامۆستایان بایەخ بە قوتابی داهێنەر نەدەن و فەرامۆشیان بکەن و کارەکانیان بە بێ بایەخ و بێ کاریگەر لێیان بڕوانرێت و بە نادروستی مامەڵە لەگەڵ ئەو جۆرە قوتابیانەدا بکرێت، بەڵام بە هۆی گۆڕانکاری و پێشکەوتنە تەکنەلۆژییە ئەلەکترۆنییەکان لە ئێستەدا ئەم بایەخ و گرنگیپێدانە بە کەسە داهێنەرەکان لە بەرەودایە، بەڵام بەداخەوە لە وڵاتە تازە گەشەکردووەکاندا هێشتا نەبۆتە جێگەی دڵخۆشی بواری پەروەردە، یان ئەنجامەکان جێگەی بایەخ نین، جا لەبەر ئەوە زۆربەیان پابەندن بە بیرۆکە کۆنە باوەکانەوە، یان بیرۆکە نا ڕاستەکان، کە لەبواری فێرکردنی داهێنەرانەو گەشەپێدانی بیرۆکەی داهێنەرانەوە گوتراوە.

**دووەم: وانەگوتنەوەی باو:**

- قوتابی لە قوتابخانەکاندا بە شێوەیەکی باو وانەکان دەخوێنن و ناچاردەکرێن لەکاتی وانەگوتنەوەدا یەک لەدوای یەک بەڕیز دابنیشن و زانیارییەکانیان دەرخوارد بدرێت، هەروەک چۆن ئیسفنج ئاو هەڵدەمژێت،


کاتێك لە پۆلدا مامۆستا قسەکەرەو قوتابیش بیسەر ئەوا شیرازەی پۆل تێکدەچێت و بێزاری دروست دەکات

پێویسته ئەوانیش زانیارییەکان وەربگرن، بەداخەوە ئەوەش بە یەکێک لە ئاستەنگەکانی چالاکی داهێنەرانە دادەنرێت و توانای گەشەکردنی داهێنان دەپوکێنێتەوە.

– هەندێک لە سەرپەرشتیارە بەڕێزەکان ئارەزوو دەکەن وشە بە وشە ڕێنماییەکانیان لە لایەن مامۆستاکانەوە جێبەجێبکرێت، ئەوەش لەمپەرێکی گەورەی بەردەم داهێنان و گۆڕانکارییەکانەوە ڕێگە لەبەردەم مامۆستای وانەکە دەگرێت، تا تواناکانی خۆی دەربخات لە وانە تیۆری و کردارەکیاندا.

– هەندێک لە بەڕێوەبەری قوتابخانەکان پێیان وایە گەشەپێدانی توانا داهێنراوەکانی قوتابیان کارێکی سەخت و دژوارە، ئیدی ئەم جۆرە پڕۆگرام و بیرکردنەوانە لەگەڵ بیروبۆچوونی قوتابی داهێنەردا نایەتەوەو هەندێکجاریش قوتابییەکان دەبنە جێگەی هەراسانکردنی مامۆستاو بەڕێوەبەرو زانیارییەکان لە قوتابییەکە وەرناگیرێت و ڕەت دەکرێنەوە.

لە هەمانکاتیشدا بەداخەوە هەندێک مامۆستا پێیان وایە، ئەگەر بەڕێوەبەرو یاریدەدەرەکانیان هاوکاریان پێشکەش بکەن لەبارەی قوتابییە داهێنەرەکانەوە، ئەوا کارێکی شەرمهێنەرو نەنگییە، چونکە هەندێکجار قوتابییە زیرەک و داهێنەرەکان هەندێک پرسیار دەکەن، کە جێگەی تێڕامان و لێوردبوونەوەیەو پێشبینی نەکراون، جا لێرەدا هەندێک مامۆستا هەست بە شەرمەزاری دەکەن لەبەرانبەر بەڕێوەبەرەکانیاندا، ئەگەر نەتوانن وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە، هەربۆیە بەپێی دیدو تێڕوانینی «تۆرانس» ئەم ڕەفتارانە ڕاستەخۆ کاریگەری لەسەر تەندروستی ئەقڵی داهێنەر بەجێدەهێڵێت.



ترس، دەروونی قوتابی دەشێوێنێ

– هەروەها ئەو قوتابخانانەی کەشێکی پڕ لە ترس و تۆقاندن و توندوتیژی باڵی بەسەردا کێشاون، ئەوا کەمترین سەرمایەگوزاری داهێنانی تێدا ئەنجام دەدرێت و توانای بیرکردنەوەی داهێنەرانە لای قوتابییەکانی کەمترن.

## سێیەم: تەواوکردنی مادەکانی خوێندن بەمەبەستی فێرکردن:

زۆرجار کەڵەکەبوونی پرۆگرامەکانی خوێندن دەبنە بەربەست لەبەردەم گەشەپێدانی توانا داهێنەرەکانی قوتابیان، چونکە پێیان وایە دەبێت ئەم پرۆگرامانە لە ‹ئەلفەوە›، تا ‹یاء› تەواوبکرێن، بەڵام بەداخەوە لە هیچ پرۆگرامێکی خوێندندا ئاماژە بەوە نەکراوە، کە مامۆستای زیرەک و داهێنەریش ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت لە گەشەپێدانی تواناکانی قوتابیاندا، ئەوە تەنها پرۆگرامەکان نین، کە دەتوانن گۆڕانکاری دروست بکەن، بەڵکو ڕۆڵ و کاریگەری مامۆستاش لەم قۆناخەدا گرنگە.

شایانی باسە، زۆربەی مامۆستا زیرەک و داهێنەرەکان مادەی زۆری زانستی بە شانی قوتابیدا نادەن، بەڵکو هەوڵدەدرێت پشت بە توانا زانستی و کارامەیی و ئەزموونی قوتابییەکانیش ببەسترێت، تا بەهرەو توانا ژیرییە داهێنەرانەکانیان بەرز بکەنەوەو دواتر پەرەی پێبدەن.

## چوارەم: پرۆگرام و کتێبەکانی خوێندن:

توێژینەوەکانی هەڵسەنگاندن ئاماژە بەوە دەدەن، ئەم کتێبانەی خوێندن لەسەر بنەمای گەشەپێدانی توانای داهێنان دانەنراون، هەرچەندە لە بواری داهێناندا ئەدەبی پەروەردەیی جەخت لەوە دەکاتەوە، کە پێویستە پرۆگرامەکانی خوێندن و بەرنامە فێرکارییەکان جەخت لەوە بکەنەوە، کە پێویستە ئامانجیان گەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانەی قوتابییەکان بێت.



وانە کردارەکییەکان منداڵان دڵخۆش دەکەن

کەواتە پێویستە لە دانانی پرۆگرامەکاندا ڕەچاوی وانە کردارییەکان بکرێت، تا قوتابی تەنها بە وانە تیۆرییەکانییەوە گرفتار نەبێت و لەڕێگەی وانە کردارەکییەکانەوە تواناکانی خۆی بۆ مامۆستا بسەلمێنێت، چونکە چالاکیە کردارییەکان سنووری کارکردنیان نییەو کراوەن و قوتابیانیش سەرپشک دەکات، تا لەدەرەوەی پرۆگرام و وانەکاندا کاری ئازاد ئەنجام بدەن و تواناکانی خۆیان لەو بوارەدا تاقیبکەنەوە. هەروەها، وانەی پەروەردەی هونەریش لەو بوارەدا هەنگاوی بوێرانە دەنێت و لەسەر مامۆستای کارامەش گرنگە ڕەچاوی ئەو خاڵە بکات.

**پێنجەم: ئاڕاستەکان بەرەو داهێنان:**

- هەندێک مامۆستا پێیان وایە قوتابییە داهێنەرەکان بەشێوەیەکی بۆماوەیی ئەو تایبەتمەندییەیان بۆ بەجێماوەو ژینگەی فێرکاری هیچ ڕۆڵ و کاریگەرییەکی لەو بوارەدا نییە، هەروەها هەندێکی دی پێیان وایە بەهرەداری بەسە و پێویست بە ڕاهێنانی داهێنەرانە ناکات، لێرەدا هەردوو بۆچوونەکە هەڵەن.

- هەندێک مامۆستای کۆنەخواز، بەتایبەت ئەوانەی لەبارەی داهێنانەوە بیرکرنەوەی باشیان نییەو ناتوانن و نازانن چ ڕێگەیەک هەڵبژێرن؟ و چ پلانێک ڕەچاوبکەن؟ تا کەرەستەو شمەکە فێرکارییەکان لە بواری هاندانی داهێناندا بەکاربهێنن.

- هەروەها هەندێک لە ئاڕاستەکان فشار دەخەنە سەر قوتابییە داهێنەرو زیرەکەکان، تا خۆیان بگونجێنن لەگەڵ هاوڕێکانیاندا، ئیدی ئەوەش کاریگەری لەسەر داهێنەرو داهێنانەکانی دروست دەکات.

**شەشەم: ئەو هۆکارانەی تر، کە پەیوەندیان بە سیستەمی پەروەردەوە هەیە:**

١. خوێندنێک تەنها ئاڕاستەکراوە بۆ دەرچوون و بەدەستهێنانی زانیاری و بڕوانامە.

٢. تاقیکردنەوەکانی قوتابخانەو زانیاری کەم بەخشین.

٣. بێ بەها کردنی پرسیارکردن و دۆزینەوە، کە زۆرجار لە لایەن مامۆستاوە قوتابی ڕووبەڕووی سزادان دەکاتەوە.

کەواتە لێرەدا چەند ئاماژەیەک دەردەکەون، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە داهێنانەوە هەیەو پێویستە مامۆستای پەروەردەی هونەر ئاگاداری ئەم خاڵانەبێت و بە ئاگاییەوە لێیان بڕوانێت و بایەخ بە دۆخ و شێوازی جێبەجێکردنیان بدات و هەل و بواری سازانیشیان لەبەرچاوبگرێت.

لێرەدا ئەم چەند خاڵە دەخەینە ڕوو، تا مامۆستای ئامادەکراو تەواوی پرۆسەکەی لەبەرچاوبێت و هەروەک لە وێنەکەشدا ڕوونکراوەتەوە، کە ئەم شەش تەوەرە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر بیری داهێنەرانەی قوتابی هەیەو دەتوانن بواری باش بۆ قوتابی بڕەخسێنن، تا ئاستی داهێنان و بیرکردنەوەی باش ئەنجام بدات.

هەروەها لەوانەشە هەر ئەم شەش تەوەرەش ببنە هۆی تێکدانی بیری منداڵ و ئاستی داهێنان و خەیاڵبازی قوتابییەکان بشێوێنێت، ئەگەر فەراهەم نەکرێن. لێرەدا هەر شەش خاڵەکە لەبارەی ئەم کاریگەریانەوە دەخرێتە ڕوو، بەم شێوەیە:




١. ژینگە، ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر قوتابی دروست دەکات، چونکە ژینگەی لەبار باشترە بۆ داهێنان لە ژینگە شێواو.
٢. تەکنەلۆژیا، مامۆستا چەند کەرەستەکانی تەکنەلۆژیا بۆ وانەکەی بەکاربهێنێت ئەوەندەش ئاستی بەخۆزانی و توانای خەیاڵبازی فێرکاری لەلای قوتابییەکان دەوروژێنێت.
٣. پەروەردە، ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لەسەر تەواوی پرۆسەکە، چونکە مامۆستاو پرۆگرام پێکەوە گرێدراون و هەردووکیان تەواوکەری یەکترین.
٤. بیرکردنەوەی ئازاد، چەند ئەو بوارە بۆ قوتابی برەخسێنرێت ئەوەندەش دەتوانێت بە ئازادانە خەیاڵبازی بکات و توانا شاراوەکانی خۆی بدۆزێتەوەو بیان خاتە گەڕ.
٥. کۆمەڵگە، ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر تەواوی پرۆسەکە بەجێدەهێڵێت، جا ئەگەر کۆمەڵگە ئامادە نەبێت بۆ ئەم پرۆسەیە ئەوا بێگومان تەواوی سیستەم و پرۆسەکە دەخاتە بەر مەترسیەوە.
٦. سیستەم، سیستەمی باش هەلی باش دەرەخسێنێت، بەڵام سیستەمی خراپ هەموو شتەباشەکان لەناودەبات، جا لەبەر ئەوە سیستەم، وەک تەونی جاڵجاڵۆکە پەیوەندی بەتەواوی پرۆسەکەوە هەیە.

# وانەی هونەر بۆ پۆلی یەکەم

بۆ تێگەیشتن لە هونەری منداڵ لە پۆلی یەکەمدا، پێویستە سەرەتا بگەڕێینەوە بۆ پۆلێنکردنە بەناوبانگەکەی زانای سویسری «ڤیکتۆر لۆنفیلد»، کە تیایدا گەشەی توانای وێنەکێشان لای منداڵ دابەش دەکات بۆ حەوت قۆناخ و ئەو قۆناخانەش بە پێی تەمەنی منداڵ دابەش دەکات. لەو ڕووەشەوە گەشەی لەشەکی و ئەقڵی، کاریگەری دەبێت لەسەر کارە هونەرییە بەرهەمهاتووەکەو بەپێی تەمەنەکەی، تا گەورەتربێت گۆڕانکاری بەسەردا دێت. جگە لەوەش وێنەکانی جوانترو باشتر دەبێ و ناسینەوەی هێمای ناو وێنەکانیش ساناترو ڕوونتر دەبێت بۆ بینەر.

## قۆناخەکانی دابەشبوونی هونەری منداڵ لای (ڤیکتۆر لۆنفیلد):

١- قۆناخی ئامادەبوون بۆ هێڵکاری: لە تەمەنی دوای بوون تا ٢ ساڵی.
٢- قۆناخی هێڵکاری: لە تەمەنی (٢ تا ٤) ساڵی.
٣- قۆناخی ئامادەبوون بۆ هەستکردن بە شێوەکان: لە تەمەنی (٤ تا ٧) ساڵی.
٤- قۆناخی هەستکردن بە شێوەکان: لە تەمەنی (٧ بۆ ٩) ساڵی.
٥- قۆناخی هەوڵدان بۆ گوزارشتکردن لە ڕاستی: لە تەمەنی (٩ بۆ ١١) ساڵی.
٦- قۆناخی گوزارشتکردن لە ڕاستی: لە تەمەنی (١١ بۆ ١٣) ساڵی.
٧- قۆناخی باڵق (هەرزەکاری): لە تەمەنی (١٣ بۆ ١٨) ساڵی.

شایانی باسە، لەم هەنگاوەی ئێستادا، تەنها خاڵی سێهەم باسدەکرێت، کە پەیوەستە بە منداڵی تەمەن (٤ بۆ٧) ساڵ. هەروەها لەسەر جۆری چالاکی و شێوازی جێبەجێکردنیشیان زانیاری دەدرێت و لەگەڵ حەزو ویستی منداڵەکان هەنگاوەکان دەخرێنە ڕوو ، پێویستە مامۆستای پەروەردەی هونەریش ڕەچاوی هەستیاری تەمەنی ئەم قۆناخەی منداڵ بکات و هەڵپە نەکات لەکاتی جێبەجێکردنی وانە کردارییەکاندا.

سەرەتا زانیاری پەروەردەیی پێویست بۆ ئەم قۆناخە دەخرێتە بەرچاوی مامۆستای وانەی هونەر:

## قۆناخی ئامادەبوون بۆ هەستکردن بە شێوەکان: (٤ بۆ ٧) ساڵ

منداڵ لە پۆلی یەکدا، وەک (ئەقڵ و لەش) گەشەی زۆرتری کردووە، هەروەها باری کۆمەڵایەتی و شارەزا بوونی بۆ بەرانبەرو دەورووبەر زیاتر نەشونمای کردووە. لە باخچەی منداڵانەوە هەنگاو دەنێ بەرەو قوتابخانەو ئەندامی نوێ دەناسێ، ئەوەش بەئاشکرا کاردەکاتە سەر دەربڕینە هونەرییەکانی.

هەروەها لەم ئاستەی تەمەنی منداڵدا هێماکان زۆرتر واتاو زانینی پێوە دیارەو وەک لە قۆناخی پێشوتری (ناولێنان)دا دەرکەوت. دەتوانرێت شێوەکان باشتر بناسرێنەوە، کە لە قۆناخی ناولێناندا ساکار بووە، ئێستاش بە ئاشکرا ئەو شێوانە دەناسرێنەوە، کە منداڵەکە دەیانکێشێ، وەک: وێنەی (مرۆڤ، گیاندار، سروشت) لەم قۆناخەدا هەر شتێک لە دەورووبەری منداڵەکەدا هەبێت، ئەوا بێ دوودڵی بە شێوەیەکی ڕاستییە ڕاستەقینە بینراوەکە گوزارشتیان لێدەکات، بەڵام بە دنیابینی و تێگەیشتنی منداڵانەی خۆی، بەڵام بەداخەوە، وەک نیگاری گەورەکان هەستیان پێناکرێن و نابینرێن، بۆیە بینینی گەورەکان بۆ دەورووبەر زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەو بینینەی، کە منداڵ دەیبینێت و هەستیان پێدەکات.

## ئەرکی سەرشانی مامۆستا لەم قۆناخەدا: (٤ بۆ ٧) ساڵ

ئەو ڕێگاو بۆچوونانەی منداڵ لە تەمەنی (٤ تا ٧) ساڵی دەیگرێتە بەر گرنگترین شێوازەکانی ژیانییەتی. هەربۆیە، ئەرکی سەرشانی مامۆستا ئەوەیە بە هیچ جۆرێک بەرپەرچی گوزارشتی منداڵ نەداتەوەو بەهیچ جۆرێک گاڵتە بە شێوازی کارکردنی نەکات، بەڵکو هانی بدات بۆ بەردەوام بوون و تێکەڵبوون بە چالاکی هونەری، بۆ ئەوەی زەمینەیەکی گونجاوی بۆ برەخسێنێ، تا کار بکات. بە ئامادەکردنی کەرەستەو کەلوپەلی بەکارهێنان وەک:(کاخەز، پاستیل، ماجیک، قەڵەمی ڕەنگاو ڕەنگ، هەروەها قوڕ، یان قوڕی دەستکرد، یان هەویر...) پێویستە لە کاتی هەست بزواندنی منداڵ بۆ گوزارشتکردن بابەت دەستنیشان بکرێت، کە پەیوەستە بە توانای لەشەکی و ئەقڵی منداڵەکە بەتایبەت ئەو بابەتانە بن، کە بەسەر ژیانی منداڵەکەدا هاتوون، چونکە منداڵ لەم تەمەنەدا بە سروشتە بینراوەکەی خۆی سەرنج

ڕاناکێشێ هێندەی بە زانیاریەکانی سەرسامە... (هەر ئەمەیە وا دەکات منداڵ زۆر پرسیار بکات و بەدوای زانیاری نوێدا بگەڕێت و دەیەوێت وەڵامی ئەو پرسیارانە وەربگرێت، کە لەخەیاڵدانیدا بێ وەڵام ماونەتەوە).

## مەشق و لێکۆڵینەوە لە هونەری منداڵ لەم قۆناخەدا: (٤ بۆ ٧) ساڵ

١- کۆمەڵێ وێنەی منداڵەکان کۆبکەوەو پاشان هەوڵ بدە دەستنیشانی گۆڕانکاریەکان بکەیت، کە ڕوودەدات لە هەر توخمێ، کە هەڵدەستێ بە گوزارشت دەربارەیان.

٢- ئەو شێوە ئەندازەیی و هێڵانەی منداڵ بەکاریان دەهێنێ لە وێنەکانیدا دەستنیشانیان بکە.

٣- تێبینی ئەوە بکە، تاچ ڕاددەیەک گۆڕان ڕوودەدات لە هەر وێنەیەک، کە دەیانکێشێ.

٤- کاریگەری ئەو زانیاریانەی، کە نرخی هەیە لای منداڵەکە لە وێنەکانیدا.

٥- پەیوەندییە ژینگەیی و زەمینیەکانی بابەتەکان تێبینی بکە.

٦- سەرژمێری هێما جیاوازەکانی بکە، کە دەیان دۆزێتەوە.

٧- هەندێک جار یەک بابەتیان بدەرێ، جارێک بە بێ هەست جوڵاندن، جارێک بە هەست جوڵاندنێکی گونجاوەوە، پاشان بەراوردی هەردوو ئەنجامەکان بکە بە دەستنیشانکردنی کاریگەری زانیاریەکان و بزانە لە وێنەکانیدا زانیاریەکان لای منداڵەکە نرخیان هەیە؟ (ئەوەی لێرەدا زۆر گرنگە ئەوەیە، کە بزانە منداڵەکە بە زانیاریەکان سەرسامەو گۆڕان لە وێنەکەیدا دروست دەبێت، یان گۆڕانکاری دروست دەکات؟).

## بۆ زیاتر شارەزابوون لەم قۆناخەی هونەری منداڵ واتە (٤ بۆ ٧) ساڵ:

لە وێنەکاندا شێوە ئەندازەییەکان زاڵ دەبن بە سەر تابلۆکاندا، کە بە یەکەم شێوازی گوزارشتی هونەری منداڵ دادەنرێت. تێبینی هێڵ و نیمچە ئەندازەیی تێدا دەکرێت، بۆ نموونە: ئەگەر منداڵ وێنەی مرۆڤی کێشا ئەوا شێوەی سەری نیمچە بازنەیی دەکێشێ و باڵ و پەلەکانی بەشێوەی هێڵی

ڕاست دروست دەکات. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چالاکییە جووڵەو ماسولکەییانەی منداڵ لەم تەمەنەدا.

هەروەها جۆراو جۆرکردنی وێنەی یەک شێوە لە کارەکانیدا هەیە. تێبینی دەکرێت لەم قۆناخەدا منداڵ وێنەی یەک شێوە بە چەند جۆر ڕەنگ، یان شێوە بەکاردەهێنێ و دواتر دڵخۆشی منداڵ وا دەکات ئارەزوو بە سروشتەکەی خۆی بکات و چێژی لێوەربگرێت. حەز دەکات جووڵەو بزواندنی جیاواز جیاواز بەکاربهێنێ. لە ئەنجامدا ئەوە هەست دەکرێت، کە وێنەی جیاوازو جۆراوجۆر بۆ یەک شت، یان یەک شێوە بەکاردەهێنێ بۆ نموونە: ئەگەر بۆ چەند جارێک داوامان لێکرد وێنەی مرۆڤ بکێشێت لە هەموو جۆرەکانیدا وێنەیەکی جیاواز دەربارەی مرۆڤ دەکێشێت، هەروەک بیەوێ بەدوای هێمایەکی دیاریکراودا بگەڕێت، کە هێشتا نەی گەیشتوتێ، یان نەی دۆزیوەتەوە.

ئەم قۆناخە، قۆناخی گەڕان و تاقیکردنەوەیە (ئەزموونکردنە) لە نیگارکێشاندا، لەبەر ئەوە شێوەکان تیایدا سیمایەکی جۆراوجۆرو جیاوازی هەیەو پەیوەندی بە (شوێنەوارو شتەکان)ـە وە هەیە، کاتێک منداڵ دەیەوێ وێنەی شوێنێک بکێشێت بە شێوەیەکی خۆیی تەماشای دەکات، بۆ نموونە: کاتێک لەم تەمەنەیدا شەقامێک دەکێشێت بەلایەوە گرنگ نییە، کە دەبێ درەختەکان لە قەراخی شەقامەکەدابن و ئۆتۆمبێل لە ناوەراست و خەڵکی لەسەر شۆستەکان ڕێ بکەن، بەڵکو ئەوەی بە لایەوە گرنگە لە سەر کاخەزەکە هەموو بابەتەکە بکێشێ و لە یەک ڕوودا کۆیان بکاتەوەو پیشانمان بدات بە پێی ئارەزووی خۆی و هەموو بابەتەکە لە بەردەمی خۆیدابن و گوێ بە پەیوەندییە بینراوەکان و شوێنی شتەکان نادات، گرنگ ئەوەیە ئەو بابەتانە دەکێشێت، کە بە پێی ئەو زانیاریانەی خۆی هەیەتی لە بارەی شتە بینراوەکانەوەو بۆیە دەردەکەوێت، کە ئەوانە هەست پێکردنێکی خۆییە، نەک بابەتی.

هەروەها منداڵ لەم قۆناخەدا ڕەنگ بەکاردەهێنێ بۆ تام و چێژ لێوەرگرتن لە بەر ئەوەی پشت بە چاوی نابەستێ، تا شتەکان وەک خۆی ڕەنگ بکات، بەڵکو بە حەزی خۆی ڕەنگ بەکاردەهێنێ لە جیاتی ڕەنگی سەوز بۆ گەڵای درەخت بەکاربهێنێ لەوانەیە ڕەنگی شین بەکاربهێنێ،

هەروەهـا ئەمە ئەوە دەسـەلمێنێ، کە منـداڵ لەم قۆنـاخەی تەمەنیـدا ڕەنـگ بەکـاردەهێنێ لەپێنـاو جیـاکردنەوەی پێکهاتەکـانی نـاو وێـنەکە. هەروەهـا لە پێناوی تام و چێژ لێوەرگرتنی دەروونی خۆیی.

## ڕەچاوکردنی هەندێک تایبەتمەندی

١. پێویستە ڕەچاوی ئەو منداڵانە بکرێن، کە لە باخچەی منداڵانەوە هاتوون بۆ قوتابخانە، چونکە ئەزموونی کاری هونەریان کردووەو زانیاریان لەبارەی شتەکانەوە هەیە.
٢. ئەو منـداڵانەی بە قۆنـاخی بـاخچەی منداڵانـدا ڕەت نەبـوون، پێویسـتە ڕەچاوی هەستیان بکرێت و وا پیشـان نەدرێن، یان وا دەرنەخرێن، کە هـیچ نەزان و بێ ئەزموونن.
٣. پێویسـتە مامۆسـتا ڕەچـاوی ئەوە بکـات، پـۆلی یەکەم، یەکەم ئەزمـوونی منداڵە لەگەڵ قوتابخانەدا، جا دەبێت ڕەفتارێک نەنوێنێت ببێتە هـۆی ئەوەی منداڵ لە قوتابخانە بتۆرێنێت.
٤. بەکارهێنـانی زمـانی گفتوگـۆی نەرمونیـان و دەسـتەواژەی سـادە، تـا منداڵەکان بەهێمنی و لەسەرخۆ ئاوێتەی کاری هونەری ببن.
٥. ڕەخساندنی بواری کاری ئازاد بۆ منداڵەکان، تا پەیوەندی کۆمەڵایەتیان بەهێز بەکەن.
٦. هەندێک لەو منداڵانەی بە باخچەی منداڵاندا ڕەت نەبوون سـەرەتا هەندێک کێشـە بـۆ وانەکە، ئنجا بـۆ مامۆسـتا دروسـت دەکەن، بەڵام هەرزوو دەبێت مامۆستا هەست بەوە بکات و بە ئاسایی وەری بگرێت و ئەو منداڵانە بخـاتە گرووپەوەو دواتر چاودێریان بکات و پاشان ئاراستەیان بکات.
٧. نابێت فشاری دەروونی و کاری هونەری زۆر بخرێتە سـەر منداڵەکان، تـا هەست بە بێزاری و هەراسانکردن نەکەن.
٨. پێویسـتە مامۆسـتا، وەک هـاوڕێیەک مـامەڵە لەگەڵ منداڵەکانـدا بکـات، تـا هەست بە متمانەی زۆرتر بکەن.
٩. پێویسـتە مامۆسـتا ڕەچـاوی ئەو تێبینـی و سـەرنجانە بکـات، کە لە نێـو باسەکەدا خراونەتە ڕوو، لەهەمانکاتیشدا گرنگی بە هەڵسەنگاندنەکان بدات و سەرجەم زانیارییە بەدەستهاتووە تاکییەکان لەنێو تێنوسێکدا تۆمار بکات و

جار جارەش بەسەر زانیارییەکاندا بچێتەوەو هەڵسەنگاندن بۆ پێشکەوتنەکان بکات.

## گەشەپێدانی هەستی جوانناسی لەم قۆناخەدا

گەشەپێدانی هەستی جوانناسی یەکێکە لەو ئامانجە سەرەکیانەی وانەی پەروەردەی هونەر بۆی تێدەکۆشێت و هەڵدەدات لەڕێگەی پرۆگرامەکانییەوە ئەو ڕێگاو شێوازانە بگرێتە بەر، تا ئاستی جوانناسی قوتابی بەرز بکاتەوەو تواناکانی بۆ ئەو بوارە گەشە پێبدات. هەروەها دابەزینی ئاستی جوانناسی لە هزرو ئەقڵ و هۆشی تاکەکاندا بەدوای خۆیدا کارەسات دەخوڵقێنێ، چونکە پێویستە مرۆڤەکان هەمیشە لە دیدیکی جوانناسی بەرزەوە لە دەوروبەریان بڕوانن و هەمیشە بەها بۆ شتەکان دابنێن، چونکە ئەگەر تاک بە بێ بەها لە شتەکانی دەوروبەری ڕوانی، ئەوا بێگومان شیرازەی هەمووشتەکان تێک دەچێت، ئنجا تێکیان دەدات.

هەروەها پێویستە ئەوەش بزانرێت، کە جوانی بیرێک نییە لە دەرەوەی کارە هونەرییەکاندا بوونی هەبێت، یان ئایدیایەک نییە لە ئاسماندا شوێنپێی هەڵبگیرێت، بەڵکو لە ناوەوە بەهۆی کارە هونەرییەکانەوە هەیەو دەبێت. وە بەهۆی داهێنانی هونەرمەندەوە ڕوخسارەکانی ئاشکرا دەبن و ڕەنگاوڕەنگ دەبێت و زیاد دەکات. کەواتە نێوانی لێکۆڵینەوەی جوانی سروشت و هونەرە...

پێویستە هەستی جوانناسی بە کردەوە لە ناخی قوتابییەکاندا گەشەپێبدرێت و بە شێوەیەکی سادەو ساکار پێیان بناسێنرێت و دواتر لەسەریان ڕاهێنان بکرێت، چونکە ئەگەر پۆلەکە بە پاک و خاوێنی ڕانەگرن ئەوا بێگومان پیس دەبێت، جا بۆ ئەوەی پۆلەکە پاکوخاوێنبێت، پێویستە شتەکان فڕێنەدەنە سەر زەوی و لەهەمانکاتیشدا هەر قوتابییەک ژێرخۆی پاک ڕابگرێت ئەوا تەواوی پۆلەکە بەپاکوخاوێنی دەمێنێتەوە. ئەمەو چەندین نموونەی تر پێویستە منداڵەکانی لەسەر ڕابهێنرێت (باشترین شت بۆ ئەم کارە ڕەچاوکردنی یاسای پۆلە).

شایانی باسە، منداڵ ئەزموون دەکات و گەشە بەخۆی دەدات لە ڕێگەی هەر پێنج هەستەکانییەوە ‹بینین، دەستلێدان، بیستن، تامکردن، بۆنکردن›.

لەبەر ئەوە پێویستە منداڵ هەر پێنج هەستەکانی بەکاربهێنێت، بەکارهێنانێکی بێ سنور لەڕێگەی کارە جۆربەجۆرە هونەریەکانەوە، بەتایبەتیش هەستی (دەستلێدان و بینین) لە هەموو هەستەکانی تر گرنگترن بۆ یارمەتیدانی منداڵ و وای لێ دەکات هەستی جوانناسی لای منداڵەکە گەشە بکات.

## گرنگی ئەم هەستانە، لە گەشەپێدانی هەستی جوانناسی لای منداڵ

### یەکەم: هەستی جوانناسی بینین

(تێبینی و دۆزینەوە)، ئەو هەنگاوە سەرەکیەن، کە هاوکاری منداڵ دەکەن بۆ ڕێکخستنەوەی زانیارییە بینراوەکان. هەروەک چۆن منداڵ تێبینی ئەوە دەکات، شێوەی دارەکان جیاوازن. لێرەدا داری بچوک لە داری گەورە جیادەکاتەوە، هەندێکیان گەڵای پان و ئەوی تریان ڕەنگی سەوزی کاڵە، هەندێکی تریان ڕەنگی گەڵاکەیان زەردە. لێرەدا منداڵ دەتوانێ ڕەنگ و شێوە لێکچووەکان بناسێتەوەو جیاوازی لە نێوانیاندا بکات. کەواتە منداڵ دەتوانێ گرنگی بە هەستی بینین بدات بەو مەرجەی ڕێگای بۆ خۆش بکرێت و وەڵامی پرسیارەکانی بدرێتەوەو سەرکۆنە نەکرێت لەکاتی بەکارهێنانی هەستەکاندا.

### ئامانج لەوەش بۆ بەدەستهێنانی:

١. منداڵ فێربێت چۆن تایبەتمەندییە جیاوازو لێکچووەکان لەنێوان شێوەو ڕووکەش و جووڵە لەبۆشایی و ڕووناکیدا لێکجیابکاتەوە.
٢. منداڵ فێربێت چۆن شیکردنەوەی پێکهاتەکان ببینێت و سەرنجی خۆی لەسەریان بدات.
٣. پێکهاتەکانی ‹بینین و بیریەکان› تێکەڵبن، بەمەبەستی گەشەی ئەقڵی.
٤. هەوڵدان بۆ گەشەی بینین بۆ شێوەو پێکهاتەکان.

لەم ڕێگایەوە منداڵ دەتوانێ جیاوازی بکات لەنێوان پێکهاتە جوان و ناشیرنەکان لەو ژینگەیەی تێیدا دەژیت، جا ئەم ژینگەیە ماڵ بێت، یان باخچەی منداڵان، یان قوتابخانە.

**دووەم: هەستی دەستلێدان**

منـداڵ لەم تەمەنەدا کۆمەڵێـک کەرەسـتەی دەوروبەری دەناسـێت لە ڕێگەی دەستلێدانەوە بەپێی دەرەنجامەکەی «بیاژەو کوبیە»، کە پێیان وایە:

١. پەروەردەکردنـی هەسـتەکانی منـداڵ، دەروازەیەکـن بـۆ گەشـەپێدانی هەستەکانی ماسولکەیی، بینین، بیستن، دەستلێدان، تامکردن، بۆنکردن.
٢. لێکبەسـتن و بەیەک گەیشـتنی هەسـتە ماسـولکەییەکان لەگەڵ یەکتـر، سەرەتایەکی باشیشە بۆ گەشەی بیرکردنەوەی منداڵ.
٣. جۆراوجـۆری هەسـتەکانی دەسـتلێدان لای منـداڵ، وابەسـتەیە بەو کەرەستە خاوانەی منداڵ بەکاریان دەهێنێت لە بەرهەمەکانیدا.
٤. ڕاهێنانی هەستی دەستلێدان لەڕێگەی توانا دەستیەکان و هونەریە جۆراو جۆرەکـان، وەک: هەڵوەشـاندن و لێکبەسـتنەوە، دروسـتکردن و ڕێکخسـتن، دروستکردن، چاپکردن، ڕەنگکردن، هێڵکاری، لێرەدا منداڵ دەتوانێت لە نێوان ئەم پێکهاتانەدا یەکێک هەڵبژێرێت.

## ئامانجی تایبەت لە گەشەپێدانی هەستی جوانناسی لای منداڵ لەم تەمەنەدا

بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی هەستی جوانناسـی لای منداڵ، پێویسـتە لەسـەر مامۆسـتای پەروەردەی هـونەر منـداڵ هانبـدات ئامانجەکـانی چاکبکـاتەوە، یـان ڕێکیانبخـاتەوە، بەتـایبەت ڕاسـتکردنەوەی ڕەفتارەکـانی منداڵ لە ڕێگەی:

١. ئامانجە زانیارییەکان.
٢. ئامانجە هەستەجووڵەکان، توانا دەستی و هونەریەکان.
٣. ئامانجە ویژدانییەکان.

**یەکەم: ئامانجە زانیارییەکان:**

ڕاستکردنەوەی ئامانجەکان، ئەم کردەوانە دەگرێتەوە:
بناسـێت، ببیەسـتێت، جیـاوازی بکـات، شـیبکاتەوە، ڕوونیبکـاتەوە، گفتوگۆی بکات، شیتەڵی بکات، ببسەپێنێت، هەستی پێ بکات.
بۆنموونە:
١. منداڵ ڕەنگەکان بناسێت.

٢. منداڵ چی لە سروشتدا دەبینێت، بیبەستێتەوە بە ڕەنگەکانەوە.
٣. منداڵ جیاوازی بکات لە نێوان ڕەنگەکاندا.
٤. منداڵ ناشیرین لە جوان جیابکاتەوە.
٥. منداڵ ڕەنگە تاریک و ڕەنگە کراوەکانی لا ڕوون بێت.
٦. منداڵ لەگەڵ مامۆستاکەی گفتوگۆ بکات لەسەر ئەو پێکهاتانەی لەناو وێنەکەیدا هەیە.

**دووەم: ئامانجی هەستەجووڵەکان (توانا دەستی و هونەرییەکان)**

ئامانجی هەستەجووڵەکان نوێنەرایەتی ئەم دەستەواژانە دەکات:
هەڵیوەشێنێ و بیبەستێتەوە، دروستکردن و ڕێکخستن، دروستی بکات، چاپی بکات، ڕەنگی بکات، هێڵکاری بکات، وێنەی بکێشێت.

بۆ نمونە:
١. هەڵوەشاندن و لێکدانەوەی وێنەی پەزڵ (وێنەی دیمەنە سروشتیەکان – وێنەی جووڵە ناشیرین و جوانەکان...).
٢. شێوەکان دروست بکات و ڕێکیانبخاتەوە (خانوو، گوڵ، ئاژەڵ، باڵندە...).
٣. شێوە بەکەرەستە جیاوازەکان دروست بکات (هەویر، قوماش، پێستە...) بەم کەرەستانە ئەم شێوانە دروست بکات، کە لە ژینگەی دەوروبەریدا هەن.
٤. چاپکردن بکات بە (فلچە، گەڵای دار، ئیستەمپا، پەپوولەی جوانی، دروستکردنی کەرەستەکانی ڕازاندنەوەی جەژنی لەدایکبوون، بۆنە جیاوازەکان). ڕەنگ کردنی هەندێ لە دیمەنە جوانەکان، (دار، گوڵ، پەپوولە، ئاژەڵ، باڵندە).
٥. هێڵکاری (گەڵای دار، پەرە موچ، گوڵ، پەپوولە).

**سێیەم: ئامانجە ویژدانیەکان:**

ئامانجە ویژدانییەکان نوێنەرایەتی ئەم دەستەواژانە دەکات:
(پێویستە بتوانێت، پێویستە حەزی لێ بێت، پێویستە پێشنیار بکات، پێویستە هاوکاری پێشکەش بکات، پێویستە ئارەزووی لێ بێت، پێویستە بەشداری بکات.

بۆنموونە:

١. منداڵ پێویستە بتوانێت شوێنی ژیانی خۆی ڕێکبخات و گرنگی پێبدات.
٢. پێویستە حەز بکات بەشداری لە ڕازاندنەوەی ژووری تایبەتی خۆی، یان لە پۆلەکەیدا بکات.
٣. پێویستە پێشنیار بکات بۆ ڕێکخستن و پاککردنەوەی پۆلەکەی، یان ژوورەکەی.
٤. پێویستە هاوکاری پێشکەش بکات لە کێشانی تابلۆی هونەریدا (کاری هونەری).
٥. پێویستە ئارەزووی هەبێت لە سەردانکردنی مۆزەخانەو پێشانگەکاندا.
٦. پێویستە بەشداری بکات لە پێشانگە هونەریەکانی قوتابخانەکەیدا.
٧. پێویستە حەز بکات بەشداری بکات لەو گەشتانەی ڕێکدەخرێن بۆ ناوچە سروشتییەکان.

## ڕێگاکانی گەشەپێدانی هەستی جوانناسی لای منداڵ

ئەوانە دەگرێتەوە:
١. هەنگاوەکانی هەستکردن بە جوانی.
٢. ڕێگاکانی چێژوەرگرتنی منداڵ بۆ ئەو پێکهاتانەی لە دەوروبەریەتی.
٣. دەروازەکانی گەشەپێدان و هەستی جوانناسی لای منداڵ.

## کاریگەری پەروەردەی هونەر، لە گەشەپێدانی کەسێتی منداڵ

### ١. گەشەی ڕەفتاری داهێنانەرانە:

پەروەردەی هونەر یارمەتی منداڵ دەدات بەسەرجەم چالاکیەکانی، تا بتوانێت گەشە بە توانا شاراوەکانی بدات و دەریان بخات و ئەزموونی زۆرتر بکات، تا بتوانێت بەشێوەیەکی گشتی شێوەو هێزی تازە پیشان بدات، ئەمەش وا دەکات لایەنە باش و جوانەکانی منداڵ بەڕوونی بخاتە بەرچاوان.

### ٢. گەشەپێدانی هەستی هونەری و چێژی هونەری:

ئەم ئامانجە یەکێکە لە ئامانجە دەگمەن و نایابەکان، چونکە پێویستییەکی ژیانی هاوچەرخانەیە لەمڕۆدا، هەروەها منداڵ ڕادەهێنێت

لەسەر چێژی هونەری و گێڕانەوەیەکی ڕاست و دروستی ڕووداوەکانی بیری منداڵە.

هەرئەوەشە واڵە منداڵ دەکات پارێزگاری لەکەرەستەکان بکات، جا ئەم کەرەستانە لەسەرشەقامەکان بن، یان لە فێرگە، یان لە ماڵ. کەواتە منداڵ ڕادەهێنێ، تا بگاتە ئەوساتەی جل و بەرگەکانی بە پاک و خاوێنی بهێڵێتەوەو ڕێکپۆش دەرکەوێت.

### ٣. گەشەی توانا هزری و هەستییەکان:

پێویستە منداڵ کار لە هەموو هونەرەکاندا بکات (نیگارکێشان، مۆسیقا، شانۆ...) تا توانای تێبینی کردن، بیرکردنەوە، تێڕامان، تێگەیشتن، هەست پێکردنی بەهێزبێت.

### ٤. جیاوازی تاکایەتی:

دوای دەرکەوتنی جیاوازی تاکایەتی لەنێوان منداڵاندا، پێویستە لەسەر مامۆستا ئەم جیاوازیە تاکایەتیە بپارێزێت لەناو منداڵاندا، تا بتوانن کێبڕکێی یەکتر بکەن و هەستە جیاوازەکانیان دەربڕن، ئەمەش یەکێکە لە ئامانجە سەرەکیەکانی پەروەردەو زانستی دەروونزانی نوێ. جیهان پێویستی بە مرۆڤی جۆراوجۆرە لەبیرکردنەوەو مامەڵەکردنیان لەگەڵ ڕووداوەکاندا، پەروەردەی هونەریش توانای ئەوەی هەیە ئەم ئامانجە بهێنێتەدی لەڕێگەی کارەکانیەوە بۆگەشەپێدانی کەسایەتی منداڵ و هاوکاری هەموو جۆرە منداڵێک بکات بە جیاوازیەکانیشیانەوە.

### ٥. ڕاهێنانی هەستەکان:

وانەی پەروەردەی هونەر ڕاهێنان بە سەرجەم هەستەکانی مرۆڤ دەکات لەڕێگەی دەستلێدان، تەماشاکردن، تا ئاستی گۆرانی گوتن و بیستن، ئەمانە هەموویان گوزارشتکردنن لە هەستی مرۆڤ. پەروەردەی هونەریش کار دەکات بۆ ڕاهێنانکردن بە منداڵ، تا هەستەکانی بەکاربهێنێ بەشێوەیەکی گونجاوو لەبارو بەسوود.

### ٦. هونەر هاوکارە بۆ گەیاندن:

هونەر، زمانی گفتوگۆکردنی منداڵە لەگەڵ خۆیدا، تا بیرو بۆچوونەکانی بگەیەنێتە جیهانی دەرەوە، کەرەستەکەشی: ئاواز، گۆرانی،

جووڵە، ڕەنگ، دەستلێدان، هێڵ، وێنە... تێبینی ئەوە دەکرێت ئەم کەرەستانە دیاریکراونین لەکات و شوێندا، هەروەک زمانی گفتوگۆ نییە پێویستی بەهەندێ یاساو ڕێسا هەبێ بۆ ئەوەی بیرو بۆچوونەکەی بگەیەنێت.

### ٧. گەشەپێدانی ڕەخنەگرتن لای منداڵ:

وانەی پەروەردەی هونەر هاوکارە بۆ گەشەپێدانی ئاستی ڕەخنەگرتن لای منداڵ، ئەمە یەکێکە لە تایبەتمەندییە گرنگەکان و پێویستە هەموو تاکێک لە منداڵیەوە کاری تێدا بکات لەڕێگەی مامەڵەکردنیان لەگەڵ شێوە هونەریە جۆراوجۆرەکان و ناسینیان بە هەندێ کاری نا هونەری لەڕێگەی ناساندن و ئاشناکردنیان بە پەرتوک و گۆڤارە هونەریەکان، یان لەڕێگەی سەردانی پێشانگەو مۆزەخانە جۆراوجۆرەکان.

### ٨. گەشەپێدانی ڕۆشنبیری:

پەروەردەی هونەر هاوکاری منداڵ دەکات، تا هەستەکانی گەشە پێ بدات، وەک پێویستییەکی گرنگ لەنەشونماکردنی منداڵ. گومانی تێدانییە ڕۆشنبیری کرداری زۆر گرنگە لە ژیانی مرۆڤداو ڕۆڵێکی گەورە دەبینێ لە گۆڕینی ڕووی کۆمەڵگەو دروستکردن و بنیاتنانەوەی بە شێوەیەکی گونجاو. لێرەدا ڕۆشنبیر پشت بە زانیاری جیاواز دەبەستێت، وەک هونەر بەهۆی فرەجۆری و فراوانی پانتایی کارکردنی، جا دەتوانێت لەهەموو ڕوویەکەوە خزمەتگوزاری پێشکەش بە منداڵ بکات و ئاستی ڕۆشنبیری فراوان بکات.

### ٩. دۆزینەوەی توانای هونەری:

وانەی پەروەردەی هونەر هاوکاری دەکات بۆ دۆزینەوەی ئەو توانا شێوەکاریە شاراوانەی لە منداڵدا هەن. دەتوانرێت بەهۆیەوە ڕووی گەشەی ژیان بۆ ئاییندەی منداڵەکە دیاری بکرێت. لە هەمانکاتیشدا هەموو مرۆڤێک لە خۆڕسکدا کۆمەڵێک توانای لەناخدا هەڵگرتووەو دوای لەدایکبوون و پاش ڕەخساندنی هەل، ئەم توانایانە بەگەڕ دەکەون و شوێنی خۆیان دەکەنەوە لەناو کەسایەتی مرۆڤەکەدا.

کەواتە بەرهەمی منداڵێکی بەتوانا بە ئاسانی جیادەکرێتەوە لەمنداڵێکی بێ توانا، ئەگەر کەشێکی لەباریان بۆ بڕەخسێنرێت بەو مەرجەی کەسی شارەزاو ڕاهێنراو لەو بوارەدا سەرپەرشتی منداڵەکان بکات. جا پێویستە

منداڵە بێ تواناکانیش هەمان هەلی منداڵە ئاساییەکانیان بۆ برەخسێنرێت بە یەکسانی و بێ جیاوازی، تا بتوانن بە ئازادی دەربڕی هەستەکانی خۆیان بکەن.

## گرنگی پەروەردەی هونەر بۆ منداڵ

توێژەران و زانایانی دەروونناسی لە ڕێگەی هونەرەوە گرنگی بە پەروەردە دەدەن، وەک پێداویستیەکی گرنگ بۆ فێربون لەڕێگەی هونەر لە هەموو قۆناخەکانی خوێندن، لە باخچەی منداڵانەوە، تا بنەڕەت و پەیمانگەو زانکۆکان، چونکە ناتوانرێت هونەر لە ژیانی ڕۆژانەی کەسەکان جیابکرێتەوە، بە تایبەت لەڕووی فێرکردن و ڕاهێنان و ڕاهێزانەوە.

کەواتە هونەر هەمیشە ئامادەیە کار لە دەروونی منداڵ بکات و گەورەکانیش بۆ ئەوە ئامادەن لەڕێگەی هونەرەوە جوان و ناشیرین لێکجیابکەنەوە، دواتر هەست و نەستی جوان گەشە دەکات لەناخی مرۆڤەکانداو هێزی جوانناسی فراوان دەبێت و تێبینی ئەوەش دەکرێت وانەکانی پەروەردەی هونەر، ئاسوودەیی و دڵخۆشی بۆ منداڵان دەهێنن و دەتوانن لەڕێگەی وێنەکانیانەوە تاوگیرییە دەروونیەکانیان خامۆش بکەن، بەتایبەت تاوگیرییە خۆشییەکان، تووڕەبوون، دڵتەنگی، بێ ئارامی. هەروەها دەتوانرێت لەڕێگەی وێنەکانیانەوە بەئاسانی هەستیان پێ بکەین و لەم ڕێگەیەشەوە بیرکردنەوەیان فراوان دەبێت و داهێنانەکانیان جوانتر دەبێت و هاوکارێکی باشیش دەبێت، کەوا لەمنداڵەکان بکات لە کەرەستەو بابەتەکانی دەوروبەر تێ بگەن و واش لە منداڵ بکات، وەک هونەرمەندێکی هەست ناسک لە ئایندەدا دەرکەوێت و دواتر جیای بکاتەوە لەکەسە ئاساییەکانی تر.

ئیدی وانەی پەروەردەی هونەر ڕاست تێدەکۆشی بۆ گەشەپێدانی خەیاڵ و بیر لەلای منداڵان لە ڕێگەی دەربڕینەکانیانەوە، کە بگونجێت لەگەڵ شێوازو توانای بیرکردنەوەی منداڵانەو لێ بگەڕێن و با هەست و سۆزو بیروبۆچوونەکانیشی بەئازادی دەربڕێت بێ ئەوەی مامۆستا کۆمەڵێک یاساو ڕێسای بەسەردا بسەپێنی، بۆ ئەوەی منداڵ لەکاتی کارکردنیدا هەست

بەدڵنیایی و ئازادییەکی ڕەها بکات و کەس لەدەربڕینەکانیدا ڕێگری لێ نەکات.

کەواتە پێویستە وا لەمنداڵ بکرێت هەست بە دڵنیایی زیاتر بکات و ئەنجامەکەشی لەسەر لێوی منداڵەکان دڵخۆشی و بزەی لێدەکەوێتەوە. لێرەشدا داهێنانە جوانەکانی هونەری منداڵان دەردەکەون و دەربڕینەکانیش یەکێک دەبن لە بنەما سەرەکیەکانی منداڵ. مەبەست لە دەربڕینی سەربەست، ئەوە نییە منداڵەکە ئازاد بکەین و بە ئارەزووی خۆی هەرچی بیەوێت بیکات و لە کۆتاییشدا لێپرسینەوەو لێپێچینەوەی لەگەڵا دا نەکرێت، بەڵکو مەبەست ئەوەیە مامۆستا دەبێت کۆمەڵێک ڕێنوێنی و یاسا پەیڕەو بکات لە پۆلدا، تا ژاوەژاو و گێرەشێوێنی بۆ دروست نەکرێت.

هەروەها پێویستە مامۆستا چاودێری منداڵەکان بکات بە تێبینی و سەرنجەکانی ئاگاداریان بکاتەوە، تا لەکۆتاییدا لە دەربڕینەکانیان جیاوازی تاکایەتی لەنێوان منداڵەکاندا دەربکەوێت. کەواتە کاریگەری پەروەردەی هونەر لە گەشەپێدانی کەسایەتی تاک زۆر گرنگەو هاوکاری پێشکەش بە پرۆگرامەکانی تری خوێندن دەکات بۆ ئامادەکردنی تاک بەشێوەیەکی تەواو چوست و چالاک و کۆنترۆڵکراو لەلایەن تاک خۆیەوە. (منداڵ فێردەبێت، خۆی کۆنترۆڵ دەکات، منداڵێکی خۆڕێکخەر). گەشەکردنێکی ڕێک و پێک لەپەروەردەی هونەر، کە توانای دان بەخۆداگرتن و کۆنترۆڵکردنی ڕەمەک و گەشەکردنی چێژی هونەری و هەستکردن بە جوانی دەوروبەر دەخولقێنێ.


وانەی پەروەردەی هونەر هەوڵدەدات ڕەفتاری منداڵ ڕێکبخات

کەواتە پەروەردەی هونەر ئەوکێشانەش چارەسەر دەکات، کە لەڕەفتاری منداڵدا ڕوودەدەن و هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەیان دەگۆڕێت. ئەوەشیان فێردەکات چۆن ڕەفتاری دروست لەگەڵ دەوروبەریان بکەن، هەرلەبەر ئەوەشە پەروەردەی هونەر بەشێکی دانەبڕاوە لەپرۆسەی پەروەردە بە هەموو لایەنەکانییەوە.

## تاقیکردنەوە

یەکێک لەو ئەرکە گرنگانەی دەکەوێتە سەرشانی مامۆستا، بریتییە لە ئەنجامدانی تاقیکردنەوە، بەڵام پێویستە مامۆستا ئەوە بزانێت، کە نابێت تاقیکردنەوەی سەرکاخەز ئەنجام بدات. واتە تاقیکردنەوەی هاوشێوەی وانەکانی تر، بەڵکو وەک ئەم شێوازەی بۆی دانراوە دوو جۆر تاقیکردنەوە ئەنجام دەدات، وەک:

**تاقیکردنەوەی گرووپکاری:** کاتێک مامۆستا ڕۆژانە ئەرک بە کۆمەڵەکان دەسپێرێت و دواتر لێیان وەردەگرێتەوە، ئنجا پێویستە بەپێی خشتەی ژمارە (١) نمرە بۆ کۆمەڵەکە دابنێت.

**تاقیکردنەوەی تاککاری:** لێرەدا مامۆستا بەپێی خشتەی ژمارە (٢) قوتابییەکان ڕۆژانە تاقیدەکاتەوەو تاقیکردنەوەکەش ئەنجامی ئەو چالاکییەیە، کە قوتابی لەپۆلدا، یان لە چالاکی ئەرکیماڵەوەدا ئەنجامی دەدات، دواتر وەک لە خشتەی (٣) یەمدا دەرخراوە دوو نمرە کۆدەکرێتەوەو نمرەی کۆتایی قوتابی دەردەچێت، بۆ تاقیکردنەوەی سەریساڵیش بەهەمان شێوەیە، بەڵام پێویستە نمرەی تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ لەسەر ئەو ئامادەکاریانە دابنرێت، کە قوتابییەکان خۆیان بۆ ئامادەکردووە بۆ ئەنجامدانی فێستیڤاڵی ساڵانەی قوتابخانەکەیان. واتە مامۆستا ئەم ماندووبون و ئەنجامدان و بەرهەمهێنانی کارە هونەرییەکان تاک، تاک کاری قوتابییەکان هەڵدەسەنگێنێت و نمرەی خۆیان بۆ دادەنێت، کە ئەوەش بەیەکێک لە هەڵسەنگاندنە دادپەروەرەکان دادەنرێت و ئەرک و ماندووبونی قوتابیش لەبەرچاودەگیرێت و هەمووان بەپێی توانای خۆیان نمرە وەردەگرن، بەڵام پێویستە مامۆستا دادپەروەربێت و کارێک نەکات قوتابی لەئەنجامدانی کاری دڵسۆزانەو هونەریانە پاشگەز بکاتەوە، چونکە هەڵهێنانی هەر هەنگاوێکی هەڵە کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر پرۆسەی پەروەردەی قوتابییەکان دروست دەکات و شڵەژانێک لەنێویاندا دەخوڵقێنێت. جا بۆ ئەوەی ئەم بەرتەکە ڕوونەدات دادپەروەری مامۆستا سەنگی مەحەکە بۆ سەرخستنی تەواوی پرۆسە هونەرییەکە.

## خشتەی ژمارە (١)

### تاقیکردنەوەی گروپکاری

پۆلی:  لقی:  وەرزی:

| ناوی گروپەکان | نمرەی چالاکییەکان | | | | | | | | | | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | |
| | | | | | | | | | | | |

مامۆستای وانە

# خشتەی ژمارە (٢)

پۆلی:　　　　لقی:　　　　وەرزی:

| ژ | ناوی قوتابییەکان | نمرەی ڕۆژانە | | | | | | | | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | | | | | | | | | | |
| ٢ | | | | | | | | | | |
| ٣ | | | | | | | | | | |
| ٤ | | | | | | | | | | |
| ٥ | | | | | | | | | | |
| ٦ | | | | | | | | | | |
| ٧ | | | | | | | | | | |
| ٨ | | | | | | | | | | |
| ٩ | | | | | | | | | | |
| ١٠ | | | | | | | | | | |
| ١١ | | | | | | | | | | |
| ١٢ | | | | | | | | | | |
| ١٣ | | | | | | | | | | |
| ١٤ | | | | | | | | | | |
| ١٥ | | | | | | | | | | |
| ١٦ | | | | | | | | | | |
| ١٧ | | | | | | | | | | |
| ١٨ | | | | | | | | | | |
| ١٩ | | | | | | | | | | |
| ٢٠ | | | | | | | | | | |
| ٢١ | | | | | | | | | | |
| ٢٢ | | | | | | | | | | |
| ٢٣ | | | | | | | | | | |
| ٢٤ | | | | | | | | | | |
| ٢٥ | | | | | | | | | | |

# خشتەی ژمارە (٣)

پۆلی: لقی: وەرزی:

| ژ | ناوی قوتابی | نمرەی گرووپکاری | نمرەی تاککاری | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|
| ١ | | | | |
| ٢ | | | | |
| ٣ | | | | |
| ٤ | | | | |
| ٥ | | | | |
| ٦ | | | | |
| ٧ | | | | |
| ٨ | | | | |
| ٩ | | | | |
| ١٠ | | | | |
| ١١ | | | | |
| ١٢ | | | | |
| ١٣ | | | | |
| ١٤ | | | | |
| ١٥ | | | | |
| ١٦ | | | | |
| ١٧ | | | | |
| ١٨ | | | | |
| ١٩ | | | | |
| ٢٠ | | | | |
| ٢١ | | | | |
| ٢٢ | | | | |
| ٢٣ | | | | |
| ٢٤ | | | | |
| ٢٥ | | | | |

## دوو خشتە بۆ مامۆستا خراوەتە ڕوو:

**لە خشتەی یەکەمدا:** خشتەی پێشنیارکراوی پلانی ساڵانە هەیە، کە مامۆستا سەرەتا تەوەرەکان دابەش دەکات و کاتی دەستپێکردن و کاتی کۆتایی هاتنی تەوەرەکان دیاریدەکات، تا بەرچاوی ڕوونبێت، کە لە ساڵەکەدا چۆن تەوەرەکان لە وەرزەکانی خوێندندا تەواو دەکات؟

**لە خشتەی دووەمدا:** خشتەی پێشنیارکراوی پلانی ڕۆژانە هەیە، کە مامۆستا تەوەرەکان، ئنجا وانەکان دیاری دەکات و کاتی دەستپێکردن و بابەتەکانیش دەردەخات، تا بزانێت ئامانجی فێرکاری و هۆکارەکانی فێرکاری چۆن لەکاتی وانەگوتنەوەدا دەخاتە ڕوو. هەروەها لە کۆتایی هەروانەیەکیشدا خشتەی هەڵسەنگاندن هەیەو مامۆستای وابەستە بە هەڵسەنگاندن کردووە، تا ئاستی فێرکاری و زانیاری قوتابییەکان دیاری بکات.

لەم دوو خشتەیەدا پلانێک بۆ بەرچاوڕوونی مامۆستا دەردەخات و ئاگاداری دەکاتەوە، کە وابەستەی پلانی بۆداڕێژراوبێت، مەرجیش نییە کت و مت پلانەکە، وەک خۆی لە کات و ساتی خۆیدا جێبەجێ بکرێت، بەڵام گرنگە مامۆستا بزانێت، چی دەکات؟ چۆن دەکات؟ کەی تەواوی دەکات؟ ئەوەش مەبەستی سەرەکی خشتەکانە و دەبێت مامۆستا ڕەچاوی بکات.

لەگەڵ ئەوەشدا مامۆستای وانەکە ڕەچاوی پشووەکانی وەزارەتی پەروەردە دەکات، کە ساڵانە ڕادەگەیەنرێت، یان پشوویێکی لەناکاو دێتەپێش بەهۆی ڕووداوێکی نەخوازراوەوە. جا لەبەر ئەوە پێویستە مامۆستای وانەی پەروەردەی هونەر ڕەچاوی هەرگۆڕانکارییەک بکات لەکاتی جێبەجێکردنی پلانەکەیدا، تا بزانێت چۆن ئەم وانەیە قەرەبوو دەکاتەوە.

# خشتەی پێشنیارکراوی پلاندانان بۆ مامۆستا

# خشتەی پێشنیارکراوی پلانی ساڵانە

پۆل:                                                                  وەرزی خوێندن:

| تەوەرەکان | کاتی دەستپێکردن | کاتی کۆتایی | تێبینی |
|---|---|---|---|
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |
| | | | |

سەرنج:

مامۆستای وانە:

## خشتەی پێشنیارکراوی پلانی ڕۆژانە

تەوەر: وەرزی خوێندن:

وانەی:

| کاتی دەستپێکردن | بابەت | ئامانجی فێرکاری | سەرچاوەی فێرکاری | هەڵسەنگاندن | سەرنج |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| | | | | | |

مامۆستای وانە:

## بیرهێنانەوە



لەبەر ئەوەی مندالّ قۆناخی باخچەی مندالآنی بڕیوەو پەڕیوەتەوە بۆ قوتابخـانە، پێویستـە مامۆسـتای پەروەردەی هـونەر لە یەکەم چالاکیـدا ئەو وانە کرادەرەکیـانە بەبیـر قوتابییەکـان بهێنێـتەوە، تـا شـێوازی کـارکردن و بیرکردنەوەیان لەلا گوماناوی، یان نامۆ نەبێت و بزانن چی دەکەن؟ چۆن دەکەن؟ بەچـی دەیـکەن؟ بێگومـان لە بـاخچەی منـدالآن هەمـوو ئەو چالاکیانەیـان ئەنجامـداوە، بەلاّم تەنهـا پێویسـتیان بەبیـر هێنـانەوەو خـۆ ئامادەکردنە بۆ قۆناخێکی تری کارکردن. لەهەمانکاتیشدا جۆری چالاکی و کەرەستەو شمەکەکانیش گۆڕانکاریان بەسەردادێت و لەگەلّ ئەوەشدا زمانی گفتوگۆی مامۆستاش پلەیەک دەچێتە سەر، چونکە تەمەنی مندالەکان سالێک، یان دوو سالّ هەلکشاون و پێویستیان بە جۆرێک لە گفتوگۆی هەلکشاو هەیە، تا لەگەلّ گەشەی ئەقلّ و لەشەکیاندا بێتەوەو قوتابییەکانیش هەست بەکەمزانی نەکەن.

## هەڵبژاردنی چالاکییەکان

پێویستە لەسەر مامۆستا چاوێک بە پرۆگرامی پەروەردەی هونەر بۆ باخچەی منداڵاندا بخشێنێتەوەو جۆرو شێوەی چالاکییەکان هەڵسەنگێنێت، تا بزانێت ئەو منداڵانە چیان لە باخچە خوێندووە، دواتر لە ئاسانترین چالاکییەوە دەست پێدەکات، کە لێرەدا بۆی دیاریکراوە، بەڵام بەو مەرجەی ئەم چالاکییە، وەک ئەرک تەماشا نەکرێت، بەڵکو تەنها وەک چالاکییەکی لاوەکی تەنها کاری بیرهێنانەوە دەبێت و هیچی تر.

لە هەمانکاتیشدا قوتابییەکان ترسیان دەشکێت و سەرەتایەکی خۆشیش دەبێت بۆ چوونە ناو پرۆگرامێکی تازەو پڕ لە چالاکی نوێوە، ئیدی منداڵەکان وردە وردە ئامادە دەکرێن بۆ پرۆسەیەکی تازەو نوێ، بەڵام پێویستە مامۆستا ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکات:

١. وا بیرنەکاتەوە منداڵەکان هیچ نەزان و کەمزانیارین.

٢. پێویستە ڕەچاوی منداڵەکان بکرێت، چونکە لەوانەیە هەندێک لە منداڵەکان بە قۆناخی باخچەدا ڕەت نەبووبن. کەواتە پێویست دەکات دەست نەرم بکرێت لە گەڵ چالاکییەکاندا.

٣. زمانی گفتوگۆی نەرمونیان زۆر گرنگە بۆ مامۆستا ڕەچاوی بکات و وشەی سادەو ساکار هەڵبژێرێت، بەڵام پێویستە بەشێک لە گفتوگۆکان جدییەتی پێوەدیاربێت و تەنها بۆ کاتکوشتن نەبن، تا قوتابییەکان ڕابێن لەسەر گفتوگۆی جدی و ئامادەش بکرێن بۆ قۆناخەکانی تری خوێندن، چونکە زۆرجار گفتوگۆی بێبەرهەم منداڵ لەکارکردن سارد دەکاتەوە.

٤. هەڵبژاردنی وشەو دەستەواژەی هونەری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی نوێ و پوخت و جوان و شیاو بۆ گفتوگۆکردن، تا قوتابییەکانیانی پێ ئاشنا بکات و هەندێکجار هانی قوتابییەکان بدات لەسەر بەکارهێنانی هەندێک دەستەواژە لەنێوان خۆیاندا، بۆ نموونە: سڵاوتان لێبێت، ئێوە باشن، تەندروستیتان چۆنە، هەستدەکەم ئەمڕۆ دڵتان خۆشە، ئایا خۆتان بۆ کارکردن ئامادە کردووە... ئەمەو چەندان دەستەواژەی تر، کە منداڵ دەخاتە دۆخی ئامادەکارییەوەو هەستیش بەوە دەکات کەسێک هەواڵیان دەپرسێت.

٥. پێویستە هەندێکجار پێشنیار بخرێتە بەردەم قوتابییەکان، تا هەستی بەخۆزانی بەرز بکرێتەوەو هەست بە بوونی خۆی بکات و بزانێت کەسێک

هەیە داوای پێشنیاری لێدەکات. بۆ نموونە: پێتان باشە ئەمڕۆ چی بکەین؟ پێتان چۆنە ئەمڕۆ لەسەر زەوییەکە کاربکەین؟

٦. مامۆستا هەوڵدەدات کۆمەڵە، یان گروپ دروست بکات لە نێوان قوتابییەکاندا، جا پێویستە کۆمەڵەکان لە (٤- ٦) قوتابی زۆرتر نەبن، تا لەیەکتر تێبگەن و گوێبیستی پێشنیارو سەرنجی یەکتر بن، دواتر مامۆستا بە نۆرە یەکێک دەکاتە سەرپەرشتیاری کۆمەڵەو خۆیشی چاودێری تەواوی کۆمەڵەکان دەکات و بەسەریانەوە دەگەڕێت و ئەگەر پێویستی کرد ئاڕاستەیان دەکات.

٧. قوتابی لە پۆلی یەکەمدا زۆربەی کات چاوی لەدەست و دەمی مامۆستایە، تا ئاڕاستەی بکات، یان پێشنیاری بۆ بکات، یان ئەرکێکی پێبسپێرێت، جا لەبەر ئەوە مامۆستا هەمیشە دەبێت تایبەتمەندییەکانی ‹مامۆستای باش› هەڵبژێرێت و بزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ دۆخێکی وەهادا دەکات؟

٨. ئەنجامدانی چالاکی کردارەکی دۆخێکی نوێ بۆ وانەگوتنەوەی پەروەردەی هونەر دێنێتە پێشەوە، ئەرکی مامۆستایە بەبایەخەوە لێی بڕوانێت، لە هەمانکاتیشدا گرنگی بە گفتوگۆی هونەری لەگەڵ قوتابییەکان بدات و پرسیاریان لەبارەی ئەو زانیاری و وانانەی لە باخچە خوێندوویانە لێ بکات، چونکە ئەم شێوە گفتوگۆکردنە کۆمەڵێک وەڵام بۆ مامۆستا دەستەبەر دەکات، وەک توانای منداڵە زیرەک و وریاکان ئاشکرا دەکات و ئەو منداڵانەی شەرمن و گۆشەگیرن دەردەکەون و ئەوانەشی توانای خۆ کۆنترۆڵکردنیان نییە دیار دەبن، کەواتە لەسەر مامۆستایە لە سەرەتای وانەکاندا گفتوگۆیەکی سادەو ساکار لەگەڵ منداڵەکاندا بکات، تا ئامادەیان بکات بۆ کارکردن و گۆنگی و بایەخیش بەتەواوی جۆری منداڵەکان بدات و نابێت هیچ گروپ و تاقمێک لە پۆلدا فەرامۆش بکات.

هەروەها بۆ دەستخستنی زانیاری زۆرتر لەو بارەیەوە بگەڕێوە بۆ بابەتی (جۆری کێشەکان) لە پڕۆگرامی پەروەردەی هونەر بۆ باخچەی منداڵان – ڕێبەری مامۆستا، لەو بابەتەدا سەرجەم ئەو کێشانە خراونەتە ڕوو، کە ڕووبەڕووی مامۆستا دەبێتەوە لە پۆلداو شێوازی چارەسەرییەکانیش خراونەتە ڕوو. لەهەمانکاتیشدا چۆنییەتی سەرهەڵدانیشان دەستنیشان کراوە. کەواتە گەڕانەوە بۆ ئەم پڕۆگرامە ئەرکی

مامۆستا سووک دەکات و باشتر لە سەرەداوی کێشەکان تێدەگات و بە کەمترین کات و تێچوو دەتوانرێت چارە بۆ کێشە چاوەڕواننەکراوەکان بدۆزرێتەوە.



منداڵان هەمیشە چاویان لەدەستی مامۆستایە، تا کارێکیان لەبەرچاودا ئەنجام بدات و دواتریش ئەوان دووبارەی بکەنەوە، جا لەبەر ئەوە ئەرکی مامۆستایە ئەم کارە ئەنجام بدات.

## بیرهێنانەوەی چالاکی



**چـالاکی یەکەم:** وێـنەی هـاوڕێکەت بکێشـە، فایلێکی سپی بەدەزو ببەستەو بیخە ملی هەر قوتابییەک و با وێنەی یەکتر بکێشنەوە.
لەم چـالاکییەدا قوتـابی هەوڵـدەدات لە هـاوڕێ نـوێیەکەی نزیـک بکەوێـتەوەو بە شـێوەیەکی ئاسایی دەتوانێت پەیڕەوی هاوڕێگرتن ببێت و لەهەمانکاتیشـــدا توانـــای گفتوگـــۆکردنی پێشـــدەکەوێت و شـــەرمکردنی لەبەرانـــبەر کەسانی تردا نامێنێت، بەڵام پێویسـتە مامۆستا کۆنترۆڵی چالاکییەکە بکات و چاودێربێت بەسەر چۆنییەتی بەڕێوەچوونیدا.



**چـالاکی دووەم:** ڕەنگکـــردن، لەم چـــالاکییەدا مامۆسـتا هەنـدێک شـێوەی هێڵکـاری ڕەنـگ نەکـراو هەڵـدەبژێرێت (سـود لە پرۆگرامـی پەروردەی هـونەر بـۆ بـاخچەی منـداڵان – بابەتی ڕەنگکردن وەربگرە)، شێوەکان بخەرە بەردەسـتی قوتابییەکـان و بـا بە ئـارەزووی خۆیـان جـۆری ڕەنگەکـان هەڵبژێـرن و دواتـر ببینە بزانە چی ڕوودەدات؟




**چـالاکی سـێیەم:** پێکگەیانـدن: لەم چـالاکییەدا مامۆسـتا بە هەمـان چـالاکی دووەم سـوود لە ڕابـردوو وەردەگرێـت و داوا لە قوتابییەکـان دەکات ئەو ژمارانە پێک بگەیەنن، دواتر بزانن چـــی ڕوودەدات، بەڵام پێویســـتە ســـەرەتا مامۆسـتا تێبینـی ئەوە بـداتە قوتابییەکـان، تـا ڕەچاوی زنجیرەی ژمارەکان بکەن.

# تەوەری یەکەم




# هونەری دەربڕینخوازی

## هونەری دەربڕینخوازی

لەم تەوەرەدا قوتابی لە ڕێگەی هێڵکارییەوە گوزارشت لە دیدو بۆچوونەکانی خۆی دەکات و لە هەمانکاتیشدا توانا لەشەکی و ئەقڵییەکانی دەخاتە کار. جا هەر قوتابییەو بەپێی گەشەی لەشەکی و ئەقڵییەکەی توانا کانی لە ڕێگەی وێنەو هێماکانەوە دەردەخات.

شایانی باسە، قوتابی لە پۆلی یەکەمدا بە هەمان ئەو کێشانەدا ڕەت دەبێت، کە لە باخچەی منداڵاندا پێیدا تێپەڕیووە، بەڵام ئەو منداڵانەی بە باخچەدا ڕەت بوون و ئەزموونیان پەیداکردووەو پەریوونەتەوە بۆ قوتابخانە، باشترن لەو منداڵانەی یەکسەر هێنراونەتە قوتابخانە، چونکە ئەزموونی کارکردنیان نییەو پێویستیان بەکاتە، تا لەمەبەستی کار تێدەگەن.

منداڵ لە ڕێگەی کۆمەڵێک هۆکارەوە دەیەوێت گوزارشت لە بۆچوونەکانی بکات، یەکێک لە هۆکارانەش نیگارکێشانە. کەواتە نیگارکێشان لای منداڵ جۆرێکە لە گوزارشتکردن و ناتوانرێت هەروا بە ئاسانی فەرامۆش بکرێت، چونکە جۆرێک لە ڕاستگۆیی تێدایەو هەوڵیش دەدات ناخی خۆی لەم ڕێگەیەوە دەرببڕێت.

### مەبەست لەم تەوەرە:

١. دەرخستنی توانا لەشەکی و ئەقڵییەکانی قوتابی لەم قۆناخەدا.
٢. پێشخستنی تواناکانی قوتابی لەڕێگەی ڕاهێزانەوە.
٣. بەرزکردنەوەی ئاستی جوانناسی منداڵ.
٤. پەیوەندی دروستکردن لەنێوان هێڵە جۆراوجۆرەکاندا.
٥. پەیوەندی دروستکردن لە نێوان شێوەکانداو دارشتنەوایان لە یەک چێوەدا.
٦. پەیوەندی دروستکردن لە نێوان بابەتەکاندا.
٧. پێکەوەگرێدان و لێکنزیکردنەوەی بابەت و شێوەکان لە یەک کاتدا.
٨. بەرزکردنەوەی ئاستی دیتن و لێکجیاکردنەوەی شتە جۆراوجۆرەکان.

### لەم تەوەرەدا قوتابی ئەم شتانە بەدەستدەهێنێت:

١. توانای خەیاڵبازی منداڵ گەشەپێدەدات و لە یەک چێوەدا نایهێڵێتەوە.

٢. گەشــە بەخــۆزانی دەدات و هەوڵــدەدات کەســایەتی ڕاســتەقینەی خــۆی بزانێت.
٣. توانــای بە کــۆمەڵایەتی بــوونی دەچێــتە پــێش و متمــانەی هــاوڕێگرتنی لادروست دەبێت.
٤. توانای تێکەڵاوبوون و پەیوەندیگرتنی پێشدەکەوێت.
٥. فێردەبێت پشت بەخۆی ببەستێت لە دەربڕینەکانیدا.
٦. لەڕێگەی کارکردنەوە هەوڵدەدرێت لەش و ئەقڵ پێکەوە گەشە بکەن.
٧. هاوسەنگی دروستدەبێت لە نێوان لەش و ئەقڵدا.
٨. توانای سەرنجدان و تێبینیکردنی پێشدەکەوێت.
٩. بەپێــی هەنگاوەکــانی کــارکردن وێــنەو هێماکــان بەرەو جــوانترو ڕوونتــر دەچن.
١٠. فێردەبێت شتەکان لەجێگەی خۆیدا بکێشێت و جێگۆڕکێیان پێنەکان.
١١. فێردەبێت ڕەنگەکان لە شوێنی خۆیاندا بەکاربهێنێت.
١٢. هێڵکاری ناڕێک دەگۆڕدرێت بۆ هێڵکاری ڕێک و پوختی بەکارەکانەوە دەردەکەوێت.
١٣. فێری کاری بەکۆمەڵ دەبێت و گیانی هاوکاری گەشە دەکات.
١٤. ڕەفتاری باش دەنوێنێت و خۆی ڕێکدەخات.
١٥. توانای پێشنیارکردنی بەرز دەبێتەوە.
١٦. توانای گفتوگۆکردنی باش دەبێت و هەوڵدەدات وشــەی شــیاو لەجێگەی خۆیدا بەکاربهێنێت.
١٧. هەوڵدەدات لە ڕەفتارەکانیدا ڕێز پیشــان بــدات و جۆرێک لە خۆڕازیبونی پێوەدیاردەبێت.

## ئەرکی مامۆستا لەم تەوەرەدا

١. فشار دروستنەکات و قوتابییەکان هەراسان نەکات.
٢. دیــدو بۆچــوونی قوتابییەکــان لەبەرچاوبگرێــت و ڕێــز لە بۆچوونەکانیــان بگرێت.
٣. دەنگ بەرزنەکاتەوەو بەرێزەوە، وەک هاوڕێیەک مامەڵە بکات.
٤. توانای هونەری خۆی بەسەر منداڵەکاندا نەسەپێنێت.

٥. قوتابی لەم تەمەنەدا خاوەن دەربڕین و کارکردنی خۆیەتی و نابێت مامۆستا ئەم شێوازی کارکردنە بشێوێنێت، بەڵکو دەبێت هانیان بدات، تا بتوانن باشتر گوزارشت لە هەستەکانیان بکەن، چونکە منداڵ ئەو شتە دەکێشێت، کە دەیزانێت، نەک دەیبینێت.

٦. پێویستە چاودێرێکی زرنگ بێت لە پۆلدا.

## هێڵکاری ئازاد

**لەم قۆناخەدا** مامۆستا هەوڵ دەدات، تا قوتابییەکان گوزارشت لە خواستی دڵی خۆیان بکەن و هەلیان بۆ دەڕەخسێنێت. ڕێگایان بۆ خۆش دەکات و هەلی زۆرتریان بۆ دەڕەخسێنێ، تا بتوانن خەیاڵ بکەن و لە خۆیان و دنیابینی و ژینگەکەیان نزیک بکەونەوە. هەل ڕەخساندن بەبێ بەخشینی متمانە بە قوتابییەکان هیچ بەهایەکی نییە. هەر بۆیە، پێویستە مامۆستا گفتوگۆی نەرم و نیان بێت و لەڕووی وشەسازییەوە دەربڕینی جوان و پاراوبێت و باش دان بە وشەکاندا بنێت. هەروەها وشەی سادەو ساکارو جوانی ئاست منداڵانە بەکاربهێنێت، تا قوتابییەکان بە ئاسانترین شێوە لێی تێبگەن.

**ئاڕاستەکردن**، یەکێکی ترە لە خاڵە بنەڕەتیەکانی ئەم قۆناخە. کەتێیدا قوتابی سەرەتایەتی لە کارکردنی هونەریدا، بۆیە ئاڕاستەکردن و ڕێنمایی پێدان، خاڵێکی سەرەکییەو نابێت فەرامۆش بکرێن. لەبەر ئەوە پێویستە ئاڕاستەکردنەکە لەئاست توانست و توانا جەستەیی و هەستییەکانی قوتابییەکەدا بێت. شایانی باسە ئاڕاستەکردنی باش، ئەنجامی باشی لێدەکەوێتەوە، ئاڕاستەکردنی خراپیش لە دیدگاو دنیابینی منداڵەکە، (بەرتەک)[٢]ی باشی نابێت.

**داواکارییەکان** سادەن، لەگەڵ خواست و ئاستی قوتابییەکاندا دێنەوە، بۆیە پێویستە وا بیرنەکرێتەوە، کە پێویستە منداڵەکانیش، وەک مامۆستا بیر بکەنەوە، نەخێر، بەڵکو ئەوە هەڵەیەکی کوشندەی پەروەردەییەو پێویستە مامۆستا ئاگاداربێت و ئەم لایەنە فەرامۆش نەکات. لە لایەکی تریشەوە

---

[٢] بەرتەک: (وەڵامدانەوەی ئاماژەیی) ئەم وشەیە لەبەرانبەر وشەی (استجابة) ی عەرەبی و (Response) ئینگلیزی بەکارهاتووە.

پێویستە مامۆستا وانەزانێت قوتابییەکان، وەک مامۆستا بەتوانان و وەک ئەویش تێبینی و خەیاڵ دەکەن. نەخێر، هەر بۆیە پێویستە لە سەرەتای پەڕەکەوە ڕستەکە بخوێندرێتەوەو قوتابییەکانی پێ ئاڕاستە بکرێت و وەڵامی پرسیارەکانیان بدرێتەوەو داواکراویان تێ بگەیەنرێت.

هەروەها پێویستە مامۆستا بە پرسیارکردنی قوتابییەکان هەراسان نەبێت و هەوڵبدات ئارامی خۆی لەدەست نەدات. ڕاستە داواکارییەکان کەمێک وابەستەبوونی تێدایە، بەڵام لە کۆتایی ساڵدا قوتابییەکان بەرتەکی باشیان دەبێت. مەبەست لێرەشدا، فرەوانکردنی خەیاڵی قوتابییەکانەو ئازادکێشانی هێڵەکانە بە بێ ترس. لەکۆتاییشدا قوتابییەکی خۆڕێکخەر چنگ دەکەوێت و دوای ئەوەی بەسەر ماسولکە گەورەکانیدا زاڵ دەبێت، دواتر دەتوانێت ماسولکە بچووکەکانیشی بەگەڕ بخات، ئەمەش هەنگاوێکی زۆر گرنگ و باشە لە بواری گەشەی لەشەکیدا.



هەل ڕەخساندن و پێدانی ئازادی بە منداڵ وادەکات باشتر لەجاران بیربکاتەوە

ڕەخساندنی بواری کارکردن بۆ منداڵ، وا دەکات باشتر لەخۆی تێبگات و هێزو تواناکانی خۆیشی تاقیدەکاتەوە.

# وانەی یەکەم

تەوەر: هونەری دەربڕینخوازی

بابەت: وەرزی پاییز

کاتی دیاریکراو: ٣ بەشەوانە

## وەرزی پاییز

ئەرکی مامۆستا:

پێویستە سەرەتا مامۆستا باسی ئەو گۆڕانکاریانە بکات، کە بەسەر ژینگەدا دێت لەکاتی گۆڕانکاری وەرزەکاندا. دواتر ئەو گۆڕانکاریانە لە ڕووی دەرخستنی سەرماو گەرماو ڕەنگ و گۆڕانکارییە ژینگەییەکانی ترەوە بۆ منداڵەکان ڕوونبکاتەوە. لە هەمانکاتیشدا وەرزەکان بە زنجیرە بۆ قوتابییەکان باس بکات و دواتر لەڕێگەی پرسیاری وروژێنەرەوە هەست و ئەقڵ و بیرکردنەوەیان بجولێنێت. زۆر گرنگە مامۆستا ڕەچاوی زانیاری سادەو زمانی گفتوگۆی ساکار بگرێتە بەرو لە ڕێگەی پرسیارکردنەکانییەوە فشاری دەروونی لەسەر منداڵەکان دروست نەکات، بەڵکو تەنها وەک گەمەیەک وانەکە پێشکەش بکات و زانیارییەکان بگەیەنێتە منداڵەکان بەم شێوەیە:

١. کێ دەزانێت چەند وەرزمان هەیە؟

٢. کێ دەتوانێت ناوی وەرزەکان بژمێرێت یەک لەدوای یەک؟

٣. ‹ئاڤان› کام وەرزەت پێخۆشە؟ بۆچی؟

٤. ‹ڕەهەند› دەتوانی پێم بڵێی کام وەرز لەهەموو وەرزەکان ساردترە؟ چی دەبینینێت؟

٥. کێ دەزانێت کام وەرزە ڕەنگی سەوزی تێدا زۆرە؟

٦. کێ پێم دەڵێت کام وەرزە ڕەنگی زەردی زۆرە؟ بۆچی؟

٧. ئایا وەرزی پاییز لەکام وەرزانەیە؟

بەم شێوەیە مامۆستا لە پرسیارکردن بەردەوام دەبێت و دواتر بە شێوەیەکی ورتر باسی وەرزی پاییزیان بۆدەکات و ئەو گۆڕانکارییە ژینگەییانەیان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە بەسەر ئەو وەرزەدا دێت لە ڕووی ڕەنگ، شێوە، ژینگە، پلەی گەرما، پێگەیشتنی میوەی پاییزی، دواتر مامۆستا بەپێی ئەو زانیاریانەی بە منداڵەکانی داوە ڕێگە خۆشدەکات، تا چالاکییە

کردارییەکە ئەنجام بدات و لەڕێگەی ئەم چالاکییەوە لە ئاست و گەشەی ئەقڵی و ژیری قوتابییەکان تێبگات و بزانێت، تا چ ئاستێک توانای تێبینی کردن و سەرنجدانیان هەیە؟

## چالاکی کردارەکی:

١. داوا لە قوتابییەکان بکە وێنەی دیمەنی وەرزی پاییز بکێشن، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو گۆڕانکاریانەی لەو وەرزەدا ڕوودەدات و ڕەچاوی ڕەنگ و شێوەو شتەکانی ناو ژینگە بکەن.
٢. داوا لە قوتابییەکان بکە وێنەی ئەو میوانە بکێشن، کە لە وەرزی پاییزدا زۆردەبن، یان پێدەگەن.
٣. داوا لە قوتابییەکان بکە وێنەی ئەو میوەیە بکێشن، کە حەزی پێدەکەن.
٤. داوا لە قوتابییەکان بکە وێنەی ئەو شتانە بکێشن، کە ڕەنگی زەردی تێدایە.

## سوودی بەدەستهاتوو لەم وانەیەدا

### سوودە زانیارییەکان:

قوتابی لە سوودی وەرزەکان تێدەگات و دەزانێت ئەرکی هەروەرزێک جیاوازەو هەریەکەشیان ڕەنگێکی تایبەت بەخۆیان هەیەو چیـنگەی هەریەکێکیشیان جیاوازە. هەروەها قوتابییەکان تایبەتمەندی وەرزی پاییز لە وەرزەکانی جیادەکاتەوەو ڕاستەوخۆ ئاشنایەتی لەگەڵ ڕەنگی زەرددا دەکات لەڕێگەی خەزانەوە (گەڵاوەرین).

لێرەدا هەر قوتابییەک لە قوتابییەکان ئارەزووی وەرزێک دەکەن و حەزی ئاشنایەتی و بەخۆزانیان پیشانی مامۆستا دەدەن لەڕێگەی خۆدەرخستن و باسکردنی تایبەتمەندی هەریەک لە وەرزەکان. هەروەها قوتابی کۆمەڵێک دەستەواژەی نوێ فێردەبێت، وەک: ‹وەرز، پاییز، زەرد، خەزان، سەرما، ڕەشەبا...›.

### سوودە کارامەییەکان:

قوتابییەکان هەوڵدەدەن لە گۆڕانکارییە ژینگەییەکان تێبگەن و ئەم گۆڕانکاریانەش لەڕێگەی هێڵ و ڕەنگ و شێوەکانەوە دەردەخەن، دواتر

هەوڵدەدەن گوزارشت لەو باسە بکەن، کە مامۆستا لەڕێگەی پرسیارکردن و زانیاری بەخشینەوە بە قوتابییەکانی داوە. هەروەها بەڕوونی ئەم گۆڕانکاریانە هەست پێدەکرێن:

١. گفتوگۆی لەگەڵ دەوروبەر باش دەبێت و لەسەر مامۆستایە دوای نیگارکێشان بوار بڕەخسێنێت، تا قوتابییەکان لەبارەی وێنەکانیانەوە بدوێن.

٢. ترس و شڵەژان و بێئارامی کەم دەبێتەوەو زیاتر هەست بە ئاسوودەیی دەکات.

٣. ڕەنگی زەرد دەناسێتەوەو تایبەتمەندییەکانی دەزانێت.

## کەرەستەی بەکارهاتوو:

١. کاخەزی سپی قەبارە A4 یان کارتۆنی سپی قەبارە A4، فلاشکارتی زەرد.

٢. قەڵەمڕەنگی دار، یان پاستیل، یان ماجیک.

٣. دەزوو، فاقە، دوای تەواوبوونی وانەکە یەکسەر پێشانگەی پۆل بۆ قوتابییەکان بکەوە.

## پێشانگەی پۆل

کردنەوەی پێشانگەی پۆل بۆ بەرهەمی قوتابییەکان یەکێکە لەو ئەرکانەی دەکەوێتە سەرشانی مامۆستاو پێویستە ئەنجامی بدات. سەرەتا پێویستە دەزووەکە بە بزمارێک لەمبەرو ئەوبەری پۆلەکەدا ڕایەڵ بکرێت و دواتر تابلۆکان بە فاقە بە تەنافەکەدا هەڵبواسرێن، ئیدی تابلۆکان دەبن بە نمایشێکی هونەری جوان و قوتابییەکانیش هەست بەخۆزانی دەکەن و تەماشای کاری یەکتر دەکەن و دەروازەی گفتوگۆ لەنێوانیاندا دەکرێتەوە.

### گرنگی ئەم چالاکییە:

١. قوتابییەکان چێژ لەوانەکە وەردەگرن.

٢. قوتابییەکان هەست دەکەن مامۆستا فەرامۆشیان ناکات و گرنگی بە کارەکانیان دەدات.

٣. قوتابییەکان کاتێکی خۆش لەگەڵ یەکتریدا بەسەر دەبەن.

٤. قوتابییەکان ئاشنایەتی لەگەڵ کاری یەکتریدا پەیدا دەکەن.

٥. قوتابییەکان هەوڵدەدەن ڕاڤە بۆ کاری یەکدی بکەن.
٦. لەکارو نیگاری یەکدی ڕادەمێنن.
٧. هەستی بەخۆزانیان زۆردەبێت.
٨. قوتابییەکان توانای یەکتر دەبینن.

**تێبینی:**

پێویستە مامۆستا پێداچونەوە بۆ پۆلەکانی تر بکات و لە پلان و شێوازی ئاڕاستەکردنی قوتابییەکان ئاشنایەتی و ئاگاداری وەربگرێت، تا زۆرترین زانیاری لەسەر شێوازی وانەگوتنەوەکە کۆبکاتەوە، لەهەمانکاتیشدا خاڵێکی گرنگ لێرەدا خۆی دەسەپێنێت، کە بریتییە لە پێکەوە گرێدانی تەواوی پرۆگرامی پەروەردەی هونەر لەگەڵ پۆلەکانی تردا، چونکە ئەم پرۆگرامە زنجیرە وانەیەکی لێکبەستراوە، ڕاستە هەر پۆلەو تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام لەدواجاردا کارەکانیان هاوبەشە.

ئەرکی مامۆستا لەڕووی پەروەردەییەوە:

١. لە ڕێگەی وێنەکانەوە کەسایەتی قوتابییەکان دیاری بکات، سەرەتا پێویستە ئەم ناسینەوەیە لەڕێگەی ڕەفتاری قوتابییەکانەوەبێت، دواتر مامۆستا هەوڵدەدات لەڕێگەی تێنووسی زانیاری قوتابخانەوە زانیاری زۆرتر لەسەر قوتابییەکان کۆبکاتەوە(ئەم تێنووسە لەلایەن بەڕێوەبەرو ڕابەری پۆلەوە ئامادە دەکرێت و سەرجەم زانیاری تایبەت بە قوتابییەکانی تێدایە).
٢. هەموو وانەیەک هەڵسەنگاندنی تایبەت بۆ قوتابییەکان بکرێت، تا لە دواکەوتن و پێشکەوتنی قوتابییەکان ئاگاداربێت.

## ئەرکی مامۆستا لەڕووی هونەرییەوە:

١. وێنەی قوتابییەکان دیکۆمێنت بکە.(ناوی قوتابی و ڕۆژی کارو بابەت بنووسە).
٢. لە پشت کارەکەوە سەرجەم ڕوونکردنەوەی قوتابییەکە بەکورتی لەبارەی وێنەکەوە بنووسە.
٣. تێبینی سەرنج و ڕوونکردنەوەو زانیارییەکانی قوتابییەکە بکەو لە تێنووسی تایبەتدا تۆماریان بکە.

## هەڵسەنگاندن

| ژ | جێبەجێکردن / بابەت | نرخاندن | | |
|---|---|---|---|---|
| | | باش | زۆرباش | نایاب |
| ١ | ڕەنگی زەرد دەناسنەوە؟ | | | |
| ٢ | ڕەنگەکان لە شوێنی خۆیاندا بەکاردەهێنن؟ | | | |
| ٣ | وێنەی داواکراو دەکێشن؟ | | | |
| ٤ | تێبینی و سەرنج دەدات لەکاتی نیگارکێشاندا؟ | | | |
| ٥ | داوای ڕوونکردنەوەی زۆر دەکەن لەکاتی نیگارکێشاندا؟ | | | |
| ٦ | لەکاتی نیگارکێشاندا جووڵە ناکات و ئارامگرە؟ | | | |
| ٧ | لەکاتی دیاریکراودا لە ئەرکەکەی دەبێتەوە؟ | | | |



## وانەی دووەم

تەوەر: هونەری دەربڕینخوازی

بابەت: نیگارکێشانی ئازاد

کاتی دیاریکراو: ٣ بەشەوانە

---

### مەبەست لەم چالاکییە:

١. قوتابی ڕادەهێنرێت پشت بە دەربڕینخوازییەکانی خۆی ببەستێت و بتوانێت ئەندێشەو بیرو هۆشی خۆی بخاتە خزمەت کارە هونەرییەکەوە.

٢. قوتابی فێردەبێت پشت بەخۆی ببەستێت و چاو لەدوونەبێت.

٣. قوتابی هەوڵدەدات بیرو بۆچوونەکانی خۆی بسەپێنێت و دیدو تێڕوانینی دەربڕێت.

٤. گەشە بەلایەنی ئەقڵی دەدرێت و بیر فرەوان دەبێت.

٥. توانای تێبینیکردن و سەرنجدانی پێشدەکەوێت.

٦. قوتابی دواتر فێر دەبێت هەر ئاڕاستە نەکرێت، بەڵکو خۆی ئاڕاستە بکات.

٧. فێردەبێت بەدوای هێماو شێوەی تازەدا بگەڕێت بۆ گوزارشتکردن.

### ئەرکی مامۆستا:

١. مامۆستا (٣) وانەی جیاواز ڕێکدەخات، تا لەهەر وانەیەکدا بابەتێکی دیاریکراو بخاتە ڕوو.

٢. لە هەر بابەتێکی دیاریکراودا زانیاری تەواو لەسەر بابەتی پێشنیارکراو بخەڕوو، تا قوتابییەکان هەست بە لاوازی زانیاری نەکەن و لە بابەتەکە تێبگەن.

٣. پێش ئەوەی داوا لە قوتابییەکان بکرێت نیگار بکێشن، دڵنیا ببەوە لە زانیارییەکان و پێویستە گفتوگۆیەکی کورتیان لەبارەی بابەتەکەوە لەگەڵ سازبکرێت.

### کەرەستەی بەکارهێنان:

١. کاخەزی A4، لەگەڵ هەندێک فلاشکارتی ڕەنگاوڕەنگ.

٢. قەڵەمڕەنگی دار، ماجیک، پاستیل.

## کلێشەی (١-١)

داوا لە قوتابییەکان بکە، وێنەی ئەو میوانە بکێشن، کە لە وەرزی زستاندا زۆرن.

ناو: پۆل: / /

## کلێشەی (١- ٢)

داوا لە قوتابییەکان بکە، نیگاری دیمەنێکی هەورو باراناوی بکێشن.

ناو:                                        پۆل:                  /        /

## کلێشەی (١- ٣)

داوا لە قوتابییەکان بکە، وێنەی خۆیان لە وەرزی هاویندا بکێشنەوە.

ناو:                                   پۆل:                                   /        /

چەند دیمەنێکی پەیوەست بە کلێشەی ژمارە (١- ١) و (١- ٢) و (١- ٣)، بەمەبەستی پێزانین و ڕوونکاری.



ليمۆی سەوز



هەنار



لالەنگی



سندی



پرتەقاڵ



ناوکی میوەکان



کێوی



ئەناناس



دوو دیمەنی پڕ لە هەورو باراناوی لە وەرزی زستاندا



چەند دیمەنێکی منداڵان لە وەرزی هاویندا

# تەوەری دووەم



# ڕەنگکردن

## وانەی یەکەم

تەوەر: ڕەنگكردن

بابەت: مۆنۆتایپ

کاتی دیاریکراو: ٢ بەشەوانە

---

## مۆنۆتایپ

### ئەرکی مامۆستا:

پێویستە لەسەر مامۆستا وانەی ئێستە ببەستێتەوە بە وانەی پەروەردەی هونەر بۆ باخچەی مندالآن – چالاکی دووەم- چاپگەری بەدەست، چونکە لەو چالاکییەدا مندالەکان بە دەست کاری چاپگەری و مۆنۆتاپییان ئەنجام دەدا، بەڵام لەم چالاکییەدا قوتابی شمەک و شێوەی جۆراوجۆر بەکاردەهێنێت، تا شێوەکان لەبەر بگرێتەوەو چەندین بۆیەی ڕەنگاوڕەنگیش بەکاردەهێنێت، وەک ئەکریلیک، یان پۆستەر.

### یاسای کارکردن و ئاراستەکردن:

١. پێویستە سەرەتا مامۆستا سەرنجی قوتابییەکان بۆلای چالاکییەکە ڕابکێشێت، تا بزانن چی دەکەن؟ واتە زانیاری تەواویان پێبدات.

٢. پێویستە مامۆستا کەرستەو شمەکی پێویستی بۆ چالاکییەکە ئامادەکردبێت.

٣. پێویستە مامۆستا قوتابییەکان ئاگادار بکاتەوە لەوەی، کە نابێت گاڵتەو کەپ بە بۆیەکان بکەن، چونکە لەوانەیە جلەکانیان، ئنجا هۆڵەکە پیس بکەن، کەواتە پاکوخاوێنی مەرجی کارکردنەو دەبێت هێمن و ئارامبن.

٤. پێویستە مامۆستا بۆیە لە قاپی تایبەت بکات و بەشێوەی کۆمەڵ قوتابییەکان ڕێکبخات، تا کاری هاوبەش ئەنجام بدەن و ڕاوێژ لەگەڵ یەکتردا بکەن. هەروەها قوتابییەکان سەرپشک بکات لەوەی ئەنجامی دەدەن، واتە چ ڕەنگێک بەکاردەهێنن، یان ئارەزووی چ شێوەیەک دەکەن بە مێکس کردنی سەرجەم شێوەکان، کە ئەوەش وا لە کۆمەڵەکان دەکات بیر لە داهێنانی شتێکی نوێ بکەنەوەو هەوڵ دەدەن ململانێ لە نێوان کۆمەڵەکاندا دروست بکەن، کە ئەوەش مەبەستی سەرەکی چالاکییەکەیە.

## چالاکی یەکەم

### کەرەستەی بەکارهێنان:

١. بۆیەی ئەکریلیک، یان پۆستەر.

٢. کاخەزی قەبارە A3 یان (٥٠×٧٠سم) ئەوەش بەپێی پێویست بەکاردەهێنرێت.

٣. قاڵبی جۆراوجۆر، شفرەی قەبارە جیاواز.

٤. بەروانکە.

٥. قوتابییەکان دەتوانن لەسەر مێز، یان لەسەر زەوی کاربکەن.

### سوودی ئەم چالاکییە:

١. ترسیان لە کارکردن دەڕەوێتەوە.

٢. هەستن بە ئازادی دەکەن و بێ سانسۆر مامەڵە لەگەڵ ڕەنگدا دەکەن.

٣. فێری خۆگری و یاسای کارکردن دەبن و ڕێز لە یەکتر دەگرن.

٤. فێر دەبن چۆن مامەڵە لەگەڵ یەکتردا بکەن و ڕەنگی تازە دەدۆزنەوە.

٥. فێردەبن چۆن سوود لە کەرەستەو شمەکی جیاواز وەربگرن بۆ کاری هونەری.



## چالاکی دووەم

لەم دوو چالاکییەدا دانەیەک هەڵبژێرە.



**یەکەم:** کەرەستەی پێویست بۆ ئەم چالاکییە: نایلۆنی بڵقدار، ڕۆڵ، یان لولە، بۆیەی ئەکریلیک، فڵچە، بەروانکە، نایلۆنی سلیڤان، کاخەزی A3.
قوتابییەکان لە شێوازی کارکردن ئاگادار دەکرێنەوەو دواتر لە شێوەی کۆمەڵ، یان تاک کارەکە ئەنجام دەدەن. سەرەتا پێویستە بە فڵچە ڕەنگەکان لەسەر کاخەزەکە، یان کارتۆنەکە بڵاوبکەنەوە، دواتر بە لە شێوەی مۆرکردن بە نایلۆنی بڵقدار ڕەنگی زیاتر دەخرێتە سەر کاخەزەکەو لە کۆتاییشدا دەتوانرێت بە ماجیک شێوەی جیاوازی لەسەر بکێشرێت. پێویستە ئازادی تەواو بدرێتە قوتابییەکان، تا بتوانن گوزارشت لە هەستی خۆیان بکەن، مەرجیش نییە شێوە بکێشن، بەڵکو لەوانەیە وێنەیەکی ڕووتەڵک دەربچێت و هیچ واتایەک نەگەیەنێت، بەڵام شێوە جوانە.



**دووەم:** قوتابی بۆ ئەنجامدانی ئەم چالاکییە پێویستی بەم کەرەستانە دەبێت، بۆیەی ئەکریلیک، نایلۆنی سلیڤان، کاخەزی A4 دواتر قوتابییەکان پێویستە بە پەنجە، یان بە شفرە، یان بە فڵچە بۆیەکە لەسەر کاخەزەکە بڵاوبکەنەوە(پەڵە پەڵە)، دواتر نایلۆنە سلیڤانەکە دەخەنە سەر بۆیەکان و بە دەست فشار دەخەنە سەر نایلۆنەکەو ئیدی شێوەیەکی نوێ دەردەچێت، کە لەمەوپێش نەدیتراوە. لە کۆتاییشدا نایلۆنەکە بە هێواشی لادەبرێت و شێوەیەکی جوان دەردەچێت، تا کارەکە پاکوخاوێن بێت شێوەکەش جوانتر دەردەکەوێت.

## وانەی دووەم

تەوەر: ڕەنگکردن

بابەت: نەخشەسازی و پڕکردنەوە

کاتی دیاریکراو: ٣ بەشەوانە

---

### ئەرکی مامۆستا:

پێویستە لەسەر مامۆستا سەرەتا باسی پاکوخاوێنی و جوانی کاری هونەری بۆ قوتابییەکان بکات، چونکە ئەگەر قوتابی گرنگی بە پاکوخاوێنی کارە هونەرییەکە نەدات، ئەوا بێگومان تابلۆکە، یان کاردەستییەکە هیچ بەهایەکی جوانکاری نابێت و وەک ئەوە وایە هیچ نەکرابێت. کەواتە یەکەم ئەرکی مامۆستای پەروەردەی هونەر ئاڕاستەکردنی قوتابییەکانە بەرەو پاک ڕاگرتنی کارە هونەرییەکان، ئنجا ئاڕاستەیان بکات لەسەر شێوازی کارکردن و چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەرکە هونەرییەکە.

### لەم وانەیەدا قوتابی ئاڕاستە دەکرێت:

**یەکەم** بۆ ئەنجامدانی کارێکی پاکوخاوێن.

**دووەم** بۆ کۆنترۆڵکردنی مەچەک و پەنجەکانی، تا بەشێوەیەکی نەرم کاری پڕکردنەوە ئەنجام بدات.

**سێیەمیش** فێری کاری وردەکاری و پوختەکردن ببێت و بزانێت بەهای ڕەنگ چەند بەرزو بەنرخە لە جوانکردنی شتەکاندا.

کەواتە ئەرکی مامۆستایە هەموو ئەو ڕێنماییانە بدات بە قوتابی، تا خۆی بپارێزێت لە هەڵە پێشوەختەکان و پێشهاتی کار لەبەرچاوبگرێت و بەرچاوی ڕوونبێت لەکاتی کارکردندا.

### سوودی ئەم چالاکییە:

١. ماسولکە بچووک و گەورەکان پێکەوە ڕاهێنانیان پێدەکرێت.

٢. هەستی دیتن و دەستلێدان هاوسەنگ دەبن.

٣. ڕەنگی تازە دەدۆزنەوە.

٤. وێڕای سەختی کارەکە، بەڵام قوتابییەکان فێری کاری پوخت و ڕێک و جوان دەبن و لە سنوور لانادەن و فێردەبن ورتر بڕوانن و نوکی قەڵەمڕەنگەکانیان کۆنترۆڵ بکەن.

کەرەستەی بەکارهێنان:

شێوەی ئامادەکراو، ماجیک، یان قەڵەمڕەنگ.

## شێوەی (٢-١)



ناو: پۆل: / /

**شێوەی (٢- ٢)**



ناو:                    پۆل:                    /        /

## شێوەی (٢- ٣)



ناو:                                   پۆل:                     /          /

## شێوەی (٢- ٤)

ئەرکی ماڵەوە: پێویستە بە نەرمونیانی ئەم شێوەیە بە ویستی خۆت پڕبکرێتەوە.



ناو:　　　　　　　　　　پۆل:　　　　　/　　　/

## شێوەی (٢- ٥)

ئەرکی ماڵەوە: پێویستە لەکاتی دانانی ڕەنگەکاندا ڕەچاوی جوانی و پوختی و پاکی بکرێت.



ناو: پۆل: / /

## وانەی سێیەم

تەوەر: ڕەنگاری

بابەت: چەند گەمەیەک لەگەڵ شێوەو ڕەنگدا

کاتی دیاریکراو: ٢ بەشەوانە

---

### ئەرکی مامۆستا:

پێویستە مامۆستای وانەی پەروەردەی هونەر دەرفەتێک بۆ قوتابییەکان بڕەخسێنێت، یان چەند وانەیەکی ئازاد ساز بکات، تا قوتابییەکانیش هەست بە خۆشی و بەسەربردنی کاتێکی پڕ لەگەمە لەگەڵ یەکتریدا بەسەربەرن، چونکە گەمەش بەشێکە لە پرۆسەی فێرکردن و ئەزموونی قوتابییەکان دەوڵەمەند دەکات بە کۆمەڵێک تاقیکردنەوەی نوێ.

کەواتە وابەستەبوون بە وانەکەوە کارێکی باش نییەو پێویستە مامۆستا بیر لە کاری نوێ بکاتەوە، تا دڵخۆشی و ئەزموونی نوێ بە قوتابییەکان ببەخشێت، مەرج نییە، ئەگەر وابێت لادان لە وانە بەرنامە بۆ داڕێژراوەکە کارێکی ئەستەم و باش نەبێت، بەڵکو هەندێکجار، کە هەستکرا قوتابییەکان هەست بە بێزاری و هەراسانی دەکەن، پێویستە مامۆستا بیر لە دەرچەیەک، یان پلانێکی خێرا بکاتەوە، تا قوتابییەکان لەو بێزارییە دەرهێنێت، کەواتە هەندێکجار لادان لە بەرنامەی کار نابێتە لادان لە پلانی سەرەکی وانەکە، بەڵکو دەبێتە هۆی گەڕاندنەوەی بیرو هۆشی قوتابییەکان بۆلای پلانی داڕێژراو، چونکە لە بنەڕەتدا قوتابییەکان لەکاتی کاردا لایانداوە.

هەروەها ئاڕاستەکردن بەشێکە لە کاری مامۆستا، چونکە لەم وانەیەدا قوتابییەکان پێویستیان بە وروژاندن هەیە، یەکێک لەو گەمانەش خرۆشاندنی هەستی قوتابییەکانە، تا بیر لە بیرۆکەی تازەو نوێ بکەنەوەو هەستی بەخۆزانییان گەشە بکات.

### سوودە زانیاری و کارامەییەکان:

١. قوتابییەکان هەست بەوە دەکەن، کە دەتوانن، دەزانن.
٢. قوتابییەکان توانای بیرکردنەوەو کارامەییان پێشدەکەوێت و بیر لە بیرۆکەی نوێ و داهێنەرانە دەکەنەوەو گەڕان و تێبینیکردن و بەدوکەوتن پەیرەو دەکەن.
٣. هەستی بەخۆزانیان گەشە دەکات و دەتوانێت خۆی کۆنترۆڵ بکات و دواتر خۆی ئاڕاستە بکات.

## چالاكی یەكەم:

**كەرەستەی بەكارهێنان:** كاخەزی قەبارە A3، بۆیەی ئاوی، فڵچە، ماجیک.



مامۆستا داوا لە قوتابییەكان دەكات دەستیان لەسەر كاخەزەكە دابنێن و بە ماجیک بەنێوان پەنجەكانیاندا بچنەوەو چەند هێڵكاریەكی دەستیان بكێشنەوە، دواتر دەتوانن چەند جارێک ئەم شێوەیە لەسەر یەكتر بكێشنەوە، تا چەند دیمەنێكی جیاواز دەربچێت و لە كۆتاییشدا بە بۆیەی ئاوی هەر پارچەیەک لە پارچەكان ڕەنگێک بكەن، تا شتێكی جوانی هونەری دەربچێت، بەو مەرجەی ڕەچاوی پاكوخاوێنی بكرێت.

## چالاكی دووەم:

**كەرەستەی بەكارهێنان:** بۆیەی ئاوی، ترومپا، قاپێكی بچوكی قوڵ، دەسماڵ كاخەزی، كارتۆنێكی (٥٠×٥٠سم).



مامۆستا داوا لە قوتابییەكان دەكات دەسماڵ كاخەزییەكە لەنێودەستیاندا بگەچلێنن و بیپێچنەوە، دواتر بیكەنەوەو بیخەنە سەر كارتۆنەكە، دوای ئەوەی لەنێو قاپەكەدا بۆیەكان دەگرنەوە بە ترومپا بەشێوەی تنۆک تنۆک لەسەر دەسماڵ كاخەزیەكەی ڕۆبكەن، جا هەر ڕەنگەو بەجیاو هەندێكجاری تریش ڕەنگەكان لەسەر یەک دابنێن، لەكۆتاییدا بزانن چی دەردەچێت؟ پاكوخاوێنی مەرجی كاركردنە.

**سوودەکانی ئەم تەوەرە:**

١. ناسین و لێدوان دەربارەی ڕەنگ و بەهەمهێنانی ڕەنگی نوێ.
٢. ئارامگرتن و گەشەی لەشەکی و ئەقڵی هاوسەنگ دەکرێت.
٣. ئەزموونکردن و ڕاهێزانی زیاتر لەبارەی کاری هونەرییەوە.
٤. گەشەکردنی لایەنی کۆمەڵایەتی و توانای هاوڕێگرتنی بەهێزدەبێت.
٥. شارەزایی زیاتر لەکاری گروپکاری و تاککاریدا پەیدا دەکات.
٦. زمانی گفتوگۆو شێوازی وشەسازی پێشدەکەوێت.

هەڵسەنگاندن

| ژ | جێبەجێکردن / ڕەفتار | نرخاندن | | |
|---|---|---|---|---|
| | | باش | زۆرباش | ناياب |
| ١ | ئایا لەکاتی کارکردندا قوتابییەکان ئارامگرن؟ | | | |
| ٢ | ڕەنگەکان دەناسنەوە؟ | | | |
| ٣ | هاوسەنگی و هارمۆنی لەناو پێکهاتەی ڕەنگەکاندا دەبینرێت؟ | | | |
| ٤ | ئاستی جوانناسیان هەڵکشاوە؟ | | | |
| ٥ | ماسولکە گەورەو بچوکەکانیان گەشەی کردووە؟ | | | |
| ٦ | لەکاتی کارکردندا ڕەچاوی پاکوخاوێنی دەکەن؟ | | | |
| ٧ | کارەکانیان پوختیان پێوەدیارە؟ | | | |
| ٨ | ئایا لەکاتی کارکردندا پشت بەخۆیان دەبەستن؟ | | | |
| ٩ | ئایا ئاستی کارامەیی و ژیری و تێبینیکردنیان پێشکەوتووە؟ | | | |
| ١٠ | ئایا لەدوای کارکردندا کەرەستەو شمەکەکان کۆدەکەنەوە؟ | | | |

**تێبینی:** ئەرکی مامۆستایە تەواوی تابلۆ کێشراوەکان و کارە ئەنجامدراوەکان کۆبکاتەوەو دیکۆمێنتیان بکات و دواتر هەڵیانبگرێت، تا کاتی نمایشی قوتابخانە، یان نمایشی نێوان قوتابخانەکان.

# تەوەری سێیەم



# کاردەستی Handcraft

## وانەی یەکەم

تەوەر: کاردەستی

بابەت: کارکردن بە بەرهەمە ڕووەکییەکان

کاتی دیاریکراو: ٢ بەشەوانە

---

لە پۆلی یەکەمدا قوتابیان ئارەزووی کاری جیاواز دەکەن و هەوڵدەدەن بەرهەمی جۆراوجۆر دروستبکەن، چونکە قوتابی لەو تەمەنەدا بەدوای زانیاری بابەتی نویدا دەگەڕێت و لەهەمانکاتیشدا ئارەزووی خەیاڵبازی دەکات، هەموو ئەوانەش بەمەبەستی خۆدەرخستن و پیشاندانی تواناکانییەتی بۆ بەرانبەر، جا لێرەدا ئەرکی مامۆستا قورس دەبێت و پێویستە نازی قوتابییەکانی هەڵبگرێت و بە ئارامی ڕەفتاربکات و بەهێمنی لەگەڵیاندا گفتوگۆ بکات.

### کەرەستەی بەکارهاتوو:

پێویستە لەسەر مامۆستا قوتابییەکان ڕاسپێرێت بۆ دۆزینەوەی بەروبوومە ڕووەکییەکان، کە لە بەری دار پێکهاتوون، وەک بەڕوو، گوێز، بەری کاژ، کولەکەی زەرد... هەرشتێک قوتابی بۆی بەردەستبێت و پارەی پێنەدات. لە چالاکییەکاندا ڕووندەبێتەوە چۆن بەکاردەهێنرێن.

### مەبەستی سەرەکی لەم وانەیەدا:

١. وانە باوەکان ڕەت دەکەن و شێوازێکی نوێی کارکردن ئەزموون دەکەن.

٢. کارزانی و کارامەیی نوێ فێردەبن و کەرەستە باوەکان تێدەپەڕێنن و کەرەستەی نوێ تاقیدەکەنەوە.

٣. دڵخۆشکردنی قوتابی و بەسەربردنی کاتێکی خۆش.

٤. گەشەی لەشەکی پێشدەکەوێت و باشتر کۆنترۆڵی ماسولکە گەورەو بچوکەکانی دەکات.

٥. توانای هاوڕێگرتنی باشدەبێت و فێردەبێت بێ کێشە لەناو گروپەکەیدا کاربکات.

٦. هاوسەنگی زۆرتر لە نێوان هەر پێنج هەستەوەرەکانیدا دروستدەبێت.

٧. هەل بۆ قوتابی دەڕەخسێنێت بیرو خەیاڵکردن و تێڕامانی فراوانتر بکات.

٨. توانای داهێنان بۆ قوتابییەکان دەڕەخسێنێت.

٩. فێری ئێتیکی کارکردن دەبێت و ڕێز لە کات دەگرێت.
١٠. قوتابی فێردەبێت هەموو کەرەستەیەک لەکاری هونەریدا تاقیبکاتەوە.
١١. فێردەبێت بە هەمووکارێک ڕازینەبێت و داوای کاری جوانترو باشتر بکات.
١٢٠ هەستی بەرپرسیارییەتی گەشە دەکات و هەوڵی زۆرتریش لەو بوارەدا دەدات.

**ئەرکی مامۆستا لەم وانەیەدا:**

١. بەشدارییپێکردنی سەرجەم قوتابییەکان لەم چالاکییەدا.
٢. گرووپەکان چالاکتر بکات و ئەرکی نوێیان پێبدات.
٣. ئاستی چاودێریکردن و ئاڕاستەکردنی قوتابییەکان بەرزتر بکاتەوە، چونکە قوتابییەکان پێویستیان بە ڕێنمایی زیاترە.
٤. لەسەر هەر کەرەستەیەک زانیاری تەواو بە قوتابییەکان بدرێت، تا بتوانن لە شوێن و جێگەی خۆیاندا بەکاریان بهێنن.
٥. قوتابییەکان بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان پێویستیان بەکاتە، لەسەر مامۆستایە ڕەچاوی ئەم خاڵە بکات و کات نەکوژێت بە شتی لاوەکییەوە.
٦. نابێت پەلە لە منداڵەکان بکرێت و هەراسان بکرێن.

## گەشەپێدانی هەستی جوانناسی و بەدەستهێنانی ئامانجە هونەرییەکان لەم وانانەدا

**یەکەم:** ئامانجە زانیارییە بەدەستهاتووەکانی ئەم وانەیە:
قوتابی ئامانجە زانیارییەکانی ڕاستدەکاتەوە، کە لەمەوپێش نەیتوانیوە بەدەستیان بهێنێت، یان نەیتوانیوە ئەنجامیان بدات. هەروەها ئەم دەستەواژانە بۆ جارێکی دی نوێدەکاتەوەو خۆی پێ دەوڵەمەند دەکات:
‹دەیناسێت، دەیبیستێت، جیاوازی دەکات، شیدەکاتەوە، ڕوونی دەکاتەوە، گفتوگۆی دەکات، شیتەڵی دەکات، دەیسەپێنێت، هەستی پێدەکات، داهێنانی تێدا دەکات، گۆڕانکاری دروست دەکات›.

**دووەم:** ئامانجە ویژدانییە بەدەستهاتووەکانی ئەم وانەیە:

قوتابی ئامانجە ویژدانییەکانی گەشە پێدەدات و هەوڵدەدات پێشیان بخات و جارێکی دی لە گەڵ هاورێکانیدا ڕێکیان بخاتەوە، ئەم دەستەواژانەش دەگرێتەوە:‹دەتوانێت، حەزی لێدەبێت، پێشنیار دەکات، هاوکاری پێشکەش دەکات، ئارەزووی لێدەبێت، بەشداری دەکات›.





**چالاکی یەکەم:**

**کەرەستەی بەکارهاتوو:** بەری کاژ، دەزوو، بۆیەی ئەکریلیک، فڵچە.

دوای ئەوەی مامۆستا قوتابییەکانی ڕاسپاردووە بەری کاژ کۆبکەنەوە(وانەی ڕابردوو)، قوتابییەکان ڕادەسپێرێت گرووپەکانیان دروستبکەن و هەر گرووپێک پێداویستی خۆی دابین بکات، دواتر مامۆستا ڕێنمایی و زانیاری پێویست لەسەر چۆنییەتی کارکردن و بەکارهێنانی بەری کاژو بۆیەکان بۆ قوتابییەکان ڕوون دەکاتەوە دواتر قوتابییەکان خۆیان بریار دەدەن چۆن دەکەن؟ چی دەکەن؟ ئەوەش بەمەبەستی بەکارهێنانی خەیاڵ و بیری خۆیان و پێشنیارکردن و توانای بریاردانیان بەهێز دەکات.



**چالاکی دووەم:**

**کەرەستەی بەکارهاتوو:** چیلکەدار، دەزوو.

دوای ئەوەی مامۆستا قوتابییەکانی ڕاسپاردووە چیلکەدار لەگەڵ خۆیاندا بهێنن (وانەی ڕابردوو)، مامۆستا پلانی کار بۆ قوتابییەکان ڕووندەکاتەوە، کە مەبەست لەو چیلکانە پێکەوە بەستنیانە بەمەبەستی دروستکردنی ئەستێرە، مامۆستا نموونەیەکی دروستکراو پیشانی قوتابییەکان دەدات و دواتر کەرەستەو شمەکی پێویست دەخاتە بەردەستی گرووپەکان و لە ژێر چاودێری مامۆستادا کارەکەیان ئەنجام دەدەن، کاری مامۆستا تەنها پێدانی ڕێنمایی و زانیارییە لەسەر چۆنیەتی کارکردن و دواتر گرووپەکان ئازاد دەکرێت چۆن کاربکەن؟

وانەی دووەم

تەوەر: کاردەستی

بابەت: لکاندن (کۆلاج) Collage

کاتی دیاریکراو: ٤ بەشەوانە

# لکاندن (کۆلاج) Collage



مەبەست لە لکاندنی دوو کەرەستە، یان زیاترە بۆ دروستکردنی بابەتێکی جوانی هونەری.

دەستپێکی ئەم وانەیە پێویستی بە هەندێک ڕێنمایی و بەخشینی زانیاری هەیە بە قوتابییەکان، تا لە ویست و خواستی مامۆستا تێبگەن و بزانن داواکراو چییە؟ گومانی تێدانییە ئەو قوتابییانەی باخچەی منداڵانیان بڕیوە لە مەبەست تێدەگەن، بەڵام پێویست دەکات جارێکی دی مامۆستا دووبارە زانیارییەکان بە قوتابییەکان بڵێتەوە، کە ئەم پرۆسەیە بە سێ هەنگاوەدا دەڕوات، کە ئەوانیش بریتین لە:

١. بڕین و لێکدان: لەم بەشەدا کەرەستەو شمەکی لێکدان ئامادە دەکرێت، وەک کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ، کەتیرەی وشک (ستیک)، مقەست، کارتۆن. دواتر پرۆسەی بڕین بە دەست و مقەست دەستپێدەکات، تا شێوەی دیاریکراو ئامادە بکرێت و دواتر پارچە بڕاوەکان بە ستیکەر لە کارتۆنەکە، یان کاغەزەکە دەدرێت.

٢. چاودێریکردن و ئاڕاستەکردن: لەم قۆناخەدا مامۆستا چاودێری گروپ و قوتابیەکان دەکات و دواتر بەپێی پێویست ئاڕاستەیان دەکات و زانیاری پێویست دەبەخشێت بە قوتابییەکان، تا کارەکانیان جوان و پوخت و پاکبێت.

٣. بەرهەمهێنان: دوای ئەوەی گروپەکان لەکارەکە دەبنەوە، مامۆستا داوا لە گروپەکان بکات، تا شێوازی ئامادەکردن و لێکدان و بیرۆکەی کارەکە ڕوون بکەنەوە، جا لەناو گروپەکەدا قوتابییەک ئەو ئەرکە دەگرێتە ئەستۆو ئەم پرۆسەیە بۆ هاوڕێکانی ڕووندەکاتەوە، ئەوەش پێی دەڵێن گۆڕینەوەی زانیاری، یان گۆڕینەوەی ئەزموون.

لە کۆتاییدا مامۆستا بە بەرهەمەکان پێشانگەی پۆل سازدەکات و قوتابییەکان تەواوی کاری یەکتر دەبینن و ئەوەش بە یەکێک لە گرنگترین کارەکانی ئەم پرۆسەیە دادەنرێت.




شێوازی بڕین و لێکدان — چاودێریکردن و ئاڕاستەکردن — بەرهەمهێنان

**چالاکی یەکەم:**

**کەرەستەی بەکارهاتوو:** کاخەزی ڕەنگاوڕەنگ، کەتیرە وشک، مقەست، کاخەزی قەبارە A3.

**بیرۆکە:** دروستکردنی دیمەنی پەلکەزێڕینە. لەو چالاکییەدا پێویستە سەرەتا مامۆستا کورتەباسێک لەبارەی پەلکەزێڕینە بخاتە ڕوو، کە چەند زانیارییەک بێت لەبارەی چۆنییەتی دروستبوونی پەلکەزێڕینەو کاتی دەرکەوتنی. هەروەها ئەو ڕەنگانەی بەشێوەی کەوانە لە دیمەنەکەدا دەردەکەون. دواتر قوتابییەکان لە گرووپدا ڕێکبخات و داویان لێبکات نیگاری ئەو پەلکەزێڕینە دروست بکەن (پێویستە مامۆستا، وەک نموونە کارێکی ئامادەکردبێت).



**چالاکی دووەم:**

**کەرەستەی بەکارهاتوو:** کاخەزی ڕەنگاوڕەنگ، کەتیرەی وشک، مقەست، کارتۆن، یان فایل.




**بیرۆکە:** دروستکردنەوەی ماسی. سەرەتا مامۆستا چەند پرسیارێک لەبارەی ماسی لە قوتابییەکان دەکات، دواتر چەند زانیارییەک دەخاتە سەر زانیاری قوتابییەکان. بۆنموونە وەڵامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە: ماسی لەکوێ دەژیت؟ چۆن مەلە دەکات؟ بە چی داپۆشراوە؟ چۆن هەناسە دەدات؟ دواتر داوا لە قوتابییەکان دەکات بە قەڵەم ڕەساس وێنەی ماسیەکی گەورە لەسەر کارتۆنەکە بکێشن، دواتر بە مقەست ببڕن و لە کۆتاییشدا بە کاخەزی ڕەنگاوڕەنگ ڕووپۆشی بکەن، دوای لێبوونەوەش ئەو کاخەزانەی لە چێوە براوەکە دەرچوون خشتیان بکەن و شێوەکە پوخت بکەن.

**چالاکی سێیەم:**

**کەرەستەی بەکارهاتوو:** کاخەزی ڕەنگاوڕەنگ، کەتیرەی وشک، مقەست، کاخەزێکی قەبارە A4.



**بیرۆکە:** دروستکردنی کوندەپەپوو. سەرەتا مامۆستا چەند پرسیارێک لە قوتابییەکان دەکات، ئایا کێ کوندەپەپووی دیتووە؟ کێ دەتوانێت وەک کوندەپەپوو بخوێنێت؟ کێ دەزانێت کوندەپەپوو کەی ڕاو دەکات؟ ئەمەو چەندان پرسیاری دی، دواتر مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات لە گروپدا شێوەیەکی کوندەپەپوو دروست بکەن، مامۆستاش چاودێری گروپەکان دەکات و ئاڕاستەیان دەکات. (پێویستە مامۆستا نموونەی دروستکراوی ئامادەکردبێت).

**چالاکی چوارەم:**

**کەرەستەی بەکارهاتوو:** کاخەزی ڕەنگاوڕەنگ، کارتۆنی ڕەنگاوەڕەنگ، مقەست، کەتیرەی وشک، کارتۆنی قەبارە A4.

**بیرۆکە:** دروستکردنی ئەپارتمان. سەرەتا مامۆستا باسی ئەپارتمان بۆ قوتابییەکان دەکات و سوودەکانی ئەم شێوازە لە تەلارسازی بۆ قوتابییەکان ڕووندەکاتەوە بەم شێوەیە: دروستکردنی بە شێوازی ستوونییە، واتە بە ئاسماندا



چووە، زەوی زۆر داگیرناکات و بەوەش دەتوانرێت زەوی زۆرتر بمێنێتەوە بۆ نیشتەجێبوون، خەرجی دروستکردنی کەمترە... دوای ڕوونکردنەوە، مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات دیمەنی گەڕەکێکی دروستکراو بە ئەپارتمان دروست بکەن، بەڵام ڕەچاوی شەقام و پاکوخاوێنی کارەکە بکەن. (پێویستە مامۆستا نموونەیەکی ئامادەکردبێت).

## ئەركی مامۆستا:

١. چـاودێریكردن و ڕێنمـاییكردنی قوتابییەكـان لە نێـو گرووپەكانیانـدا، تـا بە شێوەیەكی خێرا وەڵامی پرسیارەكان وەربگرنەوە.

٢. پێویستە مامۆستاش لەبەرچاوی قوتابییەكان بەتەنیا، یان لەگەڵ گرووپێكدا كاربكات و دواتر بەسەر گرووپەكانی تردا بگەڕێت و كاریان لەگەڵدا بكات و زانیاریشیان پێبدات.

٣. مامۆستا ئەوە بۆ قوتابییەكان ڕووندەكاتەوە، كە نابێت یاری بە مقەست، یان دەستبازی لەكاتی كاركردندا بكەن، چونكە زامدار دەبن.

٤. مامۆستا قوتابییەكان ڕادەهێنێت، كە چۆن بیرۆكەی نوێ دابهێنن؟ ئەوەش لەڕێگەی ڕەخساندنی بوار بۆ سەرجەم قوتابییەكان.

## بیرۆكە:

مەرج نییە ئەو چالاكیانەی لەم بەشـەدا خراونەتە ڕوو بەس بێت، تـا قوتـابی لەكاری هونەری تێربكات، بەڵكو مامۆسـتا دەتوانێت ئەركی مـاڵەوە بـدات بە قوتابییەكان، بەڵام بەومەرجەی ئەركەكە نەبێتە بار بەسـەر قوتـابی و فشـاری دەروونی لەسـەر دروست بكات، بەڵكو پێویستە ئەركەكان بە دڵخوازانەبێت و بەشـێوەیەك بێت قوتـابی خـۆی ئـارەزووی كـاركردن بێـت، نەك بەزۆر پێی ئەنجام بدرێت.

## ئەنجام:

قوتابی ئارەزووی كاركردنی زۆردەبێت و توانای بەرهەمهێنـانی هـونەری بـۆ گەشــە دەكــات، لەهەمانكاتیشــدا گەشــەی لەشــەكی و ئەقڵــی و كــارامەیی پێشدەكەوێت و هاوسەنگ دەبن. هەروەها هەستی دیتن هەستیارتر دەبێت.

هەڵسەنگاندن

| ژ | كارامەیی | نرخاندن | |
|---|---|---|---|
| | | بەڵێ | نەخێر |
| ١ | توانای برین و بەكارهێنانی مقەستیان چۆنە؟ | | |
| ٢ | لە مەبەستی داواكراو تێدەگەن؟ | | |
| ٣ | بایەخ بە پاكوخاوێنی كارەكەو شوێنكارەكە دەدەن؟ | | |

## وانەی سێیەم

تەوەر: کاردەستی

بابەت: بەکارهێنانەوە Recycling

کاتی دیاریکراو: ٦ بەشەوانە (دەتوانرێت بەپێی ئەو پلانەی دادەڕێژیت چالاکییەکان بەپێی کات درێژبکرێنەوە)

# بەکارهێنانەوە Recycling

لەم وانەیەدا قوتابیان ڕادەهێنرێن سوود لە کەرەستەو شمەکی ڕەق و نەرمی بەکارهاتوو وەربگرن، تا دووبارە لە کارێکی هونەریدا لەژێر چاودێری مامۆستادا بەکاری بهێننەوە. ئەم وانەیە کۆمەڵێک کێشەی ماسولکەیی و دیتەنی و هەستییەکانی قوتابی چارە دەکات و لایەنی هزری و بیری قوتابییەکانیش بەهێز دەکات و توانای خەیاڵبازی و تێبینیکردنیان فراوان دەکات. وەک مامۆستا پێشنیار بخە بەردەم قوتابییەکان و دواتر هەلیان بۆ برەخسێنە، تا خۆیان پێشنیاربکەن و داهێنان لە کارەکانیاندا ئەنجام بدەن.

### کەرەستەی بەکارهاتوو:

١. مقەست، کەتیرەی وشک، دەزوو، داو، خوری.

٢. کاخەزی ڕەنگاوڕەنگی لەزگە.

٣. قوماشی ڕەنگاوڕەنگی لەزگە.

٤. قاپ و کوپی یەکبار (سەفەری).

٥. هەر کەرەستەیەک، کە قوتابییەکان پێیان پەیدابکرێت بەومەرجەی لە بازاڕدا نەیکڕن. واتە پارەی پێنەدەن، وەک: ‹کارتۆنی فرێدراوی پێڵاو، قوتوی شامپۆ، قوتوی دۆشاوی تەماتە، قوتوی بیبسی، پاکەتی شەربەت، یان هەرپارچەیەک قوتابییەکان پێیان جوانەو سەرنج ڕاکێشەو دەتوانرێت سوودی لێوەربگیرێت›. لێرەدا مامۆستا هەوڵدەدات خەیاڵ و بیری قوتابییەکان بجوڵێنێت و توانای داهێنانیان بخەنەگەڕ و خۆیان پێشنیاری ئەو کەرەستانە بکەن بۆ مامۆستا، کە ئارەزووی بەکارهێنانی دەکەن لە کاری هونەریدا. (مامۆستا هەوڵدەدات پێشنیارەکانیان ڕەت نەکاتەوە، تا ئەزموونی بکەن، چونکە قوتابی لەڕێگەی ئەزموونکردنەوە فێردەبێت)

٦. بۆیەی (ئەکریلیک، ماجیک، بۆیەی ئاوی...)

## سوودەکانی بەکارهێنانەوە بۆ قوتابی پۆلی یەکەمی بنەڕەت

١. دەبێتە ئەزموونێک بۆ پۆلەکانی تری خوێندنی.
٢. سوودی لێوەردەگرێت بۆ ژیانی ڕۆژانە، وا بیردەکاتەوە، کە هەموو کەرەستەیەکی فڕێدراو شایەنی سوود لێوەرگرتنە بۆ کاری هونەری و ژینگەش دەپارێزێت.
٣. هاوسەنگی لەنیوان ئەقڵ و لەشدا دروستدەکات.
٤. هێزی کارکردنیان باش دەبن و توانا ماسولکەییەکانیان توندوتۆڵ دەبن.
٥. ئاستی تێبینی کردن و داهێنانیان زۆر دەچێتە پێش و بیرۆکەی نوێ دادەڕێژێت.
٦. گیانی ململانێیان زیاد دەکات و هێزی خیرەکردنیان باڵادەبێت.
٧. ئاستی پێشنیارکردنی باش دەبێت و دەچێتە پلەی زۆر باش.
٨. هاوسەنگی کۆمەڵایەتی دەچێتە قۆناخێکی جێگیرو مامەڵەی ڕاست و دروست لەگەڵ هاوڕێکانیدا دەکات.
٩. هەوڵدەدات لەکاتی پێویستدا پێی نەنگی نەبێت، کاتێک داوای هاوکاری لە دەوروبەری دەکات، یان خۆی بەکەم نازانێت، ئەوەش هەنگاوێکی زۆرباشەو پێویستە مامۆستا لەبەرچاوی بگرێت و تێبینی بکات.



## چالاکی یەکەم:

کەرەستەی بەکارهاتوو: چیلکەی ددان پاککردنەوە، هەویر، یان بنێشت، یان تەپەدۆر.



**بیرۆکە:** تەن و شێوەی جیاواز.

مەبەست لە ئەنجامدانی ئەم چالاکییە بزواندنی خەیاڵی قوتابییە، کە دەتوانێت زۆرشت بە ئاسانی دروست بکات، ئەگەر بیرۆکەی لابێت. کەواتە بەم دوو شتە (چیلکەو هەویر) توانرا چەندین شێوەی جیاواز ساز بکرێت.







## چالاکی دووەم:

**کەرەستەی بەکارهاتوو:** دەبەئاو، بۆیەی ئەکریلیک، فلچە، قۆپچە، سیکۆتین.

**بیرۆکە:** دروستکردنی ماسی. دەبەیەک ئاوی بەتاڵ دەهێنرێت، وەک لە وێنەکەدا دیارە لە ناوەڕاستدا بادەدرێت و دەکرێت بە دووبەشی جیاواز، دواتر لەسەر شێوەی ماسی ڕەنگ دەکرێت. ئیدی لێرەوە قوتابییەکان هەست دەکەن، کە دەتوانن زۆرشت ئەنجام بدەن و دروست بکەن، تەنها ئەوەی جێگەی بایەخە بیرۆکەی پێشنیارکراوە.





## چالاکی سێیەم:

**کەرەستەی بەکارهاتوو:** قاپی یەکبار، قوماشی ڕەنگاوڕەنگی فرێدراو، دەزوو.

**بیرۆکە:** دروستکردنی چرای دەریا.

قاپەکە بە قوماشەکە ڕووپۆشدەکرێت و دواتر لە ناوپەلی قاپەکەدا قوماشە لولدارەکان شۆڕدەکرێنەوە بۆ خوارەوەو لەسەرەوەش بە دەزوێک قایم دەکرێت.

## چالاکی چوارەم:

**کەرەستەی بەکارهاتوو:** دەزووی ڕەنگاوڕەنگ، بۆیەی ئەکریلیک، قاپی یەکبار.



**بیرۆکە:** دروستکردنی چرای دەریا. هەمان بیرۆکەی چالاکی سێیەمە، بەڵام ئەمجارە قاپەکان ڕەنگ دەکرێن و لەبری قوماش دەزووی ڕەنگاوڕەنگ دادەنرێن، بەم جۆرە چالاکییەش دەگوترێت گۆڕینی بیرۆکە، یان ئاڵوگۆڕی کەرەستەو شمەک. کەواتە لە بیرۆکەکاندا جۆری کەرەستەکان ئاڵوگۆڕ پێبکرێت و شێوەی شتە بەرهەمهاتووەکە بگۆڕدرێت.

## چالاکی پێنجەم:



**کەرەستەی بەکارهاتوو:** دارچلورە، دەزووی ڕەنگاوڕەنگ.

**بیرۆکە:** چنینی دەزوو. دارچلورەکان بەپێچەوانەی یەکتر لەسەریەک دادەنرێن و دواتر بە دەزووە ڕەنگاوڕەنگەکان ڕایەڵدەکرێت و شێوەی چنین وەردەگرێت، دواتر شێوەیەکی جوانی هونەری بەرهەمدێت. هەر ئەو چالاکییە بکە بە ئەرکی ماڵەوەو بزانە قوتابییەکان چ داهێنانێک ئەنجام دەدەن؟



## چالاکی شەشەم:

**کەرەستەی بەکارهاتوو:** دەبەی بیبسی، بۆیەی ئەکریلیک، مۆمی جوانی، ئۆیە.

**بیرۆکە:** دروستکردنی چرادان. دەبە بیبسییەکان لە ناوەڕاستدا دەبڕدرێنەوەو دواتر بە شێوەیەکی هونەری ڕەنگ دەکرێت بەپێی ویستی قوتابی، دواتر پارچەکان دەخرێنەوە سەریەک و تێکەڵکێش دەکرێت، لەگەڵ دروستکردنی پەنجەرەیەکی بچووک، تا لێیەوە ڕووناکی دەربچێت، دەتوانرێت بە ئۆیەو قوماشی جۆراوجۆر کەمەربەندی خوارەوە بڕازێنرێتەوە.

## ئەرکی ماڵەوە

**مەبەست لەم چالاکییە:** تاقیکردنەوەی توانا شاراوەکانی قوتابی، چونکە هەندێکجار ئەو توانایە لەنێو گروپەکاندا دەرناکەوێت و زیاتر توانای بەکۆمەڵ پیشان دەدرێت. کەواتە ئەرکی مامۆستایە ئەرکی ماڵەوە بدات بەسەر قوتابییەکاندا، تا توانای داهێنان و کارکردنی خۆیان بسەلمێنن، بەڵام پێویستە مامۆستا ڕەچاوی توانای لەشەکی و ئەقڵی قوتابییەکان لەبەرچاو بگرێت و فشاریان لەسەر دروست نەکات و زەبرو زەنگ بەکارنەهێنێت. واتە ئەو قوتابییەی ئەرکەکەی جێبەجێنەکرد پێویستە سزای جەستەیی نەدرێت، بەڵکو ئەرکەکەی لەسەر بکاتە قەرزو لە وانەی داهاتوودا ئامادەی بکات، ئەوەش وا لە قوتابییەکە دەکات زیاتر وانەکەی بەدڵدا بچێت و بە حەزەوە کار بکات.



**ئەرکی یەکەم:** داوا لە قوتابییەکان بکە دەستڕازەی ڕەنگاوڕەنگ دروست بکەن. بۆ ئەم ئەرکە قوتابی پێویستی بە دەزووی ڕەنگاوڕەنگ، تێل، مووروی ڕەنگاوڕەنگ، خوری دەبێت. پێویستە مامۆستا پێشەکی بیرۆکەکە بۆ قوتابییەکان ڕوونبکاتەوە، تا لە داواکارییەکە تێبگەن.



**ئەرکی دووەم:** داوا لە قوتابییەکان بکە قەڵەمی پەڕموچدار ئامادە بکەن. بۆ ئامادەکردنی ئەم ئەرکە قوتابی پێویستی بە پەڕموچی هەر باڵدارێک، لەگەڵ قەڵەمێک دەبێت و دواتر پەڕموچەکە بە دەزوو، یان بە خوری لە قەڵەمەکەی توند دەکات، بەوەش قەڵەمەکە شێوەیەکی زۆر جوانی هونەری وەردەگرێت.

**ئەرکی سێیەم:** مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات چەند شوشەیەکی بەتاڵی



ڕەنگ ڕوون کۆبکەنەوە دوای خاوێنکردنەوەی ئامادەبکرێت بۆ کاری هونەری. سەرەتا کەرەستەکان هەڵبژێرن: مووروی گەورە، یان کەلا، یان قوماشی بریسکەداری پوولەکەدار، دواتر دەتوانرێت هەریەکێک لەوانە بەجیا بخرێنە ناو شوشەکەوە، تا شێوەیەکی جوان وەربگرێت، بەڵام ئەگەر شوشەی کەلاکان بچوک بێت جواتر دەبێت و شوشەی قوماشە بریسکەدارەکانیش گەورەتر بێت جوانتر دەردەکەوێت.

**لەم وانەیەدا بیرۆکە ڕۆڵی کاریگەری خۆی دەگێڕێت، چونکە:**

١. قوتابی هەست بەخۆزانی دەکات.
٢. توانای بیرکردنەوەو داهێنانی خۆی دەزانێت.
٣. لە هەست و تواناکانی دەوروبەری ئاگادار دەبێت.
٤. تێدەگات چۆن مامەڵە لەگەڵ کەرەستەو شمەکی دەوروبەردا بکات؟
٥. هەست بە گەشەی لەشەکی و ئەقڵی خۆی دەکات.

لێرەدا گرنگە مامۆستا ڕەچاوی جۆری چالاکییەکان بکات و پێشوەختە خۆی بۆ ئامادە بکات، جا لەهەر چالاکیەکیشدا نموونەی ئامادەکردبێت، مەرجیش نییە تەنها پشت بەو چالاکیانە ببەستێت، بەڵکو مامۆستا دەتوانێت ئاستی خەیاڵبازی و تواناکانی خۆیشی تێکەڵی بیرۆکەکان بکات، بەومەرجەی فشار نەخاتە سەر ئەقڵ و جەستەی قوتابییەکان، چونکە پێویستە چالاکییەکان لەتوانای تەمەنی قوتابییەکاندابن. واتە زیادەڕەوی لە چالاکییەکاندا نەکرێت.

## هەڵسەنگاندن

| ژ | کارامەیی | نرخاندن | |
|---|---|---|---|
| | | بەڵێ | نەخێر |
| ١ | ئایا قوتابییەکان جگە لەو کەرەستانەی بۆیان دیاریکراوە، شتی تریش دەهێنن؟ | | |
| ٢ | ئایا قوتابییەکان لە مەبەستی داواکراو تێدەگەن؟ | | |
| ٣ | ئایا قوتابییەکان لەناو گروپەکاندا هاوکاری پێشکەش بە یەک دەکەن؟ | | |
| ٤ | ئایا گروپەکان توانای پێشنیارکردنیان زیادیکردووە؟ | | |
| ٥ | ئایا قوتابییەکان هەست بە پێشکەوتنیان دەکرێت؟ | | |
| ٦ | ئایا گروپەکان پابەندی ئەوکاتەن، کە بۆیان دیاریکراوە؟ | | |
| ٧ | ئایا قوتابییەکان پابەندی ئەو ئەرکە دەبن، کە مامۆستا پێیاندەدات؟ | | |

مامۆستای بەڕێز... ئەرکی بەڕێزتانە لە هەموو وانەیەکدا هەڵسەنگاندن بۆ کارو ڕەفتاری قوتابییەکانت ئەنجام بدەیت، کە ئەم هەڵسەنگاندنە تەواو خزمەت بەپرۆسەی وانەگوتنەوەکە دەکات و بەرچاوڕوونییەک دەدات بەمامۆستای وانەکە، تا بۆی ڕوونبێتەوە، کە چی ئەنجام داوەو قوتابییەکانیشی تا چ ئاستێک تێگەیشتوون لە پەیامی مامۆستاکەیان؟

کەواتە ئەنجامدانی هەڵسەنگاندن ئاست و توانای مامۆستا، ئنجا قوتابییەکان دەستنیشان دەکات و لەم نیوەندەشدا مامۆستا دەتوانێت خاڵە لاوازەکان بەرەو باشی و باشەکانیش بەرەو باشتر بەرێت.

## وانەی چوارەم

تەوەر: کاردەستی

بابەت: داوکاری (تەون)

کاتی دیاریکراو: ٥ بەشەوانە

---

# داوکاری (تەون)

یەکێک لە چالاکیانەی قوتابی حەزی لێدەکات، ئەنجامی بدات داوکارییە. هۆکارەکەشی (ڕوونە، نەرمەن، جەستە پیس ناکات و پێویستی بەکەمێک وریایی هەیە، قوتابی هەراسان ناکات، بڕین و گرێدانی تێدایە). هەردوو ڕەگەز (کوڕ، کچ) کاری پێدەکەن.



### کەرەستەی بەکارهاتوو:

خوری ڕەنگاوڕەنگ، دەزووی ڕەنگاوڕەنگ، داوی ڕەنگاوڕەنگ، کارتۆن، مقەست.

**ئاراستەکردن:**

پێویستە سەرەتا مامۆستا بیرۆکەی کارەکە بۆ قوتابییەکان ڕوونبکاتەوە، بەڵام بەر لەوە پێویستە هەموو پێداویستییەکان دابین بکرێن، تا لەکاتی کارکردندا گرفتی کار دروست نەکات بۆ قوتابییەکان. هەروەها لەسەر مامۆستا پێویستە خۆیشی کارەکە لەبەرچاوی قوتابییەکان دروست بکات، تا قوتابییەکان بەرچاویان ڕوونبێت و بزانن چی دەکەن؟

کەواتە بیرۆکە زۆر گرنگە بۆ قوتابی، لەهەمانکاتیشدا وروژاندنی هەستی قوتابییەکان لەهەمووی گرنگترە، هەروەها هاندانی قوتابییەکانیش بۆ کاری هونەری یەکێکی ترە لەو ئەرکانەی دەکەوێتە سەرشانی مامۆستا، کە پێویست دەکات وانەکە، ئنجا کارەکە لای قوتابییەکان خۆشەویست بکات. لە هەمانکاتیشدا شێوازی گفتوگۆو ئاخاوتنی مامۆستاش زۆر کاریگەرو گرنگە، چونکە لەپێش هەمووشتێکدا ئاسوودەکردنی باری دەروونی قوتابییەکان ئەرکی پێشینەی مامۆستایە.

**سوودی ئەم وانەیە:**

١. توانای دیتن پێشدەخات.
٢. ڕێژەی بیرکردنەوەو خەیاڵکردن بەرزدەکاتەوە.
٣. هەستی بەخۆزانی باش دەکات.
٤. توانای مامەڵەکردن و گفتوگۆکردنی لەگەڵ هاوڕێکانیدا باشتر دەکات.
٥. ڕێز لەکاری هونەری دەگرێت.

تێبینی: پێویستە مامۆستا لەکۆتایی هەموو چالاکییەکاندا هەڵسەنگاندن بۆ قوتابییەکان بکات.

**هەڵسەنگاندن**

| ژ | کارامەیی | نرخاندن | |
|---|---|---|---|
| | | بەڵێ | نەخێر |
| ١ | ئایا قوتابییەکان ئاسوودەن لە مامەڵەکردن لەگەڵ خوریدا؟ | | |
| ٢ | ئایا قوتابییەکان ڕەچاوی وردی داواکارییەکانی مامۆستا دەکەن؟ | | |
| ٣ | ئایا قوتابییەکان دوای کارکردن ڕەچاوی پاکوخاوێنی شوێنکارەکە دەکەن؟ | | |

## چالاکی یەکەم:

**کەرەستەی بەکارهاتوو:** خوری، داو، کارتۆن، یان کاخەز، دەرزی، مقەست، قەڵەم.

**بیرۆکە:** مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات گوڵێک بە قەڵەم لەسەر کاخەزەکە بکێشن (گەڵی شەشپەڕ، یان هەشتپەڕ)، دواتر گوڵەکە بە جوانی بە مقەست ببڕن، دوای بڕینی گوڵەکە جارێکی دی گوڵە بڕاوەکە بخەنەوە سەر کاخەزێکی پاک و بە قەڵەم بەچواردەوری گوڵەبڕاوەکەدا بچنەوە، تا نەخشەیەکی گوڵ دەست بکەوێت.



1 2 3 4 5 6

دواتر داوەکە بە دەزووەکەدا دەکەن و هاوشێوەی تەقەڵ لێدان بە چواردەوری شێوەکەدا دێن و دەچن و هەرچی ڕەنگێک بەکاردەهێنن، تا شێوەیەکی جوان دەربچێت، وەک لە وێنەکەدا هەنگاوەکانی کارکردن دیارە.

## چالاکی دووەم:

**کەرەستەی بەکارهاتوو:** پەرداخی یەکبار، خوری ڕەنگاوڕەنگ، مقەست.

**بیرۆکە:** مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات سەرەتا پەرداخە نایلۆنەکە بە ماجیک نیشانە بکەن و دواتر بە مقەست لە سەرەوە بۆ خوارەوە بە شێوەیەکی ڕاست و پوخت بیبڕن، دواتر بە خوری ڕاست و چەپی پێبکەن و بیچنن بە شێوەیەک خورییەکە ئاڵۆزنەبێت و هەروەها پێویستە خورییەکە توندوتۆڵ بچنە تەنیشت یەکەوە تۆپەڵ دروست نەکەن، هەروەک لە وێنەکەدا دیارە.



1 2 3 4 5 6

## چالاکی سێیەم:

**کەرەستەی بەکارهاتوو:** کارتۆنێکی بەتاڵ، قولاپ، خوری، سوژن، ڕاستە، مقەست.



1



2



3



4

**بیرۆکە:** مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات بە ڕاستەکانیان کەمەربەندی کارتۆنەکە نیو سانتیم، یان یەک سانتیم بە قەڵەم نیشانە بکەن، دواتر بە قولاپەکە، یان سوژنەکە لە شوێنی نیشانەکراو بەڕێکی و لەسەر یەک هێڵ کون بکەنە خاڵەکان لەوبەرو ئەوبەر (ڕاست و چەپ). دواتر لەڕێگەی قولاپەکەوە خورییەکە ڕابکێشرێت و لەوبەرەوە ڕایەڵە دروست بکات، تا شێوەی تەون وەربگرێت. لە کۆتاییشدا خورییەکە بە سوژنەکەوە دەکرێت و ڕاست و چەپ و بەرزو نزم تەونکارییەکە ڕایەڵەی پێدەکرێت، هەروەک لە وێنەکەدا هەنگاوەکانی کارکردن ڕوونکراوەتەوە.

مەبەستی سەرەکی لەم چالاکییەدا یەکەم هەنگاوی تەونکاری فێری قوتابی دەکرێت و لە پۆلەکانی تردا زانیاری وردتر لەوبارەیەوە دەخوێنێت و فێریش دەبێت بەدڵی خۆی شت بچنێت و کاری تەون فێرببێت و بزانێت جلوبەرگ و بابەتەکانی کوتاڵ چۆن دەچنرێت و ئامادە دەکرێت، لە کۆتایی چالاکییەکەدا مامۆستا زانیاری وردتر لەبارەی دروستکردنی قوماش و خورییەوە دەداتە قوتابییەکان.

مەرج نییە ئەم چالاکییە لە قوتابخانە تەواوبکرێت، بەڵکو قوتابی دەتوانێت شمەکەکان لەگەڵ خۆیدا بەرێتەوە ماڵەوەو لە ماڵەوە ئەرکەکەی تەواو بکات و دواتر لەگەڵ خۆیدا بەرهەمەکە بهێنێتەوە بۆ قوتابخانە.

## چالاکی چوارەم:

**کەرەستەی بەکارهاتوو:** کارتۆنێکی (٢٠×٣٠سم)، ڕاستە، مقەست، خوری، سوژن.



**بیرۆکە:** تەونکاری.

مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات بەڕاستەکانیان یەک سانتیم لەسەر کارتۆنەکە بە قەڵەم نیشانە بکەن، دواتر بە مقەست کەمێک ببڕن، لە دواییشدا ڕایەڵەی خوریەکە بەنێو کەمەری تیکە بڕاوەکەدا ئەمبەرو ئەوبەری پێبکەن، دوای لێبوونەوە پارچە کارتۆنێکی شێوە ڕاستە ببڕن و بیخەنە بن خورییەکە، تا کەمێک لە کارتۆنەکە بەرزبێتەوەو لە کۆتاییشدا خوریەکە بە سوژنەکەوە بکەن و دەست بە ڕایەڵ بکەن ڕاست و چەپ، بەرزو نزم، هەروەک لە وێنەکەدا ڕوونکراوەتەوەو بزانە لە کۆتاییدا چی دەردەچێت؟



## چالاکی پێنجەم:

**کەرەستەی بەکارهاتوو:** کارتۆنێکی شێوە خڕ (بازنە)، خوری ڕەنگاوڕەنگ، مقەست.

**بیرۆکە:** ئەستێرەی ڕەنگاوڕەنگ. مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات ڕاست و چەپ خاڵێک لە کۆتایی هەر ڕاستەیەکدا بکەن و بەم شێوەیە کەمەری بازنەکە نیشانە بکەن، دواتر بە مقەست یەک سانتیمی ببڕن، لە کۆتاییشدا بەدڵی خۆیان خوری ڕەنگاوڕەنگ بەنێو کەمەربەندییەکەدا ڕایەڵ بکەن و بزانن چی دەردەچێت.

پێشوەخت پێویستە مامۆستا ئاگاداری قوتابییەکان بکاتەوە، کە چی لەگەڵ خۆیاندا بهێنن و خۆیشی نموونەی بۆ وانەکە ئامادە کردبێت.

## ئەركی ماڵەوە



### ئەركی یەكەم:

مامۆستا داوا لە قوتابییەكان دەكات دارێكی وشكی بڕاوە لە شێوەی ‹دوولك› ئامادە بكەن و دواتر بە خوری ڕەنگاوڕەنگ ڕایەڵەی بكەن و ڕووپۆشی دارەكەی پێبكەن، هەروەك لە وێنەكەدا دیارە، بەڵام پێویستە مامۆستا نموونەی پێشوەختەی ئامادەكردبێت و نموونەكەش پیشانی قوتابییەكان بدات، تا بزانن چی دەكەن؟ چۆن دەكەن؟ چونكە زانیاری پێشوەختە بۆ ئەو تەمەنەی قوتابییەكان زۆرگرنگەو دواتر خۆی داهێنان لە شێوازی كارەكەدا دەكات بەو مەرجەی قوتابییەكان سەرپشك بكرێن لەو كارەی ئەنجامی دەدەن. واتە ئەركەكە مەكە بە داخوازی كۆپی كردنەوەی كت و متی كارەكەی خۆت.



### ئەركی دووەم:

مامۆستا داوا لە قوتابییەكان دەكات پیتی ئینگلیزی، یان كوردی، یان هەرشتێك كە خۆیان ئارەزووی دەكەن لەسەر كارتۆن بە قەڵەم نیشانەی بكەن و پاشان بە مقەست بیبڕن، لە كۆتاییشدا ڕووبەری شێوەكە بە خوری ڕەنگاوڕەنگ، وەك لە وێنەكەدا دیارە ڕایەڵە بكەن.

قوتابی بەم ئەركە هێزی بەخۆزانی زیاد دەكات و توانا لەشەكی و ئەقڵییەكانی خۆی بۆ دەردەكەوێت، جا ئەوەی لێرەدا بۆ قوتابییەكە جێگەی شانازییە ئەوەیە، كە زیاتر هەوڵدەدات ئەركەكان جێبەجێبكات و هەست بە ئارامی و ئاسوودەیی دەكات لە ئەنجامەكەی، ئەوەش بە یەكێك لە ئامانجە سەرەكییەكانی ئەو چالاكیانە دادەنرێت، تا قوتابی تواناو هێزی خۆی بزانێت.

### ئەرکی سێیەم:

مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات ژێرپیاڵەیەک، یان قاپێکی پەلی یەکبار بە مقەست، تا ناوەڕاستەکەی ببڕن، ئەوەش دوای نیشانەکردن و پێوانەکردنی بەڕاستەو قەڵەم، لە دواییدا بە خوری، یان بە شریتی ڕەنگاوڕەنگی نەرم بە هێواشی ڕایەڵە بەنێو لایە بڕاوەکاندا بکەن و شێوەیەکی جوانی پێببەخشن، بەومەرجەی بۆشایی نێوان چنینەکە هەبێت، بەڵام بۆشاییەکەش زۆر نەبێت باشە، هەروەک لە وێنەکەدا دیارە. ئەم ئەرکە، وەک چالاکی دووەم وایە، بەڵام ئەم جۆرەیان قەبارەی گچکە ترە، تا قوتابی باشتر کۆنترۆڵی کارە هونەرییەکە بکات.





### ئەرکی چوارەم:

مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات چوار چیلکەدار (٤٠×٤٠سم)، یان (٢٠×٢٠سم) کۆبکەنەوەو دواتر بە خوری لە شێوەی چوارگۆشە لێکی ببەستن، جا پێش لێکبەستن دەتوانن دارەکان بە خوری ڕەنگاوڕەنگ ڕووپۆش بکەن و شێوەیەکی جوانی پێببەخشن و دواتر چیلکەدارەکان پێکەوە لێک گرێبدەن و بە شمەکی جۆراوجۆر جوانکاری تێدا بکەن، وەک لە وێنەکەدا دیارە، ئەم کارە دەتوانێت ڕۆڵی چوارچێوە بگێڕێت و بۆ تابلۆ، یان بۆ وێنە بەکاربهێنرێت.

پێویستە لەسەر مامۆستا نموونەی ئامادەکراو پیشانی قوتابییەکان بدات، تا لە داواکراو تێبگەن و دواتر قوتابییەکان سەرپشک بکات لە چۆنییەتی هەڵبژاردنی کەرەستە و چۆنییەتی جێبەجێکردنی.

وانەی پێنجەم

تەوەر: کاردەستی

بابەت: هەویرکاری

کاتی دیاریکراو: ٤ بەشەوانە

# هەویرکاری



هەویرکاری بەیەکێک لە وانە زۆر دڵگیرەکان لەلای قوتابی دادەنرێت، چونکە نەرمەو مامەڵەی خۆشە لەکاتی کارکردندا. لە هەمانکاتیشدا بەهۆی ئاسان مامەڵەکردنەوە دەتوانرێت زۆر شتی پێدروست بکرێت و لەگەڵ ویست و خواستی منداڵ لەو تەمەنەدا دێتەوەو ئارەزووەکانی پێ تێر دەکات، جا لەسەر مامۆستای پەروەردەی هونەرە ڕێنمایی و ڕێنیشاندەری قوتابییەکان بکات، بەشێوەیەک ئاڕاستەیان بکات، کە لەگەڵ ئامانجی وانەکەدا بێتەوە، چونکە کۆمەڵێک چالاکی ڕێکخراوە هاوشانی تەمەنی قوتابییەکانەو نابێت لە چالاکییەکاندا زیادەڕەوی بکرێت.

### ئاراستەکردن:

سەرەتا مامۆستا بیرۆکەی کارەکە بۆ قوتابییەکان ڕوونەکاتەوە، دوای ئەوەی دەرگای گفتوگۆ بۆ قوتابییەکان دەکاتەوە، ئنجا وەڵامی پرسیاری قوتابییەکان دەداتەوەو چالاکییە دیاریکراوەکە شی دەکاتەوە. دوای ئەوەی مامۆستا بڕیار دەدات چالاکییەکە بکاتە گروپکاری، یان تاککاری، دوای یەکلابوونەوە چاودێری قوتابییەکان دەکات و زانیاری پێویست لەسەر شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ کەرەستەکان بە قوتابییەکان دەدات. لێرەدا چاودێری کردنی مامۆستا ڕۆڵێکی گەورە بە وانەکە دەبەخشێت و قوتابییەکانیش هەست بەوە دەکەن، کە کەسێک چاودێریان دەکات و دواتر ڕێنمایی و بایەخیان پێدەدات. قوتابی لەو تەمەنەدا هەمیشە بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارانەوەیە، کە لە مێشک و هزریدا کەڵەکە بوون و بەدوای زانیاری زۆرتردا دەگەڕێت، جا ئەو وەڵامانەشی دەوێت، کە خۆی پەروەشییەتی و زانیارییەکانی پێ دەوڵەمەند دەکات.

### سوودەکانی ئەم وانەیە:

١. بەشێوەیەکی هونەریانە فێری بڕین و پارچە پارچەکردن دەبێت.
٢. فێری مامەڵەکردن لەگەڵ کەرەستە جیاوازەکان دەبێت.
٣. توانای هاوڕێگرتن و گفتوگۆکردنی پێشدەکەوێت.
٤. ڕێز لە دەوروبەری دەگرێت و نابێتە هۆی هەراسانکاری.
٥. لەکاتی کارکردندا هێمن و ئارامنشین دەبێت و ددان بەخۆیدا دەگرێت.
٦. گەشەی ماسوولکە بچووک و گەورەکانی هاوسەنگ دەبن.
٧. گەشەی دیتن و دەستەکانی دەچنە قۆناخێکی تری پەرەسەندنەوە.
٨. ڕێز لەکاری هونەری دەگرێت و بە بەهاوە لێیان دەڕوانێت.
٩. لە یەک کاتدا فێری کاری گڵێنەکاری و قوڕکاری و پەیکەرسازی دەبێت، ئەگەر فێریشیان نەبێت بیرۆکەی کارەکەی لا نامۆ نابێت.
١٠. ئاستی خۆڕێکخەری لە باشەوە بۆ باشترین بەرز دەبێتەوە.
١١. هەوڵدەدات کەرەستەی جێگرەوە بدۆزێتەوە لە بری کەرەستەی سەرەکی، کەواتە ئاستی داهێنان و خەیاڵکاری باشتر دەبێت.
١٢. توانای خەیاڵکردن و تێبینی کردن و توانای سەرنجدان و تێڕامانی باشتر دەبێت.

## چالاکی یەکەم:

**کەرەستەی بەکارهاتوو:** هەویری ڕەنگاوڕەنگ، شێوەی بەرجەستە، کارتۆن، بەرد.





**بیـــــــــرۆکە:** دروســــــتکردنی جەنـــــــگەڵ. مامۆســـــــتا قوتابییەکـــان ئاڕاســـتە دەکـــات، تـــا بە هەویرە سەوزەکە زەوییەکی ڕووپۆشی سەوز دروست بکەن و بەرزی و نزمی تێدابێت، وەک بەردەڵان و چاڵ و گرد، لە هەمانکاتیشـــدا بە هەویـــری ڕەنـــگ قـاوەیی تەڵاشـه بەردەکـان بنەخشـێنن، ئنجا دارە بەرجەستەکان بچەقێنن، تا شـێوەکە زیاتر لە ڕاستی بچێت، لە کۆتاییشـدا ئـاژەڵە دیاریکراوەکان دابنێن (قوتـابییەکە ئـارەزووی چ ئاژەڵێک بکات کێشە نییە، گرنگ ئەوەیە ئاژەڵێکی بەردەستەی هەبێت لە ماڵەوە).



## چالاکی دووەم:

**کەرەستەی بەکارهاتوو:** هەویری ڕەنگاوڕەنگ، میکانۆ.



**بیـرۆکە:** دروسـتکردنی ئەژدیها. گرنگـی ئەم بیـرۆکەیە لەوەدایە قوتـابی دەتوانێـت هەرپـارچە میکانۆیەک، یـان پارچە یارییەک، کە لەمـاڵەوە هەیبێـت دەتوانێـت تێکەڵـی ئەم بیـرۆکەیەی بکـات، بەوەش دەتوانرێت خەیاڵی قوتابی فرەوان بکرێت و بیری بۆ زۆرشتی تری داهێنەرانە بچێت، کە لەمەوپـێش بە خەیاڵیـدا نەهـاتووە. هەمیشـە منـداڵ لە مـاڵەوە خـاوەنی چەنـدین شـمەکی یاریکردنەو دەتوانێت بۆ ئەم چالاکییە هونەرییە سوودیان لێوەربگرێت.



## چالاکی سێیەم:

**کەرەستەی بەکارهاتوو:** هەویری ڕەنگاوڕەنگ، قۆپچە، ئەستێرە، چیلکە، قاڵبی ئامادەی کێک، بریسکە، نوقڵ.





**بیرۆکە:** دروستکردنی کێکی جوانکاری. مەبەست لەو چالاکییە قوتابی ڕادەهێنێت بە ئاسانترین شێوە بابەتێکی جوانکاری لە ماوەیەکی کورتدا دروست بکات. سەرەتا مامۆستا قوتابییەکان سەرپشک دەکات لە هەڵبژاردنی ڕەنگێک و دواتر لەشێوەی کێک تۆپەڵی دەکەن و لەناو قاڵبە ئامادەکەدا جێگیری دەکەن، ئنجا بە مورو، یان قۆپچە، یان هەرشتێک قوتابییەکان ئارزووی بکەن سەرپۆشەکەی دەڕازێننەوە، وەک لە وێنەکەدا دیارە. لە کۆتاییدا مامۆستا بوار بۆ گفتوگۆی قوتابییەکان دەڕەخسێنێت.

## چالاکی چوارەم:

**کەرەستەی بەکارهاتوو:** هەویری ڕەنگاوڕەنگ، شێوەی جۆراوجۆر، قاڵبی ناوبۆش.






**بیرۆکە:** دروستکردنی شێوەی ڕووبەرز و چاڵکەوتوو. مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات پارچە هەویرێک هاوشێوەی نان پان بکەنەوە، دواتر یەکێک لە شێوە بەرجەستەکان هەڵبگرن و بەهۆی فشارەوە لەسەر هەویرەکەی دابنێن، وەک لە وێنەی یەکەمدا دەبینرت و شێوەیەکی چاڵکەوتوو پیشان دەدات. لە بەشێکی تردا مامۆستا داوا لە قوتابییەکان دەکات هەویرێکی تر پان بکەنەوە، بەڵام ئەمجارە قاڵبە ناوبۆشەکە بە فشار بخەنە سەر هەویرەکەو دەبینرێت هاوشێوەی قاڵبەکە شێوەیەک بڕدراوەو دەرچووە، وەک قاڵبەکانی وێنەی ژمارە دوو، بەم شێوەیەش دەڵێن شێوەی ڕووبەرز. قوتابی دوو دەستەواژە فێردەبێت: شێوەی ڕووبەرز و چاڵکەوتوو.



## ئەرکی ماڵەوە

لەم ئەرکەدا مامۆستا زانیاری تەواو لەسەر چالاکییەکە بۆ قوتابییەکان ڕووندەکاتەوە، تا لە ماڵەوە لەکاتی پێویستدا کاری تێدابکەن، ئەویش بیرۆکەی دروستکردنی قەلەباچکەیەکی ڕەنگاوڕەنگە، بۆ ئەم چالاکییە قوتابی پێویستی بە تێل، هەویری ڕەنگاوڕەنگ، پەڕەمووچ دەبێت، دواتی تێلەکە، وەک ئەوەی لە وێنەکەدا دیارە دەچەمێنێتەوە، ئنجا دوو تۆپەڵە هەویر بۆ لاقەکانی دادەنێت و تۆپەڵە هەویرێکی تریش بۆ بەدەنی دروست دەکات، دواتر دەم و




چاوەکانی پێوە دەنووسێنێت و لە کۆتاییشدا پەڕەمووچەکان بۆ کلک و تەپڵەسەری زیاد دەکات.

## سوودەکانی ئەرکی ماڵەوە:

١. قوتابی فێردەبێت سوود لە کاتی بێکاری وەربگرێت و بیقۆزێتەوە بۆ بەرهەمهێنانی شتێکی جوان و بەکەڵک.

٢. قوتابی لەسەر کاری هونەری ڕادێت و هەوڵدەدات بەدوای کەرەستەو شمەکی جۆراوجۆردا بگەڕێت و دووبارە لەکاری هونەریدا بەکاریان بهێنێتەوە.

٣. ئاستی خەیاڵبازی پێشدەکەوێت و توانای تێبینی کردن و سەرنجدانی بەهێز دەبێت.

٤. گەشەی ئەقڵی و لەشەکی دەست بە گۆڕانکاری دەکەن، تا ڕاهێزانی زیاتر ئەنجام بدات، بەرهەمەکانی جوانتر و باشترو پوختەتر دەردەکەون.

# فەرهەنگۆک

| ئینگلیزی | عەرەبی | کوردی |
|---|---|---|
| Stability | إستقرار | ئارامگرتن، ئۆقرەگرتن، تویێتکەگرتن |
| Liberty | الحرية | ئازادی |
| Level | مستوى | ئاست |
| Simplification | تبسيط | ئاسانکردن |
| Familiar | مألوف | ئاسایی، باو، ئاشنا |
| Attention | الانتباه | ئاگاداری، وریاکردنەوە |
| Moral | أخلاق | ئاکار |
| Instrument | آلة، أداة | ئامێر، ئامراز، کەرەستە |
| Readiness | الاستعداد | ئامادەیی |
| Preface | تمهيد | ئامادەکردن، ئاسانکردن، پێشەکی |
| Preliminary | تمهيدي | ئامادەکاری، ئامادەیی |
| Thickness | ثخانة | ئەستوری، سەختی، دژوار |
| Attitudes | الاتجاهات | ئاڕاستەکان |
| Tendency | ميل، أسلوب | ئارەزوو، حەز، مەبەست |
| Prism | المنشور (نشور زجاجي) | ئاوێزە |
| Consciousness | الوعي | ئاگامەندی |
| Experience | اختبار، تجربة، خبرة | ئەزموون (تاقیکردنەوە) |
| Experimental | اختباري، تجريبي | ئەزموونگەری |
| Result | نتيجة | ئەنجام |
| Imagination | التخيل، تصور | ئەندێشەکردن، خەیاڵکردن |
| ،Envy Jealousy | حسد، غيرة | ئێرەیی، ئیرەیی، چکۆسی، کندۆسی، حەسوودی |
| Handdicraft | أعمال يدوية | ئیشی دەست، کاردەستی |
| Conventional | تقليدي | باو |
| Valuable | قيم | بایەخدار، بەنرخ |
| Promotion | ترويج، تعزيز | برەوپیدان، پێشخستن |
| Generalization | التعميم | بڵاوکراوە (گشتاندن) |
| Basis, Basics | اساس، عنصر اساسي | بنەڕەت، بنچینە |

| | | |
|---|---|---|
| Basics of Design, Principies of Design | أسس التصميم | بنەماکانی نەخشەسازی |
| Self conscious | واع ذاته، الوعي الذاتي | بەخۆزان |
| Self consistent | متاوق الاجزاء، منسجم مع ذاته | بەخۆگونجاو |
| Self approbation | الاستغراق في الذات | بەخۆوەگلان |
| Self indulged | منغمس في الذات، الانغماس الذاتي | بەخۆوەگلاو |
| Comparison | مقارنة | بەراورد، بەراوردکردن، بەراوردکاری |
| Visible | قابل للرؤية | بەربین (بەرچاو) |
| Response | استجابة، الاستجابة | بەرتەک |
| Voluntary Reaction | الاستجابة الارادية | بەرتەکی خوازەکی |
| Seek | التماس | بەرکەوتن، گەڕان |
| Perception | المدرک الحسي | بەرهەست |
| Manager | مدير | بەڕێوەبەر |
| Inference, deduction | أستدلال | بەڵگەهێنانەوە، ئەرەنجام |
| Induction | الاستقراء، تجنيد، احداث، تقليد، تخليد | بەڵگەهێنانەوەی مادی |
| A paragraph | فقرة | بەند، بڕگە |
| Intuition | الحدس | بەهرە |
| Creative | خلاق | بەهرەدار |
| Acquired | المكتسب | بەهرەگیر |
| Field | مجال | بوار |
| Learning field | مجال التعليم | بواری فێربوون |
| Inheritance | وراثة | بۆماوەیی، ڕەگەما |
| Poster color | أصباغ البوستر | بۆیەی پۆستەر |
| Gouache color | أصباغ الجواش | بۆیەی گواش |
| Water color | أصباغ المائية | بۆیەی ئاوی |
| Acrylic color | أصباغ أكريليك | بۆیەی ئەکریلیک |
| Quick Thinking | تفكير السريع | بیرکردنەوەی خێرا |
| Recollection | استذكار، تذكر | بیرهێنانەوە |
| Ideas | أفكار، فكرة | بیرۆکە |

| | | |
|---|---|---|
| Boredom | ملل | بێزار، بێتاقەت، بێ ئومێد |
| Vision | الرؤية | بینگە |
| Optic | البصري | بینەوەر |
| Anxiety | قلق | بێئارامی، پەژارە، بێئۆقرە، دوودڵ |
| Reward | ثواب، مكافأة | پاداشت، خەڵات |
| Prophylaxis | وقاية | پاراستن |
| Blocks | كتل | پارچە، تۆپەڵ |
| Hindsight | الاستبصار الخلفي، الادخار المتأخر | پاشبینی |
| Background | خلفية | پاشخان، پاشینە |
| Thrift | ادخار | پاشەکەوتکردن، زۆرکردن |
| Motive | الدافع | پاڵنەر |
| Space | مساحة، الفضاء، مسافة | پانتایی |
| Reinforcement | تعزيز، تقوية، تعزز، تعمق | پتەوکردن، بەهێزکردن، ڕاهێزان |
| Dynamic | حركي، ديناميكي | پڕجووڵە، جووڵە (بزێو) |
| Dynamic character | شخصية الديناميكية | پڕجووڵە، کەسییەتی پڕجووڵە، جرپن |
| Forget it | فزولي | پرسن، کونچکاو (لەبیری بکە) |
| Project | مشروع | پرۆژە |
| Program | برنامج | پرۆگرام، بەرنامە |
| Educational programs | برنامج تعليمية | پرۆگرامی فێرکاری |
| Plan, policy, outline, schedule, schema | خطة، برنامج، خريطة، هدف، غاية | پلان، نەخشەڕێگە |
| Scheme | مخطط | پلانبۆداڕێژراو |
| Educational Plan | الخطة التعليمية | پلانی فێرکاری |
| Evolution | تطور | پەرەسەندن |
| Education | تربية | پەروەردە |
| Spectrum Colors | الوان الطيف | پەلکەزێڕینە |
| An example | مثال | پەند، نموونە |

| | | |
|---|---|---|
| Curiosity | حب الاستطلاع | پەیدۆزی (لەدووگەڕان) |
| High Relief | نحت البارز | پەیکەری بەرزەڕوو، پەیکەری هەڵتۆقیو |
| Low Pictorial | نحت مبسط | پەیکەری تەختەڕوو |
| Relationship | علاقة، صلة | پەیوەندی |
| Classification | تصنيف | پۆلێنکردن |
| Depict | وصف | پیاهەڵدان، باسکردن |
| Collapse | طي | پێچانەوە، قەدکردن، لولدان |
| Winding | متعرج | پێچاوپێچ، بەرزونزم |
| Prophecy, forecast | تنبؤ، تكهن | پێشبینی، نوقلانە |
| Artisan | حرفي، صنائعي | پیشەگەر |
| Identical | مطابق | پێکچوو |
| Structure | بنية | پێکهاتە |
| Elements of abstraction | عناصر التجريد | پێکهاتە ڕووتەڵەکییەکان |
| Artistic elements | عناصر الفنية | پێکهاتە هونەرییەکان |
| Structure | تركيب، بنية | پێکهاتە، پێکهاتەی هونەری، بنەمای هونەری |
| Design Elements | عناصر التصميم | پێکهاتەکانی نەخشەسازی |
| Rebuilding | ترميم | پینەکاری، دەستپێداهێنان |
| Measure | قياس | پێوانە |
| Criterion | معيار، محك | پێوەر |
| Need for knowledge | الحاجة الى المعرفة | پێویستی زانیاری، زانستخوازی |
| Biological need, Biochemstry | الحاجات البايولوجية أو الحيوية | پێویستیە بیۆلۆجییەکان، زیندەکی |
| Educational board | لوحة تعليمية | تابلۆی فێرکاری |
| Low Relief | نحت نافر | تاشینی دیار (پەیکەری ڕووبەرز) |
| Experiment | تجربة | تاقیکردنەوە، ئەزموونکردن |
| Acceleration | تسارع | تاودان |
| Edgy | منفعل | تاوگیر |
| Emotion | إنفعال | تاوگیری(هەڵچوون بۆ ئەم |

| | | |
|---|---|---|
| | | دەستەواژەیە بەکارنایەت، چونکە مرۆڤ هەڵناچێت، بەڵکو تاوێک گیردەبێت) |
| Emotions | إنفعالات | تاوگیرییەکان |
| Privacy | خصوصية | تایبەتمەندی |
| Fear | خوف | ترس |
| Flat | منبسط | تەخت |
| Translation | ترجمة | تەرجومە (وەرگێڕان) |
| Architecture | العمارة، هندسة معمارية. فن معماري، أسلوب بناء | تەلار، ئەندازیاری تەلارسازی، هونەری تەلارسازی، شێوازی تەلارسازی |
| Formation | تكوين، تشكيل، بنية | تەواوکردن |
| Preparation | الاستعدادات، تنظيم، تنسيق | تەیاری، ڕێکخستن، خۆئامادەکردن |
| Ability | قدرة | توانا |
| Adaptability | قابلية التكيف | توانای خۆگونجاندن، توانای ڕاهاتن |
| Visual elements | العناصر البصرية | توخمە بینەوەرییەکان، پێکهاتە بینەوەرییەکان |
| Anger | غضب | توڕەیی |
| Anatomy | تشريح | توێکاری |
| Notice | الملاحظة | تێبینی |
| Introspection | استبطان، التأمل | تێڕامان |
| Contemplating | التفكير | تێڕامان، لێوردبوونەوە، سەرنجدان |
| Satisfying, Satiation | الاشباع، اشباع | تێربوون |
| Look | تمعن | تێڕوانین، دیقەتدان، تێبینیکردن |
| Irradiation | اشعاع | تیشکدان |
| Rivalry | تناحر | تێکبەربوون |
| Damage | عطب | تێکچوون |
| Destruction | هدم، تخريب، تدمير | تێکدان، ڕووخاندن |

| | | |
|---|---|---|
| Concord, Accord | تفاهم، وفاق | تێگەیشتن |
| Mix | خلط | تێکەڵاوکردن |
| Dysfunctional system | اختلال النظام | تێکهەڵدایی |
| Scrimmage | مشاجرة | تێکهەڵقژان (تێکهەڵپژان) |
| Comprhension | استيعاب | تێگەیشتن |
| Common understanding, Mutual understanding | الفهم المشترك | تێگەیشتنی هاوبەش |
| Learning theory | نظرية التعلم | تیۆری فێربوون |
| Delinquent | جانح | جرپن، لاسار، سەرکێش |
| Delinquency | الجنوح | جرپنی، لاساری |
| Esthetic, aesthetic | علم الجمال، جمالي | جوانناسی، جوانزانی |
| Discrimination | تمييز | جیاکردنەوە، جیاکاری |
| Individual Differences | الفروق الفردية | جیاوازی تاکایەتی |
| Disparity, inequality, difference, variance, disproportion, Contrast | تفاوت، تباين، فارق، غير متساو | جیاوازی، جودایی، نایەکسان |
| Integration | تكامل | جێبەجێبوون، تەواوبوون |
| Application | تطبيق | جێبەجێکردن |
| Execution | أداء، تنفيذ، إعدام، إنجاز، إجراء، عمل حاسم | جێبەجێکردن، بەجێهێنان |
| World | العالم | جیهان |
| Globalization | العولمة | جیهانگیری |
| Print With a Fingerprint | طباعة بالبصمة | چاپگەری پەنجەمۆر |
| Behaviour therapy | العلاج السلوكي | چارەی ڕەفتاری، چارەکردنی ڕەوشتی |
| Activity | نشاط، فعالية | چالاکی |
| Observation | مراقبة | چاودێری (چاودێریکردنی |

| | | |
|---|---|---|
| | | شتێک) |
| Ream | غصن | چڵ |
| Repression | كبت | چەپاندن، سەرکوتکردن |
| focus, concentration, concentricity, condensation | تكثيف، تكاثف، تركيز، تلخيص، نتاج التلخيص، كتلة مكثفة | چەسپاندن، چەقاندن، دامەزراندن |
| Axial education | تربية محوري | چەقی پەروەردە |
| Concept | مفهوم، فكرة | چەمک، بیرۆکە |
| Square | مربع | چوارگۆشە |
| Taste | ذوق (الذوق الفني) | چێژ (چێژی هونەری) |
| Gustation | الذوق | چێژ، تام |
| Artistic taste | التذوق الفني | چێژی هونەری |
| Desire, Inclination | رغبة، ميل | حەز، ئارەزوو |
| Dot | النقطة | خاڵ |
| Dotting | تنقيطي، تنقيط | خاڵەکوتە |
| Point Faded | نقطة تلاشي | خاڵی ونبوون |
| Abreaction | تفريغ، تنفيس | خاڵیبونەوە، دامرکانەوە، ڕەوینەوە |
| Purity | صفاء | خاوێنی |
| schedule | جدول | خشتە |
| Sad | محزن | خەمگین |
| Depression | الاكتئاب، هبوط | خەمۆکی، دڵتەنگی |
| Dreams | الاحلام | خەون، خەونبینی |
| Fantasia | التخيل | خەیاڵبازی، فەنتازیا |
| Habit | عادة | خوو |
| Self Realization | تحقيق الذات | خۆبەدیهێنان |
| Self assertion | تأكيد الذات | خۆچەسپاندن |
| Self- centeredness (Autocentrism) | التمركز حول الذات | خۆخۆیی |
| Self closing | ذاتي الانغلاق | خۆداخەر |
| Self accusation | انتقاص نت الذات، الاتهام الذاتي | خۆداشکاندن، خۆدانەگومان، خۆتاوانبارکردن |

| | | |
|---|---|---|
| Self reformation | اصلاح الذات | خۆدروستاندن، خۆچاككردن |
| Self expression | التعبير عن الذات | خۆدەربڕین، گوزارشتکردن له خود |
| Inborn | فطري | خۆڕسکی، ڕەچەڵەکی، سروشتی |
| Self discipline | ذاتي الانضباط | خۆڕێکخەر |
| Self abuse | اذلال الذات | خۆشکاندن |
| Joy | فرح | خۆشیی |
| Self acting | ذاتي الفعل، آلي | خۆکار |
| Self action | الفعل الذاتي | خۆکاری |
| Self control | ضبط النفس | خۆگری، دانبەخۆداگرتن |
| Self rising | ذاتي الاخمار، ذاتي قابل للاخمار | خۆگور (وەکو خۆڕسک) |
| Self denial | إنكار الذات | خۆنایاندن، نکۆڵی لەخۆکردن |
| Self abandonment | التخلي عن الذات | خۆنەویستی |
| Self contradictory | مناقض نفسه | خۆهەڵوەشێن |
| Egoism | أنانية | خۆویستی (خۆپەرست) |
| Self | الذاتي | خۆیی |
| Family | الاسرة | خێزان |
| Customs and traditions | العادات و التقاليد | داب و نەریت |
| Isolation | عزل | دابڕان، تەریک کردنەوە، جیاکردنەوە |
| Distribution | توزيع | دابەشکردن |
| Invention | إبداع | داهێنان |
| Inventor | مبدع | داهێنەر |
| Incubation | حضانة | دایەنگە، گۆشگری |
| Innovation, Invention | ابتكار | دروستکردن، دروستکردنێکی داهێنەرانە |
| Creating symbols | خلق الرموز | دروستکردنی هێما |
| ،Mental bygiene | الصحة النفسية | دروستی دەروونی، |

| | | |
|---|---|---|
| Psychological health | | دروستی دەروونایەتی |
| Long | طويل | درێژ |
| contradiction | تناقض | دژبەیەک |
| Volunteer | تطوع | دڵخواز، دڵخوازانه (خۆبەخش) |
| Stupid (Moron) | الغبي (المأنون) الغباوة (المورونية) | دەبەنگ، لاژک، کەودەن، گەوج |
| Expression | تعبير | دەربڕین، گوزارشت |
| Expressionism | التعبيرية | دەربڕینخوازی |
| Projection | الاسقاط | دەرپۆقین، چوکڵە، دەرپەڕین |
| Insight | الاستبصار | دەروونبینی |
| Inner self | ناشيءفي باطن الذات | دەروونزا |
| Psyche | نفس، روح | دەروون، گیان |
| Conclusion | استنتاج | دەرئەنجام |
| Handmade | يدوي | دەستکرد (بەدەست دروستکراوە) |
| Artificial | اصطناعي | دەستکرد، دروستکراو |
| body | هيئة | دەستە |
| Fanaticism | التعصب | دەمارگیری |
| Enrichment | إثراء، خصوبة، سعة، أناقة، ترف | دەوڵەمەندی |
| Mental retardation | التأخر العقلي | دواکەوتنی هۆشەکی |
| Repeatability | التكرار | دووبارەبوونەوە |
| Situation | حالة، وضع، موقف، حال، ظرف، مركز | دۆخ، بار، چۆنییەتی |
| Development | استنباط | دۆزینەوە، داهێنان، هەڵێنجان |
| Phenomenon | ظاهرة | دیاردە |
| Formalism | صوري | دیتەنی، وێنەیی |
| Learning debate | مناقشة التعلم | دیمانەی فێربوون |
| Sight | منظر | دیمەن |

| | | |
|---|---|---|
| Oscillation | تأرجح، تذبذب | ڕاڕا، دوودڵ |
| Ornament | زخرفة | ڕازاندنەوە |
| Adornment | زخرفة | ڕازاندنەوە (ڕازاندنەوەی بنمیچ) |
| Ornamentation | تزيين، تزين (مصدر زينة) | ڕازاندنەوە (شتێک بڕازێنینەوە) |
| Lavish | زخرفة | ڕازاندنەوە، نەخشاندن |
| Reality | حقيقة، واقع | ڕاستی |
| Real | حقيقي، واقعي | ڕاستییەکی، ڕاستێتی |
| Analysis, Explanation | تحليل، تفسير | ڕاڤە، ڕاڤەکردنی بابەتێک |
| Stretch | تمطط، تمتد | ڕاکێشان، درێژبووەوە، کشان |
| Communication | اتصال | ڕاگەیشتن، پەیوەندیگرتن |
| Habituation | التعود | ڕاهاتن (گونجاندن، سازاندن) |
| Strengthening | تقوية | ڕاهێزان |
| Training | تدريب، تدرب، تمرين | ڕاهێنان |
| Yarn and textile | غزل و النسيج | ڕستن و چنین |
| Integration | تكامل | ڕەخسكان، تەواوکاری |
| Critic | ناقد | ڕەخنەگر |
| Art critic | الناقد الفني | ڕەخنەگری هونەری |
| Behaviour | سلوك | ڕەفتار، ڕەوشت، کردار |
| Diffuse Behaviour | السلوك المشتت | ڕەفتاربڵاو، ڕەفتاری پەرشوبڵاو، ڕەوشتی پەرتوبڵاو |
| Behaviorism | السلوكية | ڕەفتارییەتی، ڕەوشتایەتی |
| Sex | الجنس | ڕەگەز، نەژاد |
| Instinct | غريزة | ڕەمەک |
| Daltonism Achromatism | عمى الالوان، عمى الالوان العام | ڕەنگ کوێری |
| Paint, color | لون، صبغ، طلاء | ڕەنگ، بۆیە |
| Dyer | صباغ، صابغ | ڕەنگکار |

| | | |
|---|---|---|
| Colouring, coloring | تلوين بشكل فني | ڕەنگکردن بەشێوەی هونەری |
| Cool color | الالوان الباردة | ڕەنگە ساردەکان |
| Primary color | الالوان الاولية | ڕەنگە سەرەتاییەکان |
| Warm color | الالوان الحارة | ڕەنگە گەرمەکان |
| Pastel color | لون الباستل | ڕەنگی پاستیل |
| Tempra color | الوان تمبرا | ڕەنگی تێمپرا |
| Oil color | اللون الزيتي | ڕەنگی ڕۆنی |
| Glass color | لون الزجاج | ڕەنگی شوشە |
| Fresco color | ألوان الفريسكو، ألوان في الهواء الطلق | ڕەنگی فریسکۆ |
| Dyeing | خضاب، صبغ | ڕەنگی کردن، ڕەنگکار |
| Gouache color | ألوان الغواش | ڕەنگی گواش |
| Water color | الالوان المائية | ڕەنگی ئاوی |
| Acrylic color | لون الاكريليک | ڕەنگی ئەکریلیک |
| Course of development | سير النمو | ڕەهەندی فراژووتن |
| Perspective | منظور | ڕوانگە |
| Artistic Vision, Technical vision | الرؤية الفنية | ڕوانگەی هونەری |
| Abstract | تجريد | ڕوتەڵەک (ڕوتکراوە، داماڵدراو لە وێنە، داماڵدراو لە شێوە) |
| Frustration | احباط (خيبة) | ڕوخاندن، سەرنەکەوتن |
| Lot, Platform | مسطح | ڕووتەخت |
| Feel | ملمس | ڕووگە |
| Optical Contactor | الملامس البصرية | ڕووگە بینەوەرییەکان |
| Method | طريقة | ڕێباز، ڕێگە |
| Rhythm | إقاع | ڕیتم |
| Irregular Rhythm | إقاع غير منتظم (غير رتيب) | ڕیتمی ڕێکنەخراو |
| Sequence | تسلسل | ڕیزکردن، زنجیرە |
| Attribution | نسب | ڕێژە |
| Rule | قاعدة | ڕێسا، یاسا |

| | | |
|---|---|---|
| Arrangement | ترتيب، تنظيم | ڕێکخستن، سازکردن |
| Regulator | منظم | ڕێکخەر، |
| Labial/ Orally | شفوي | زارەکی |
| Kindergarten | روضة الاطفال | زارۆخانە، باخچەی منداڵان.<br>زارۆک: بەکرمانجی یاتی منداڵ.<br>خانە: بەهەورامی یانی ئەو شوێنەی لێی کۆدەبنەوە، یان خانو. زارۆخانە، کتومت لەبری وشە ئینگلیزییەکە دانراوە. |
| Cognition | معرفة | زانیاری، زانیار |
| Kataphasia | التهتهة، ثقل اللسان | زمانگرتن، لاڵ، زمان پەڵتی |
| Linguistics | علم اللغة | زمانەوانی، زمانناسی |
| Compelling | اجبار، قهر | زۆرلێکردن |
| Intelligence | ذكاء | زیرەکی |
| Androgyny, Effeminacy | تخنث | ژنانی، نەمێریی |
| Culture | ثقافة، الحضارة | ژیاری، شارستانیەت |
| Environment | البيئة | ژینگە |
| Simplicity | بساطة | سادەبوونەوە |
| Adaptation | التكيف | سازان، ڕاهاتن (خۆگونجاندن) |
| Nature | طبيعة | سروشت |
| Naturalism | المذهب الطبيعي | سروشتگەرایی |
| Passional nature | الطبيعة الانفعالية | سروشتی تاوگیر |
| Inspiration | الهام | سرووش |
| Confidence limits | حدود الثقة | سنوری متمانە |
| Resources | مصادر | سەرچاوە |
| Springs | منابع | سەرچاوە، سەرچاوەکان |
| Brawler | مشاكس | سەرکێش |
| Contemplation | تأمل | سەرنجدان، تێڕامان، لێوردبوونەوە |

| | | |
|---|---|---|
| Attractive | جذاب | سەرنجڕاکێش |
| Quotient | الحاصل | سەرئەنجام، ئەنجام |
| Triangle | مثلث | سێگۆشە |
| Expert | خبير، صاحب خبرة | شارەزا، بەئەزموون |
| Skill, expertise, experiences | مهارة، خبرة، ممارسة | شارەزایی، کارامەیە، لێزانی |
| Comb | مشط | شانە، شە |
| Agitation, disturbance | إضطراب | شڵەژان، ناڕێکی |
| Spectrum | طيف | شەبەنگ، تارمایی، پلەی ڕەنگی |
| Passion | شغف | شەیدایی، پەرۆش |
| Analysis | تحليل | شیکردنەوە، شرۆڤەکردن |
| Light and Lysiss | تحليل الضوء | شیکردنەوەی ڕەنگ، شیکردنەوەی ڕووناکی |
| Style, method, manner, way, mode, technique | اسلوب، نمط، سلوک، نسق، نوع، وضع | شێواز، شێوە، ڕێگە |
| Direct style | اسلوب مباشر | شێوازی ڕاستەوخۆ |
| Engineering forms | أشكال الهندسية | شێوە ئەندازەییەکان |
| Form, Figure | صورة، شكل | شێوە، دیمەن، وێنە، ڕوخسار |
| Wide | واسع، عريض، شاسع | فراوان |
| Abundant | كثير، الوافر | فرە |
| Diversity | التنوع | فرەجۆری |
| Polychrome | متعدد التلوين | فرەڕەنگ |
| Polychrome, miscellaneous | متنوع، متنوع الالوان | فرەڕەنگ، جۆراوجۆر |
| Frottage | فروتاج | فروتاج |
| Brush | فرشاة، فرشة | فڵچە |
| Porcelain | بورسلين | فەفوری، پۆرسەلین |
| Fantastic | خيالي | فەنتازی، خەیاڵی |
| Learning | تعليم | فێربوون |

| | | |
|---|---|---|
| Festival | مهرجان، احتفال | فێستیڤاڵ، ئاهەنگ گێڕان |
| Size | حجم، مقاس | قەبارە |
| Charming, Revis | رائع | قەشەنگ |
| armor | درع، صفائح معدنية واقية | قەڵغان |
| Pencil | قلم رصاص | قەڵەم ڕەساس |
| Gulp | بلع | قوتدان |
| Pyramid | هرم | قوچەک |
| Graph paper | ورقة الرسم البياني | کاخەزی بەیانی، کاخەزی وێنەی بەیانی، کاخەزی میلیمەتری |
| Good Performance | حسن الاداء | کارباشی (کەسێک کاری باش ئەنجام دەدات) |
| Touching | مؤثر | کارتێکەر |
| Reaction | رد فعل، رجع | کاردانەوە، پەرچەکردار |
| Interaction | تفاعل | کارلێککردن |
| Metal | معدن | کانزا |
| Practicability, procedure, practice | عملية، إجرائات، طريقة، أسلوب | کردار، کرداری، پراکتیکی |
| Practical | عملي | کردارەکی، کردەیی |
| Glue | صمغ | کەتیرە |
| Raw material | مواد خام | کەرەستەی خاو |
| Person | شخص | کەس |
| Personality | الشخصية | کەسایەتی |
| Atmosphere, General mode | وضع، وضع العام | کەش، دۆخ، دۆخی گشتی |
| Utilization | استخدام، استغلال، انتفاع | کەڵکوەرگرتن، بەکارهێنان |
| Superposition | تراكب | کەڵەکەبوون، چونەسەریەک (بۆشێوە ئەندازەییەکان بەکاردێت) |
| Short | قصير | کورت |
| Barrier | حاجز، عقبة | کۆسپ، بەربەست |
| Drilling | حفر | کۆڵین |

| | | |
|---|---|---|
| Society | مجتمع | کۆمەڵ، کۆمەڵگە |
| Formation | تكوين، تشكيل | کۆمەڵەکردن، کەڵەکەکردن |
| Problem | مشكلة | کێشە، گیروگرفت، ئاریشە، گرفت |
| Psychological conflict | الصراع النفسي | کێشەی دەروونی، ململانێی دەروونی |
| Humour, Funny mock | سخرية، سخر | گاڵتە: بابەتێکی هونەری، یان ئەدەبی، کە ببێتە هۆی پێکەنین |
| Winged ox | ثور مجنح | گای باڵدار |
| Convulsion | تشنج | گرژبوون، بارگرژی |
| Muscle tension | توتر عضلي | گرژی ماسوولکەیی |
| Group | مجموعة، فئة | گروپ، کۆمەڵە |
| Psychological node | العقدة النفسية | گرێی دەروونی |
| Bright | لماع، مشرق | گەش، ڕووناک، درەوشاوە |
| Optimism | تفائل | گەشبین، خۆشبینی |
| tour | جولة، سفرة، زيارة | گەشت |
| Professional tour | جولة الفنية | گەشتی هونەری |
| Development | نمو | گەشە |
| Growth | نمو | گەشە، وەرار |
| Developing the ability to criticize | تنمية القدرة على النقد | گەشەپێدانی توانستی ڕەخنەگرتن |
| Motor growth | النمو الحركي | گەشەجووڵە |
| Gallery | جاليري، صالة عرض فني | گەلەری، گالێری |
| Adult | راشد | گەورە، هەراش، پێگەییو |
| Agree | توافق | گونجان، ڕێککەوتن |
| Consistency | التناسق | گونجاندن |
| Color Scheme | نظام الالوان | گونجاندنی ڕەنگی |
| Canvac | خيش | گونییە، گوش، پەرچەمی ڕەشماڵ، قوماشێکی زبر |
| Modulation | تحوير | گۆڕین (گۆڕانکاری لە چینەکانی دەنگدا) |

| | | |
|---|---|---|
| Isolation | منعزل | گۆشەگیر |
| Solitary | منعزل، وحيد، فريد، منفرد | گۆشەگیر، تەنیا، |
| Introversion | انطواء | گۆشەگیر، کەسێک پەنگبەخواتەوە، خۆیدەخواتەوە |
| Social isolation | إنعزال إجتماعي | گۆشەگیری کۆمەڵایەتی |
| Skewness, deviation | إنحراف | لادان |
| Refraction | إنحراف، إنكسار | لادان، شکانەوە |
| Slanted | مائل | لار، خوار، لێژ |
| Aberration | جنوح، إنحراف، ضال، شاذ | لاساری، سەرکێش، ڕێزپەڕ |
| Imitation | تقليد، المحاكات | لاساییکردنەوە، لاساکردنەوە، دەمەلاسکێ، چاولێکەری |
| Profile | جانبي | لاوەکی |
| Biased | منحاز | لایەنگیر |
| Capacity, literacy | الكفائة، القابلية | لەبار، چوستی، توانست، لێهاتوویی |
| Body | جسم | لەش، بەدەن، جەستە |
| Physical | جسدي | لەشەکی، تەنیەتی، جەستەیی |
| Similarity | التماثل | لەیەکچوون، وەکیەکبوون |
| Polished | أملس، صقيل | لوس، ساف |
| Proceedings, procedure, steps | إجرائات، محضر، متابعة، مقاضاة، أحداث، التصرف | لێپرسینەوە، بەدواداچوون |
| Development | تطوير | لێزیادکردن، پەرەپێدان |
| Convergence | التقاء، نقطة التقاء، تجمع | لێکنزیکردنەوە |
| Investigation | إستقصاء | لێکۆڵینەوە، بەشوێنداگەڕان |
| Skilful | بارع، متفنن | لێهاتوو |
| Muscle | عضلة | ماسوولکە |
| Fatigue | التعب، اعياء | ماندووبوون، کۆڵدان، شەکەتبوون |
| Backward child | طفل متخلف | منداڵی دواکەوتوو، بیرکۆڵ |

| | | |
|---|---|---|
| Mongolism (Down Syndrome) | المنغولية (تلازمة داون أو تناذر داون) | مەنگۆلی (داون سیندرۆم) |
| Seal | ختم، علامة، طابع | مۆر (وەک مۆری فەرمی دەوڵەت) |
| Museum | متحف | مۆزەخانە |
| Brain | دماغ | مێشک، دەماغ |
| Unfit | غير مناسب | ناجۆر (نەشیاو) |
| Agnosticism | اللاايرادية | نازانکاری، بێخۆویستن |
| Contradiction | تناقض | ناکۆکی، دژواری |
| Conflict | صراع | ناکۆکی، ململانێ، کێشە |
| Alienation | إغتراب، خلل عقلي، انسلاخ، تغرب، ضياع | نامۆیی، تاران، نامۆیی دەروونی، کەسێکی هۆشرۆیشتووە |
| Inartistic | غير فني، بدون موهبة | ناهونەری، بێهونەری، بێبەهرە |
| Abnormal | شاذ، غير عادي | نائاسایی، نامۆ |
| Price | سعر، ثمن | نرخ، بەها |
| Evaluation, Estimate, Estimation | تقدير، تقييم، التثمين، التخمين | نرخاندن، خەملاندن |
| Assessment | إضفاء، التقويم | نرخاندن، هەڵسەنگاندن |
| Sample | عينة | نموونە |
| Design | تصميم | نەخشەسازی |
| Embroidery | تطريز | نەخشەکاری بە دەرزی و دەزوو، دەزوکاری، دەرزیکاری |
| Deep Engraving | نقش غائر | نەخشی چاڵ (لێگرتن) |
| Skin disease | المرض الجلدي | نەخۆشی پێست |
| Software | البرمجيات (الحاسوب) | نەرمەبەرنامە |
| Mores / Tradition | عرف، عادات | نەریت (داب و نەریت) |
| Dissonant | متنافر | نەشیاو، نالەبار، جیاواز |
| Constant | ثابت، ثبوت | نەگۆڕ، جێگیر، چەسپاو |
| Fillet | زخرفة ناتئة ضيقة | نەخشاندنی تەنک |
| Secret | سر | نهێنی |

| | | |
|---|---|---|
| Trait | سمة | نیشانە، هێما، مۆرک |
| Oil painting | رسم بألوان الزيتي | نیگارکێشانی ڕۆنی |
| Children's drawing | رسوم الاطفال | نیگاری منداڵان، وێنەی منداڵان |
| Belonging | الانتماء | هاتنەڕیز، گەشەکردن، لایەنداری |
| Cooperation | تعاون | هاریکاری، هاوکاری، هەرەوەز |
| Suspense | تشويق | هاندان، لاشیرینکردن |
| Proportionality | تناسب | هاوتایی، هاوڕێژەیی |
| Modern | معاصر | هاوچەرخ، مۆدێرن، نوێ |
| Balance | توازن | هاوسەنگ |
| Poising, Pond | اتزان | هاوسەنگی |
| Synergy | التضافر | هاوکاری، یارمەتی |
| Idea | فكرة، فكر | هزر، بیر، بیرۆکە |
| Teenager | المراهق | هەرزەکار |
| Adolescence | مراهقة | هەرزەکاری، باڵقبوو |
| Feeling | شعور | هەست |
| Unacenesthesia | عدم الاحساس بالذات | هەست بەخۆنەکردن |
| Consciousness | إحساس، حس | هەستکردن |
| Sensation | إحساس | هەستکردن |
| Sensory Perception | الادراک الحسي | هەستکردن |
| Feelings | الاحاسيس | هەستەکان |
| Sense of Accomplishment | الاحساس بالانجاز | هەستی بەجێهێنان |
| Aesthetic sense | الحس الجمالي | هەستی جوانناسی |
| Sensitive "Sensitivity" | حساسية | هەستیاری، هەستەوەری |
| Portfolio | حقيبة | هەگبە |
| Educational bags | الحقائب التعليمية | هەگبەی فێرکاری |
| Chance | فرصة | هەل |
| Relief | بارز، نافر | هەڵتۆقیو، ڕووبەرز (پەیکەری ڕووبەرز) |

| | | |
|---|---|---|
| Cavalletto, Stand | ستاند، حمال | هەڵگری تابلۆ، ستاند، ڕاگر |
| Attitude | موقف، إتجاه | هەڵوێست، ئاڕاستە |
| Clay | صلصال، طين | هەویر، هەویری قوڕکاری |
| Art | الفن | هونەر |
| Artist | فنان | هونەرمەند |
| Fine Arts | الفنون الجميلة | هونەرە جوانەکان |
| Artistic | فني | هونەری |
| Art Printing | الفن الطباعة | هونەری چاپگەری |
| The art is the language of communication | الفن هو لغة التواصل | هونەری ڕاگەیشتن، زمانی هونەری ڕاگەیشتن، هونەر زمانی پەیوەندیکردنە |
| Abstract art | فن تجريدي | هونەری ڕووتەڵەک |
| Graphic arts | فن جرافيك (الفنون التصويرية) | هونەری گرافیگ |
| Modern art | الفن الحديث، الفن المعاصر | هونەری هاوچەرخ |
| Cause | سبب، علة | هۆ |
| Practical Hall | قاعة عملية | هۆڵی فرەمەبەست، هۆڵی کردارەکی، ئەزموونگە |
| Line | خط | هێڵ |
| Drawing | تخطيط | هێڵکاری |
| Lines | خطوط | هێڵەکان |
| Horizontal Line | خط الافقي | هێڵی ستوونی |
| Symbol | رمز | هێما، سیمبول |
| symbolism | رمزية | هێماگەرایی |
| Allegoric, allegorical, Symbolic | رمزي | هێمایی |
| Slow learner | بطيء التعلم | هێواش فێربوون، سست فێربوون |
| Meaning | مدلول | واتا، ناوەرۆک، کرۆک |
| Accuracy | الدقة | وردی، پوختی |
| Excitation | إثارة، الاثارة | وروژاندن |
| Delayed Response | إستجابة مرجأة، | وەڵامدانەوەی دواخراو، |

| | | |
|---|---|---|
| بەرتەکی دواخراو | رد متأخر | |
| ویژدان | وجدان | Conscience |
| وێناکردن، خەیاڵکردن، وێنا، خەیاڵ | خيال، تخيل | Imagingation |
| وێنە | صورة | Image |
| وێنەبیرییەکان | صورة ذهنية، صورة العقلية | Image mental |
| وێنەی بەرجەستەکراوی | التجسيم التصويري الاغاثة التصويرية | Pictorial Relief |
| وێنەی ڕوونکاری | رسوم الايضاحية | Illustration |
| یاریدەدەر | مساعد | Assistant |
| یەکڕەنگی، یەکڕەنگ | أحادية اللون | Monochrome |
| یەکسانبوون، هاوتایی | التناسب | Proportionality |
| یەکەکانی وانە | وحدات الدرس | Lesson units |
| یەکەکانی وانە، وشەکانی وانە | مفردات الدرس | Lesson Vocabulary |
| یەکەی زمان، یەکە، وشە | مفردات | Vocabulary |

## سەرچاوە کوردییەکان


- تاهیر، عبدالستار، قاموسی دەروون ناسی، ئینگلیزی- عەرەبی- کوردی، چ١، چاپخانەی عەلاء ، بەغدا، ١٩٨٥.
- خاڵ، شێخ محەمەد، فەرهەنگی خاڵ، چ٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥.
- عبداللـه، مجید، فەرهەنگی سەرچاوە، عەرەبی-کوردی، چ٢، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی زانیار، سلێمانی، ٢٠١٤
- عەلی، خەلیل، بنەماکانی پەروەردەی هونەر لە زارۆخانەو خوێندنگاکان. چ٢، چاپخانەی تەژنە، سلێمانی، ٢٠١٦
- عەلی، خەلیل، پەروەردەی هونەری لە باخچەی ساوایانەوە تا دوا قۆناغی بنەڕەتی، چ١، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٤

- عمر، محمد، فەرهەنگی مەورید، ئینگلیزی-کوردی، چ٢، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی زانیار، سلێمانی، ٢٠١٣
- مـــحەمەد، مەســـعوود، زاراوەســـازی پێـــوانە، چ٢، دەزگـــای چـــاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ، ٢٠١١
- مستەفا، محمد، فەرهەنگی زاراوەکانی هونەر، ئینگلیزی-کوردی، چ٢، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، هەولێر ٢٠١٢.

## سەرچاوە عەرەبییەکان

- ابو الرب، محمد خليل، التربية الفنية و طرائق تدريسها، ط١، منشورات جامعة القدس المفتوحة، عمان، ١٩٩٦.
- ابو حويج، مروان، المناهج التربوية المعاصرة، القاهرة، ١٩٩٩.
- اسكندر، كمال و غزاوي محمد، مقدمة فى التكنلوجيا التعليمية، مكتبة الفلاح، الكويت، ١٩٩٤.
- البسيوني، محمود، اسس التربية الفنية، عالم الكتب، القاهرة، ١٩٩٣.
- الحيلة، محمد محمود، التربية الفنية و اساليب تدريسها، ط١، دار المسيرة للنشر و التوزيع والطباعة، عمان، ١٩٩٨.
- الحيلة، محمد، تكنلوجيا التعليم بين النظرية والتطبيق، دار المسيرة للنشر والتوزيع و الطباعة، عمان، ٢٠٠٣.
- الخضراء، فادية، تعليم التفكير الابتكارى و النقد، مركز ديبونة للطباعة والنشر، عمان، ٢٠٠٥.
- الخطيب، احمد و آخرون، دليل البحث و التقويم التربوي، دار المستقبل للنشر و التوزيع، عمان، ١٩٨٥.
- الرشيدات، عبدالله و جعيني، المدخل الى التربية والتعليم، دار الشروق، عمان، ١٩٩٤.
- الزغول، عماد، مباديء علم النفس التربوي، دار الكتاب الجامعي، العين، الامارات العربية المتحدة، ٢٠٠٢.
- السعود، خالد محمد، تكنلوجيا ووسائل التعليم و فاعليتها، ط١، مكتبة المجتمع العربى للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٨.

- الشال، محمد النبوي، منهاج و طرائق تدريس التربية الفنية، دار العالم العربي للطباعة، القاهره، ١٩٩٣.
- الشهرى، عبدالله، الاتجاه المعرفي المنظم فى تدريس التربية الفنية، حولية كلية التربية – جامعة الملك سعود، ٢٠٠٧.
- النجيحي، محمد لبيب و محمد منير مرسي، المناهج و الوسائل التعليمية، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة، ١٩٧٧.
- بدران، شبل، الاتجاهات الحديثة فى تربية طفل ما قبل المدرسة، دار المصرية اللبنانية، ٢٠٠٠.
- بياجية، جان، سيكولوجيا الذكاء، عويدات الطباعة والنشر، بيروت، لبنان.
- جروان، فتحي، تعليم التفكير – مفاهيم و تطبيقات، دار الكتاب الجامعي، العين، الامارات العربية المتحدة، ١٩٩٩.
- جودي، محمد، تعليم الفن للاطفال، دار الصفاء للنشر، عمان، ١٩٩٧.
- حسين، عبدالمنعم خيري، القياس و التقويم فى الفن و التربية الفنية، مركز الكتاب الاكاديمي، عمان، ٢٠١١.
- خميس، حمدى. طرق تدريس الفنون لدور المعلمين و المعلمات العامة – المركز العربي للثقافة و العلوم، بيروت، لبنان.
- خميس، حمدي. طرق تدريس الفنون، ط٣، ١٩٩٣
- ديون، جون. الفن خبرة، ت: زكريا ابراهيم، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٦٣.
- ريد، هربرت. الفن اليوم، ت: محمد فتحي و جرجيس عبدة، دار المعارف، مصر، ١٩٨٥.
- ريد، هربرت، التربية عن طريق الفن، ت: عبدالعزيز جاويد، الهيئة المصرية العامه للكتب، القاهرة، ١٩٩٦.
- زكى، لطفي محمد، التربية الفنية المعاصرة، دار المعارف، القاهرة، ١٩٧٠.
- سليم، احمد فؤاد، حدس المرئي و اللامرئي فى الصورة البصرية، قطر، ٢٠٠٦.
- سيد، فتح الباب عبدالحليم، البحث فى الفن و التربية الفنية، ط٢، عالم الكتب، القاهره، ١٩٩٧.

– شربل، موريس، التطور المعرفي عند جان بياجية، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٨٦.
– شوقي، اسماعيل، مدخل الى التربية الفنية، ط٢، دار المعرفة للنشر والتوزيع، زهرة الشرق، القاهرة، ٢٠٠٢.
– عماري، جهاد سليمان و آخرون، التربية الفنية– اصولها، طرائق تدريسها، ط١، عمان، ١٩٩١.
– فراج، عفاف احمد، سيكولوجية التذوق الفني، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة، ١٩٩٩.
– فيشر، ارنست، التربية الفنية، ت: اسعد حليم، ط١، هلا للنشر والتوزيع، الجيزة، مصر، ٢٠٠٢.
– قنديل، يس عبدالرحمن، التدريس و اعداد المعلم، ط٣، دار النشر الدولي، الرياض، ٢٠٠١.
– لونفيلد، فيكتور. طفلك و فنه، ت: سامي جمال و يوسف قطف، مكتبة الاداب، مصر، ١٩٦١.

## سەرچاوە ئینگلیزییەکان

- "Salt Dome in the Zagros Mountains, Iran". NASA Earth Observatory. Retrieved 2006-04-27.(PDF).
- Arheim, Rudolf, Art and Visual Percepttion, Universi, California Press. 1954.
- Bahn, Paul, ed. (2002). The Penguin archaeology guide. London: Penguin Books. ISBN 0-14-051448-1.
- Bahrani, Z. (1998), "Conjuring Mesopotamia: imaginative geography a world past", in Meskell, L., Archaeology under fire: Nationalism, politics and heritage in the Eastern Mediterranean and Middle East, London: Routledge. ISBN 978-0-415-19655-0.
- Bozeman, W,C, Educational Technology: Best Practices from Americans Schools, NJ: Eye on Education. 1996.
- Breasted, James Henry (2003). Ancient Time or a History of the Early World, Part 1. Kessinger Publishing.
- Brian Fagan. Cro-Magnon: How the Ice Age Gave Birth to the First Modern Humans, 2011.

- Clive Finlayson. The Humans Who Went Extinct: Why Neanderthals Died Out and We Survived, ISBN-13: 978-0199239191.
- Delage, Christophe, ed. (2004). The last hunter-gatherers in the Near East. Oxford: British Archaeological Reports 1320. ISBN 978-1-84171-389-2.
- Dimitra Papagianni & Michael A. Morse. The Neanderthals Rediscovered: How Modern Science Is Rewriting Their Story (Revised and Updated Edition), ISBN-13: 978-0500292044.
- Donna Hart; Robert W. Sussman. Man the Hunted. ISBN 0-8133-3936-7.
- Dragoslav Srejovic Europe's First Monumental Sculpture: New Discoveries at Lepenski Vir. (1972) ISBN 0-500-39009-6
- Euthanasia. M. Helping Parents Help their Kids A Clinical guide to six child problem rewired journal. University of Colorado now. 2003.
- Feinberg, Sandra; Kuchner Joan F. and Feldman, Sari: Learning Environments for Young Children. Chicago, American Lebrary Association, 1998.
- Fiona Wait. Complete Books of Art Ideas. USPORNE PUBLISHING.Ltd. 2004.
- Fisher, Bobbi: Joyful Learning in Kinergarten, Revised Edition. New York, Heineman, 1998.
- Foster, Benjamin R.; Polinger Foster, Karen (2009), Civilizations of ancient Iraq, Princeton: Princeton University Press, ISBN 978-0-691-13722-3.
- Ghosh, Pallab. "Cave paintings change ideas about the origin of art". BBC News. Retrieved 8 October 2014
- Gramsch: Das Mesolithikum im Flachland zwischen Elbe und Oder. Veröffentlichungen des Museums für Ur- und Frühgeschichte Potsdam 7. Berlin, 1973.
- Grer. W. Art as a Basic (The Reformation in Art Education) Bloominaton & Phi Kappa Education Foundation. N.D.
- Habu, Junko (2004). Ancient Jomon of Japan. ISBN 978-0-521-77670-7.